# بڵاچەیەک
# درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بڵاچەیەک

# درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم

فەرهاد شاکەلی

ناوی کتێب: بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم
شیعری: فەرهاد شاکەلی
بڵاوکراوەی ئاراس ــ ژمارە: ٩٣٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٧٧ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

بۆ

زەریا، زریان و یار

ئەم گەردوونە بێ خۆشەویستیی ئێوە کەلێنێکی تێ دەکەوێت

# ئەم دیوانە

لە سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبیمدا، ساڵی ١٩٧٣، دیوانی ''پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی''م لە بەغدا بڵاو کردەوە. پێش ئەو دیوانە، ساڵی ١٩٧٠، کۆمەڵێ شیعرم بۆ چاپ ئامادە کردبوو، ناویشم نابوو ''نەء، شەقامەکان بریندارن''، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و نائابووری نەمتوانی بڵاوی بکەمەوە. لە بەهاری ١٩٧٤ەوە تا بەهاری ١٩٧٥ پێشمەرگە بووم. بەشی هەرەزۆری ساڵانی لەوەوپاش لە دەرەوەی وڵات ژیاوم. دوای کۆمەڵەشیعری ''پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی'' شەش دیوانی دیکەم بڵاو کردوونەوە؛ یەکێکیان لە بەیرووت و ئەوانی دیکە لە سوێد چاپ کران. چاپی دووەم و سێیەمی هەندێ لەو دیوانانە لە کوردستان بڵاو کراونەوە.

ئەم دیوانە کۆکراوەی چوار کۆمەڵەشیعری دواییمن:

١- ژێ

٢- نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم

٣- هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز

٤- ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ

حەزم دەکرد هەر هەشت کۆمەڵەشیعرەکانم بکەمە یەک دیوان و هەموویان پێکەوە بڵاو بکەمەوە، بەڵام لەبەر هۆیەکی هونەری و ئێستێتیکی پێم باشتر بوو ئێستا تەنیا چواری دواییینیان بکەمە بەرگێک و چوارەکەی پێشوویش لە دەرفەتێکی دیکەدا لە بەرگێکدا

چاپ بکەم. شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە، کە ١٦٠ شیعرن، لە ڕووی ناوەڕۆک و لە ڕووی فۆرمەوە هاوچەشنی و نزیکییەکی تەواویان هەیە. بەشێکی باشی ئەم شیعرانە بۆ نزیکەی ١٢ زمانی ئەوروپایی و ڕۆژهەڵاتی تەرجەمە کراون و ئێستایش هەندێ تەرجەمەی تازە بەڕێوەن.

لەم چاپەدا نە ناوەڕۆکی شیعرەکانم دەستکاری کردووە و نە زمانەکەیان. تەنانەت زنجیرەی بەشوێن یەکدا هاتنیشم نەگۆڕیوە، کاتی خۆی چۆنم بڵاو کردوونەوە، ئێستایش هەر وەهان. بەڵام لە ڕووی ڕێنووسەوە هەندێ دەستکاریم کردوون.

فەرهاد شاکەلی
سوێد، ستۆکهۆڵمی گەورە، گەڕەکی سۆللەنتونا
دواڕۆژەکانیساڵی ٢٠٠٩

# ''تاریکخانەی زستانی ڕۆح بە پشکۆیەک دادەگیرسێت''

## گەشتێک بەناو بیر و شیعری فەرهاد شاکەلیدا

د. محەمەد کەمال
زانکۆی مالبۆرن، ئاوسترالیا

لەگەڵ پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و نوێخوازیدا شێواز و ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی بە گشتی و هۆنراوە بە تایبەتی، لە ساڵەکانی هەفتاوە گۆڕانی بەسەردا هات. هۆنراوە بێجگە لەو گۆڕانکارییەی بەسەر شێوازەکەیدا هات، ناوەڕۆکی ڕامیاریشی بە خۆوە گرت. ئازادیی مرۆڤی کورد چ لە ڕووی نەتەوایەتییەوە یان چینایەتییەوە بوو بە هەوێنی هۆنراوەی نوێ، کە زۆرجار لەنێو کالا و هێمای دڵداری و خۆشەویستیدا بەرجەستە دەبوو. بێگومان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو داکەوتە بوو مرۆڤی کوردی تێدا دەژیا، کە تاکو ئەمڕۆش بەردەوام ماوەتەوە. ئەم ناوەڕۆکە ڕامیارییەش تەنیا خەسڵەتی هۆنراوەی کوردی نییە. هەموو گەلێکی داگیرکراو لە پرۆسەی ئازادبووندا بەم ئەزموونە ئەدەبییەدا تێدەپەڕێت. هاوکات، ئەم تێگەیشتنەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هۆنراوەی نوێی کوردی خاوەنی ناوەڕۆکێکی دیکە یان ناڕامیاری نییە.

ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەم ڕەنگدانەوەی داکەوتە ڕامیارییەکەیە، وەکو ناوەڕۆکێکی زاڵبوو، کە لەنێو هۆنراوەی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردیدا جێگەیەی داگیر نەکردووە. ئەگەر ئاوڕێک لە

سەردەمی (نالی) بدەینەوە دەبینین جەنگی ناوخۆ لەنێوان میرەکانی بابان و هێنانی لەشکری وڵاتێکی بێگانە بۆ سەر شاری سلێمانی هەر جارە لەلایەن میرێکی نەیارەوە بارودۆخێکی ڕامیاریی نالەباری هێنابووە کایەوە. ئەم بارودۆخەش هۆیەک بووە بۆ ئاوارەبوونی نالی و نەگەڕانەوەی بۆ کوردستان. بەڵام نالی هۆنراوەی ڕامیاریی بەدەگمەن نووسیوە. شاعیری دیکەشمان هەیە خۆیان بەم ناوەڕۆکەوە نەبەستۆتەوە و پەنایان بۆ هزری فەلسەفی بە تایبەتی (عیرفانی) بردووە. بۆنموونە، مەلای جەزیری و مەولەوی و مەحوی لە کلاوڕۆژنەی بیرێکی عیرفانییەوە تەماشای بوونی مرۆڤیان کردووە و ئەو تێگەیشتنەیان کردووە بە هەوێنی هۆنراوەکانیان. مەبەستی مەحوی لە(عەشق) لەم دێڕەدا "دیارم دێری عەشقە جێ بە سووتن بێ لەوێ دەگرم" عەشق و خۆشەویستیی هەرزەکارێک لە ئاستی دڵدارەکەیدا نییە. مەحوی لە عەشقێکی جیاواز دەدوێت، کە لە تەسەووفدا سووتانێکی ئەبەدییە. من لەم عەشق و سووتانەی مەحوییەوە دەمەوێت ڕۆشنایی بخەمە سەر لایەنێکی جیاواز لە ناوەڕۆکی هۆنراوەی نوێی کوردی، کە بێجگە لەوەی جیاوازە هەمان کات یاخیبوونە لە ناوەڕۆکە ڕامیارییە زاڵبووەکە.

ئەم لایەنە ڕاستییەکی جیاوازترمان پێ دەناسێنێت و ڕووناکی دەخاتە سەر بارودۆخێکی جیاوازتری بوونی مرۆڤ، کە گیرۆدەی داکەوتێکی ڕامیاری یان دیاردەیەکی مێژوویی نەبووە، بەڵکو خەمێکی گەورە و ژینەژانیکی قووڵی هۆنراوەی نوێی کوردییە لای فەرهاد شاکەلی بووە بە هەوێن و گیانی هۆنراوەکانی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت فەرهاد شاکەلی خەمخۆری گەلەکەی نییە و ئەو داکەوتە ڕامیارییە نابینێت،

کە کوردی تێدا دەژی. ئەوەی ئەم شاعیرە کردوویەتی بە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی خەمێکی گەورەترە و تێپەڕبوونە لەو داکەوتە، نەک ڕەتدانەوەی. ئەم شاعیرەش، وەکو مەحوی تووشی عەشقێکی لەبننەهاتوو بووە، کە ئاسوودەیی لێ بڕیوە و بەردەوام دەیسووتێنێت. لە خەمی دوورەوڵاتیدا دەژی، بەڵام ئەو وڵاتە لەنێو هیچ نەخشەیەکدا نییە و سنووردار ناکرێت. خەمی ئەو بە تەنیا بۆ مرۆڤی کورد نییە، بەڵکو بۆ دابڕانی هەموو مرۆڤایەتییە لە ڕاستیی بوون.

فەرهاد شاکەلی بە زمانی شیعر ناوەڕۆکێکی فەلسەفیمان بۆ دەردەبڕێت. بەڵام ئایا ئەو ڕاستییە چییە شاعیر دەیەوێت دەریبڕێت؟ ئەو ئاگرە چییە بەربۆتە ئەم گیانە نەسرەوتووە و دەیسووتێنێت؟ ناوەڕۆکی فەلسەفییانەی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە پەیوەندییان بەو ڕێگەی (تەسەووف)ـەوە هەیە، کە لە هۆنراوەکانیدا بەرجەستە بووە. وەک دەزانین تەسەووف ڕەهەندی ڕۆحانیی ئایینی ئیسلامە. بیروڕای فرەجۆریش لەسەر واتای ئەم وشەیە و بنەڕەتی ڕێگەکە هەن. هەندێک لە زانایان لەو باوەڕەدان وشەی تەسەووف لە وشەی (الصوف)ەوە هاتووە، کە بەزمانی عەرەبی واتای (خوری) دەبەخشێت. گوایە شوێنکەوتووانی ڕێگەی تەسەووف جلوبەرگی خورییان لە بەر کردووە. قوشەیری لەو باوەڕەدایە تەسەووف لە وشەی (الصفا)، واتە پاکییەوە وەرگیراوە و دواییش دەڵێت لەوانەیە پەیوەندیی بە وشەی (الصف)ەوە هەبێت، چونکە سۆفییەکان لە پەیوەندییان لە گەڵ خوادا لە ڕیزی پێشەوەن. بەڵام ڕێزمانی عەرەبی ڕێگە نادات وشەی تەسەووف لە (الصف)ەوە دەربهێنرێت.[1] هوجویری زانایەکی دیکەی موسوڵمانە لەسەر تەسەووفی نووسیوە، لەو باوەڕەدایە تەسەووف لە وشەی

سەکۆی مزگەوتی پێغەمبەر لە شاری مەدینەوە وەرگیراوە.[٢] لە سەردەمی پێغەمبەردا دوای نوێژی شەو چەند موسوڵمانێک، وەکو سەلمانی فارسی و ئەبو زەڕی غەفاری، ماونەتەوە و لەسەر سەکۆی مزگەوتەکە تاکو درەنگێک نوێژیان کردووە. ئەم موسوڵمانانە زاهیدانە ژیاون و بایەخیان بە سامان و خۆشیی ئەم دنیایە نەداوە. هەروەها هوجویری لەگەڵ قوشەیریدا لەسەر ئەو خاڵە هاوڕایە، کە دەڵێت تەسەووف لە وشەی (الصفا)وە وەرگیراوە چونکە سۆفی دەیەوێت گیانی خۆی لە هەموو گوناهێک پاک بکاتەوە و ڕوو لە خوا بکات.

لە ئاستی پێناسەکردنی تەسەووفیشدا تووشی کێشە دەبین. دژوارە یەک پێناسەی هەمەکیی بۆ دەستنیشان بکەین. دەتوانم بڵێم ژمارەی پێناسەکردنی تەسەووف بە قەد ژمارەی سۆفییەکانە. بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لەگەڵ ئەم ڕێگەیەدا ئاشنا بێت ئاماژە بۆ چەند پێناسەیەک دەکەم، کە ناوەڕۆکی تەسەووف ئاشکرا دەردەخەن. ئەبو یەعقووبی مەزابیلی لە پێناسەکردنی تەسەووفدا دەڵێت: ''تەسەووف بارودۆخێکە هەموو شتێکی مرۆڤانەی لەنێودا ون دەبێت و نامێنێت.'' ئەبو عەلی روزباری دەڵێت: ''تەسەووف پاکیی نزیکبوونەوە و گەندەڵیی دوورکەوتنەوەیە لە خوا.'' هەروەها هوجویری دەڵێت: ''سۆفی ئەو کەسەیە بە عەشقی خودا پاک بۆتەوە و لەنێو (ئەو)دا تواوەتەوە.''[٣] بەتێکڕا ئەم پێناسانە دەیانەوێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، کە ئامانجی تەسەووف نزیکبوونەوە لە خوا یان توانەوەیە لە بوونی ئەودا. لێرەدا، من (نزیکبوونەوە) و(توانەوە) بە دوو ئامانجی جیاواز بۆ تەسەووف دەستنیشان دەکەم. هەندێک لە سۆفییەکان شوێن ڕاڕەوی (الفناء فی الله) دەکەون، کە جونەیدی بەغدادی دایمەزراند. ئەمەش

دوا قـــۆناخ (المقـــام) و دوا ئامـــانجی تەســـەووفـــە بۆ هـەندێک لەسـۆفـیـیـەکانـی، وەکو بیـسـتـامـی و حـەللاج و ڕۆمـی. بیسـتـامـی و حـەللاج، بۆ نموونە، بانگەشـەی گەیشتن بەم قـۆناخـە و توانەوە لـەنێو خـوادا یان یەکگرتنیـان کـردووە. بەڵام بە بیـروڕای هـەندێک سـۆفـیی دیکە، بـە تایبـەتی لەگـەڵ هاتنی ئـیـمـام غـەزالی و شـێخ ئەحـمـەدی سەرهـەندی، بیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ خـوادا گۆڕانی بەسـەردا هات و ڕەت کـرایەوە. ئەم دوو زانایە لەو باوەڕەدا بوون خـودی سـۆفی لەگـەڵ خـودی خـوادا یەک ناگـرن و نابن بـە یەک. خـودی خـوا بەرزتـرین و پاکــتــرینـە، یان وەکـــو ســـەرهـەندی دەڵێت، "هو وراء الوراء ثم وراء الوراء."[٤] بۆچوونی جیاوازیش لەسـەر بنەڕەتی تەسەووف دەدۆزینەوە. هەندێک لە زانایانـی ئایینی تەسـەووف بـە نەریتـێکی نا- ئـیـســلامی دادەنێن و بۆ فـەلسـەفـەی ڤێدەنتـای هیندۆسـەکان و ژیانی زاهیدانەی کەشیشـەکانی مـەسیحـایەتیی دەگەڕێننەوە. هەندێک زانا و سـۆفـیی دیکەش تـەسـەووف بە ئیسـلام و هزرەکـانی نێـو قـورئان و سـونـنەتی پێـغـەمـبـەرەوە گـرێ دەدەن. ئـاییـنی ئـیـسـلام دەکـەن بـە سـەرچاوەی تەسـەووفیش، کـە وەکـو ڕێگە (نەک تەریقـەت) لە حـەسـەن بەسرییـەوە (٧٢٨ مـردووە) دەست پێ دەکـات. حـەسـەن بـەسـری بێـجگـە لەوەی بیــریارێکی کــەلامی گــەورە بووە و زۆر زانای مـوسـڵـمـان، وەکـو دامـەزرێنەرانی بزوتنەوەی موعتـەزیلە لە بەسرە لای ئەم خـوێندوویانە، سۆفییش بووە. ئەم زانایە بناخـەی تەسەووفی لەسـەر زەمینەی (ترس) لە خـوا دامەزراندوە. دووەم سـۆفـییش ڕابیعـەی بەسـری (عەدەوی) کە هـاوسـەردەمی حـەسـەن بەسـری بـووە و لە سـاڵی ٧٧٧دا مـردووە. ئەم ژنـە سـۆفـییـە بە پێچـەوانەی حـەسـەن بەسرییـەوە (عەشق)ی کـردووە بە

بناخەی تەسـەووف. لەو کاتەوە عەشق لە تەسەووفدا بووە بە یەکێک لە کـۆڵەکـە و مـەقـامـێکی گـرنگی ئـەم نەریتـە.[٥] پاش ئەمـان جـونەیدی بەغـدادی (٩١٠ مـردووە)، کـە زانایەکی ئایینیی گـەورەش بووە، دوا قـۆنـاخی ئەم عـەشـقـەی بە توانـەوە لە بوونی خـوادا (الفناء فی الله) داناوە. ئەم جـۆرە توانەوە و نەمـانـە هاوکات ژیانەوە و بەردەوامـبوونی هەبوونە. فـەوتانێکە، کـە خـودی سـۆفی بە(مـان) یان مـانەوەیەکی هەمیشەیی دەگەیەنێت. ئەمـەش لەو دڵۆپە بارانە دەچێت، کە دائەکاتە سـەر دەریا و خـۆی بە ئـاوی دەریاکـە دبگەیەنێت. دڵـۆپەکـە ون دەبێت و لە ناو دەچێت، بەڵام هـەمان کات ئەو دڵۆپە لەنێو دەریاکەدایە و لەگەڵیا یەکـی گـرتـووە و نەکـەوتۆتە نێـو گـۆمـی تـاریکـی نـەبوونەوە. خــودی سـۆفـییش بەو (فـەنا)یە خـۆی لە نەمـان دەپارێزێت. لـە نەمـانەوە بەرەو مـان و لە بڕانەوە بەرەو نەبڕانەوە ڕێ دەگـرێتـە بـەر. ئەم کـۆتاییـە لە بوونی سـۆفـیدا مـانەوە و سـەرەتای گـەیشـتنە بـە(مـەعشـووق). لەبەر ئەمـەشـە حـەللاج پێش ئەوەی بیکوژن هـاواری دەکـرد "بمکوژن، مـردنم ژیانە."[٦] بێگومـان، گـەیشـتن بە دوا قـۆنـاخ و (فـەنا) مـردن نییـە و بە مـردنیش مـسـۆگـەر ناکـرێت. ئەگـەر سـۆفـییـەک لە ژیانیـا بە (فـەنا) نەگەیشتبێت، مردنی ئەو لە ڕووداوی مـردنی مرۆڤـە ئاسایـیەکان جیا نابێـتـەوە. مـردنـی حـەللاج لێـرەدا ڕووداو نیـیـە. ئەو پێش مـردنی بە (مـەعشـووقـە) ئەبەدییـەکـەی گـەیشـتـووە، وەکو دڵـۆپی بارانەکە لەگـەڵ دەریاکـــەدا بـووە بـە یەک. لـەبەر ئـەمـــە مـــردن بۆ ئـەو هیـچ واتایـەک نابەخشێت و نییـە. ئەمـەش جیـاوازییەکە لەنێوان ئەهلی شـەریعـەت و ئەهـلی تەریـقـەتدا. سـۆفـیـیـەک چاوەڕوانی مـردن نـیـیـە تاکـو بە مەعشووقـەکەی لەو دنیا بگات. ئەو دەیەوێت لە ئێسـتا درەنگـتر نەبێت

و لەم ژیانەدا بە مەعشووقەکەی بگات. بەرگەی ئەم دووری و دابڕانە ناگرێت.
لە پێشتر ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کرد ئیمام غەزالی و سەرهەندی لەگەڵ بۆچوونی سۆفییەکانی پێشتر و سەردەمەکەیان هاوڕا نەبوون. ناکۆکیی نێوانیان بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە:
یەکەم، سۆفییەکان لە گرتنی ڕێگەکەیاندا بەرەو گەیشتن بە خوا (شەریعەتیان) دەخستە پەراوێزەوە و پەیڕەوییان نەدەکرد. دووەمیش، باوەڕیان بە یەکگرتن لەگەڵ خوادا هەبوو. ئیمام غەزالی و سەرهەندی بە توندی ئەم دوو خاڵەیان خستە ژێر نەشتەری ڕەخنەکارییەوە و ڕەتیان دایەوە. شەریعەتیان بە کۆڵەکەی تەریقەت دانا و لەو باوەڕەدا بوون پەیڕەویکردنی شەریعەت بۆ پاککردنەوەی دەروون نابێت فەرامۆش بکرێت. خودی سۆفی هەرگیز ناگاتە ئەو پلە و مەقامەی لەگەڵ خودی بەرزی خوادا یەک بگرن. بەڵام دەتوانێت نزیکی لە خواوە وە دەست بهێنێت. ئیمام غەزالی پاش ڕەخنەگرتنی لە سۆفییەکان وازی لە تەسەووف نەهێنا. جۆرێک تەسەووفی هێنایە کایەوە، کە ئەمڕۆ بەتەسەووفی نوێ ناوزەد دەکرێت.
بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە، ئایا سۆفییەکان پەیڕەوی شەریعەتیان نەدەکرد؟ لە وەڵامدا ئەوە دەڵێم، کە سۆفییەکانی پێش سەردەمی ئیمام غەزالی و ئەوانەی دوای ئەویش، کە بانگەشەی توانەوەیان لە بوونی خوادا کردووە، لە شێوازێکی جیاوازدا پەیڕەوی شەریعەتیان کردووە. لەو باوەڕەدا بوون یاساکانی ئایین و پەیڕەویکردنیان بەو جۆرەی زانایانی ئایین باسی دەکەن بۆ کەسانێکە لە پلەیەکی بەرزی ڕۆحانیدا نەژین. ئەگینا، چ پێویستە سۆفییەک

ڕۆژی پێنج جار نوێژ بکات لە کاتێکدا ئەو بەردەوام و بەبێ وەستان نوێژ دەکات و بەرماڵ جێ ناهێڵێت؟ چ پێویست دەکات سۆفییەک تەنیا لە مانگێکدا ڕۆژوو بگرێت، لە کاتێکدا ئەو هەموو ساڵەکە بەڕۆژووە؟ ئەمەیە بۆچوونی ئەم سۆفییانە بەرانبەر یاساکانی ئایین.

لەگەڵ سەرهەڵدانی تەریقەتەکانی، وەکو قادری و نەقشبەندی و بەدەوی و مەولەوی و زۆری تریش لە سەدەی دوانزەهەمەوە، تەسەووف لەنێو قەوارەی تاکڕەوی و دوورەپەرێزی لە کۆمەڵەوە گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و ڕامیارییش. کاریگەرێتیی خۆی لە زۆر ناوچەی جیهانی موسوڵماناندا بەسەر کەلتووری ئایینییەوە تۆمارکردووە.

تەسەووف تیڕوانینی گشتگیرانەی بۆ بوون هەیە. لەبەر ئەمەشە هەندێک لە بیریاران ئەم نەریتە بە فەلسەفە لە قەڵەم دەدەن. بە تێکڕا دەتوانین تێڕوانینی گشتگیرانەی تەسەووف بۆ بوون، کە من بە تێڕوانینی مێتافیزیکیانەی دادەنێم، بکەین بە سێ بەشەوە: یەکانەگیی هەبوون، یەکانەگیی بینین و ڕێژەن.

یەکانەگیی هەبوون (وحدە الوجود) لە سەردەمی حەللاجەوە پەیدا بووە. بەلام ئیبن عەرەبی (١١٦٥- ١٢٤٠) توانیی وەکو تێڕوانینێکی مێتافیزیکیی گشتگر بۆ هەبوون دایمەزرێنێت و ئەم سۆفی و بیریارە بە پێشەوای یەکانەگیی هەبوون دادەنرێت. لەم تێڕوانینەدا (هەبوون) تەنیا ڕاستییە و هیچ شتێک لە دەرەوەی هەبووندا نییە. ئەو هەبوونەش خوایە. کە وا بوو، هەموو شتێک بەشێکە لە خوا و هیچ شتێک لە دەرەوەی خوادا نییە. پەیوەندی نێوان خوا و جیهان، وەکو پەیوەندی نێوان (هەموو)ە لەگەڵ بەشەکانیدا. هەمان کات ناتوانین

هیچ بەشێک لەگەڵ (هەموو)ەکەدا یەکسان و هاوتەراز دابنێین. لەم ڕووەوە ڕاستیی هەبوون لەوەدا دەردەکەوێت، کە بێجگە لە خوا باوەڕ بە بوونی هیچ شتێکی دیکە نەکەین و بڵێین (لا موجود الا الله). بێگومان زۆر زانای ئایینی لەو باوەڕەدان ئیبن عەرەبی جیهان بە خوا دادەنیت و لە یەکدییان جیا ناکاتەوە. ئەمەش بۆچوونێکی نالەباری ئایینی و گومرایانەیە. هەمان کات دەبێت بە هاندەر بۆ سۆفی تاکو بەبێ کێشە خۆی بە خوا دابنێت و جیاوازییەکانی نێوان خودی خۆی و خودی خوا لە ناو بەرێت. حەللاج بۆنموونە، لەگەڵ لەناوبردنی جیاوازییەکاندا دەڵێت:

لو انت ام انا من العين فی العين

حاشای حاشا من اثبات الاثنين.(٧)

ئاشکرایە ئیبن عەرەبی خوا بە تاکە ڕاستییەکی ڕەها دادەنێت، لە دەرەوەی ئەودا هیچی تر نابینێت. بەڵام خوا (هەموو)ە و هەرگیز لەگەڵ هەبووەکاندا هاوتەراز دانانرێت.

خوا، یان هەمووی هەبوون لەودیو هەبووەکانەوەیە. خودێکی هەندەکی و بڕاوە نابێت بە خوا، بەڵام ئەو خودە بەشێکە لە خوا و لە خوا جیا نابێتەوە. مرۆڤ خوا نییە، هاوکات لە خواش جیانابێتەوە چونکە هیچ شتێک بەبێ خوا نییە. ئیبن عەرەبی بە تەنیا لەلایەن زانایانی ئاینییەوە بە لادەر دانەنراوە، بەڵکە چەند سۆفییەکیش ڕەخنەیان لە تێڕوانینە مێتافیزیکیەکەی گرتووە. شێخ ئەحمەدی سەرهەندی، زانا و شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بە توندی ڕەخنەی لە ئیبن عەرەبی گرتووە و یەکانەگیی هەبوون ڕەت دەداتەوە.

سەرهەندی لەگەڵ ڕەتدانەوەی تێڕوانینی مێتافیزیکی ئیبن عەرەبیدا

تێـڕوانینێکی نوێی بـه ناوی یەکـانەگـیـی بینـین (وحــده الشـــهـود)ەوە دامـــەزراند. بە بـۆچوونی ســـەرهـەندی ئەو ئـەزمـــوونـە ڕۆحـــانـیـــیـــەی سـۆفـیـیـەک دەیگاتێ و خـۆی لەگـەڵ خـوادا بە یەک شت دادەنێت، لە ڕاسـتـیدا یەککگرتنێکی ئۆنتـۆلۆجـیـیانە نـیـیـە. لەو ئەزمـوونـەدا سـۆفی ڕووناکیی خـوا دەبینێت و لە بەر ئەو ڕووناکییەدا هـەمـوو هـەبووەکـانی دیکەی لە بەرچاو ون دەبن و بێجگە لەو ڕووناکییە چیی دیکە نابینێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هـەموو شـتێک لە بوونی خوادا دەتوێتەوە. ئێمە بە شـەو ئەستێرەکـان دەبینـین، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی خۆردا ون دەبن. بە دەرکەوتنی خـۆر هـەموو ئەسـتێرەکان لەنێو خـۆردا ناتوێنەوە، بەڵکو ڕووناکـیی خـۆر ڕێگـە نادات ئەسـتـێـرەکـان ببـینـین. تاکـو سـەردەمی شـــاوەلـی دەهلـەوی (١٧٠٣– ١٧٦٣) شـــوێنکەوتووانـی تـەریقـــەتـی نەقـشـبـەندی لـە هیند کـەمـتـر بایەخـیـان بە ئـیـبن عـەرەبی و تێـڕوانینە مێتافیزیکییەکەی دەدا.

شـاوەلـی پاش هـەڵسـەنگاندنی هـەردوو تێـڕوانینەکـانی ئیبن عـەرەبی و سـەرهـەندی بەو ئاکامـە گەیشت، کـە ئەوەی ئیبن عەرەبی باسـی دەکات لەوەی سـەرهـەندی جیـاواز نیـیـە. دەتوانرێت هـەردووکیـان تێـهـەڵکێش بکرێن.[٨] یەکانەگیی بینین (وحده الشـهود) لایەنی ئەپسـتـمۆلۆجیی یەکانەگیی هـەبوونە.

تێـڕوانـینی سـێـیـەم، لـەسـەر بیـرۆکـەی ڕێژەن (الـفـیـض) دامـەزراوە. هەندێک لـە فـەیلەسـووفـە مـوسـوڵمـانەکانیش، وەکـو شـوێنکەوتووانی گـروپی (اخــوان الصــفــا) و فـارابـی و ئیبن سـینـا و سـوهرەوەردی پەیڕەوییـان کـردووە. ئەم بیـرۆکـەیە پاش وەرگـێـڕانی پـەرتووکـەکـەی ئەفلوتین (٢٠٥– ٢٧٠) بـە ناوی (ئینیـادس)ەوە بۆ زمـانی عــەرەبی،

لەنێو زانا موسڵمانەکاندا بڵاو بۆوە و جێگەی خۆی کردەوە.[٩] بەڵام پێش ئەم زانایانە جەهم کوڕی سەفوان، زانای کەلام و موعتەزیلی باوەڕی بە بیرۆکەی ڕێژەن (فیض) هەبووە.[١٠]

لەم تێڕوانینە مێتافیزیکییەدا جیهان لە(هیچ)ەوە پەیدا نەبووە، هاوکات بەو جۆرەش هەمیشەیی نییە، کە ئەریستۆ باسی کردوە. بوونی خوا سەرچاوە و کانیاوی جیهانە و جیهان لەو سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاوە یان دەرچووە. دەرچوونیشی دوورکەوتنەوە و دابڕانە لە سەرچاوەکەوە. چەند لە سەرچاوە دوور بکەوێتەوە، ئەوەندەش نامۆ دەبێت و ڕوو لە تاریکی دەکات. لەم پرۆسەیەدا، ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێت بە ڕێگەی ژوورکێشیدا بەرەو سەرچاوە بگەڕێنەوە و ڕوو لە نیشتمانی ڕەسەنیان بکەن، پێویستە ڕێگەی زاهیدی و تەسەووف بگرنە بەر. بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و ژیانی زاهیدی لە فەلسەفەی ئەفلوتیندا جێگەی دیاریکراوی خۆی هەیە. پرۆفر شاگردی ئەفلوتین لەو باوەڕەدا بووە مامۆستاکەی توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە چوار جار لە ژیانیا بەخوا بگات و لەگەڵیا یەک بگرێت.[١١]

لەگەڵ سەرهەڵدانی فێرگە جیاوازەکاندا تەسەووفیش شێوازی جیاوازی وەرگرت. لە سەدەی دوانزەهەمیشدا گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا هات و لەگەڵ دامەزراندنی تەریقەتەکانی، وەکو قادری و نەقشبەندی و بەدەوی و چشتی و هتد...، بوو بە بزوتنەوەیەکی ڕۆحانی و کۆمەڵایەتی و لە هەندێک ناوچەدا ڕۆڵی ڕامیاریشی بینی.

هەروەها، بێجگە لە تێڕوانینە مێتافیزییەکان و سترەکچەرە ڕۆحانی و کۆمەڵایەتییەکە، تەسەووف لەگەڵ خۆیدا ئەپستمەیەکی جیاوازی هێنایە کایەوە، کە دەبێت بە بنەڕەتی زانینی ڕاست بۆ سۆفی. ئەم

جـۆره زانـینـه له ئاکـامی ئەزمـوونـی هەسـتـەکی یان هۆشـەکی سـەر هەڵنادات. هەروەها لەژێر دەستـەڵاتی سۆفیدا نییـه و سۆفی ناتوانێت، بەو جۆرەی هەستەکانی بیەوێت ئەم جۆره زانینه وه دەست بهێنێت. له سـەروو ئەمـەیشـەوه، جـۆره زانینێکه سـەلماندنی به زانست مـەحـاڵە. سۆفی پاش بڕینی مەقامەکان و نزیکبوونەوەی لـه خواوه به (حاڵ) ئەم زانینـه پەیدا دەکـات. خـەڵاتێکه خـوا لـه ئەنجـامی نزیکبـوونەکـەوه به سۆفـیی دەبەخشـێت و سۆفـیش بەو زانینه (کەشف)ی ڕاسـتی دەکات. ژمـارەی مــەقـامـەکـانیش له مـێـژووی تەسـەووفـدا دیاری نەکـراون. قوشـەیری، بۆنموونه، زیاد له بیستوپێنج مەقامی دەستنیشـان کردووه. دوامـەقـامـیش نـزیکبــوونەوه له خـوا، یـان یەککگرتـنه لەگـەڵ ئەودا. له مێژووی تەسـەووفدا چەند سۆفییەک به ئـاشکرا بانگەشـەی گەیشـتن به دوا مـەقـام و یەککگرتن لەگـەڵ خـوادایـان کـردوه. بایەزیدی بیـسـتـامـی و حـــەللاج لەنـێـو (الـشـطـحـــات)ەکـــانـیـــان ئەم یەککگرتـنەیان دەربـڕیوه. دەربڕینەکـەش بۆته هۆی سـەرهـەڵدانی ناکـۆکی و هەڵوێسـتی توندوتیـژ لەلایەن زانایانی ئایینییەوه دژی ئەم سۆفییانه. گوتەکـەی حەللاج (انا الحق) بوو به بـەڵگه دژی حـەلـلاج و زانایانی ئایین لـه شـاری بەغـدا بۆ کـوشــتـنی حـــەلـلاج به کــاریان هێنـا. ئەبو داوود (ابـو داود)، مـــەلای گـەورەی بزوتنەوەی (الظاهرية) له بەغـدا فـەتوای کـوشـتنی حـەللاجی دەرکرد و خـەلیـفەی عـەباسـی (ئەلـموقتـەدر) فەرمـانی کوشـتنی دا.[١٢] حەلـلاج له (الاخبـار)دا به تایبەتی خـەبەری ژماره ٣٦ بەم جـۆره باسـی یەککگرتن لەگـەڵ خــوادا دەکـات و دەڵێت، ''به چاوی دڵ خـوام بینـی و پرسیم تۆ کێیت؟ گوتی: من تۆم.''

لەم سـەرباسـەوه لەبارەی تەسـەووف و چەند لایەنێکی، ئامـاژه بۆ چەند

هۆنراوەیەکی فەرهاد شاکەلی دەکەم، کە مۆرکی تەسەووف و عەشقێکی هەمیشەییان پێوە دیارە. هاوکات مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمک و بیرۆکانەدا دەکەم ئەم شاعیرە لەو هۆنراوانەدا بە کاری هێناون و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە تەسەووفەوە هەیە. من بۆ مەبەستی باسەکەم و ساخکردنەوەی بۆچوونەکەم ئەم هۆنراوانەم گوڵبژێر کردووە، کە وابەستەن بە قوڵبوونەوەی شاعیر لە عەشقەکەیدا و هەستکردن بە دوورکەوتنەوە، یان نزیکبوونەوە لە (مەعشووق) و سووتان لەنێو ئاگری دووری و نزیکیدا.

بەتێکڕا دەتوانم بڵێم، ئەو چەمکانەی فەرهاد شاکەلی لەم جۆرە هۆنراوانەدا بە کاریان دەهێنێت، وەکو چەمکەکانی ڕۆژهەڵات، دەرکەوتن، دڵنیابوون، عەشق، تیشک، سووتان، گەیشتن و فەنا، مەرگ، ئاشنابوون، چاوی دڵ، کانی ڕۆشنایی، سەروەری تیشک، خۆر، کێوی تیشک، پەیکەری تیشک دەمانگەڕێنێنەوە بۆ جۆرێک فەلسەفەی تەسەووف بە ناوی (ئیشراق)، کە شەهاب ئەلدین سوهرەوەردی دایمەزراند. سوهرەوەردی فەیلەسووف و سۆفیی گەورە لە ساڵی ١١٥٣ لە دایک بووە. لەبەر ئەوەی کاریگەرێتیی بەسەر بیرکردنەوەی مەلیک زاهیری کوڕی سەلاحەدین لە حەلەب هەبووە، مەلاکانی حەلەب داوایان لە سەلاحەدین کردووە، کوڕەکەی لەم (زەندیقە) دوور بخاتەوە. سەلاحەدینیش سوهرەوەردیی زیندانی کردووە و دوایی لە زینداندا لەساڵی ١١٩١ کوژراوە. من نامەوێ لەم پێشەکییەدا بە درێژی باسی فەلسەفەی ئیشراق بکەم. ئەوەندە دەڵێم، کە سوهرەوەردی لەژێر کاریگەرێتیی هەندێک لە فەیلەسووفە یۆنانییەکاندا بە تایبەتی هێرمس و ئەفلاتوون، ناوەڕۆک (الجوهر) بە

بنەڕەتی بوون دادەنێت و ئەو ناوەڕۆکەش بە ڕووناکی ناوزەد دەکات. لەو جۆرە سیستەمە میتافیزیکییەدا، کە بە ناوەڕۆکگەرایەتیی دادەنێین، هەموو هەبوویەک بەشێکە لە ڕووناکی یان تیشک، کە لە خواوە (سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەک- نورالانوار)ەوە دەردەچێت. بێجگە لەمە، سوهرەوەردی سوودی لەو ئایەتە قورئانییەش وەرگرتووە "الله نور السموات والارض."[١٣] لە فەلسەفەی ئەفلاتوونیشدا تیشک یان ڕووناکی ڕۆڵێکی گرنگ بۆ ناسینەوەی ڕاستی و دامەزراندنی ڕاستی دەبینێت. ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا لە دوو شوێندا باسی ڕووناکی دەکات: یەکەمجار لە بەشی شەشەمدا و دووەمجاریش لە بەشی حەوتەمدا (لە میتافۆری ئەشکەوتدا) لە ڕووناکی دەدوێت. سوهرەوەردیش، بێجگە لەوەی ڕاستیی هەبوون بە ڕووناکی دادەنێت کتێبێکیشی لەسەر ڕۆژهەڵات و گەشتی دەروونیی مرۆڤ بەرەو جیهانی ڕۆژهەڵات نووسیوە.[١٤] لێرەدا (ڕۆژهەڵات) و گەشتەکەش بەرەو نیشتمانی خۆر مێتافۆرە و سوهرەوەردی باسی کێشەیەکی جوگرافی ناکات.

ئەو پرسیارەی لێرەدا یەخەمان دەگرێت ئەوەیە: ئایا فەرهاد شاکەلی، لە ڕوانگەی ئەم هۆنراوانە و چەمکانەوە بە کاری هێناون، بۆ نەریتی (ئیشراقی) دەگەڕێتەوە یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر تێگەیشتنمان و خوێندنەوەی ئەم هۆنراوانەی گوڵبژێریان دەکەم. من دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بە (ئەرێ) بدەمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، یان سەلماندنی بۆچوونەکەم، گەشتێک بەناو هۆنراوەکانیا دەکەم و ئاماژە بۆ ئەو چەمک و هێمایانە دەکەم، کە مۆرکی فەلسەفەی ئیشراقیان پێوە دیارە.

ئەمە چ پەرژینێکە کەوتۆتە نێوانمانەوە؛
تۆ خۆرەتاوی ڕۆژهەڵات لە پەنجەکانت دەتکێ
منیش لەم تاریکستانەدا
تۆپەڵە بەفری هیوا بەرەو هەڵدێر
گلۆر دەکەمەوە.
چنگت پڕە لە ڕووناکی و
لێوت دارستانی بۆن و بەرامەی بەیانیانە،
کێ بێ لەم زیندانە نووتەکەدا
خەونی چۆڕێ تیشک و
خەونی دڵۆپێ گوڵاوم بۆ لێک بداتەوە!!
[چنگت پڕە لە ڕووناکایی]

ئەو پەرژینەی کەوتۆتە نێوان دڵی شاعیر و خۆشەویستەکەیەوە هێمای دووری و دابڕانە، کە خودی شاعیر بەرەو تاریکستان دەبات. چەمکی تاریکستان لە فەلسەفەی ئیشراقدا بۆ ناڕاستی و دووری لە ڕاستی و نەزانینی ڕاستی بە کار دێت. ڕاستی ڕووناکییە، خۆرەتاوی ڕۆژهەڵاتە، کە شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی دایناوە. ئەو خۆشەویستەی سەرچاوەی ڕووناکییە و شاعیر خەونی پێوە دەبینێت و دەیەوێت بیگاتێ. تاریکی و ڕووناکی دوو لایەنی ناکۆکن و نوێنەرایەتیی ڕاستی و ناڕاستی دەکەن. ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە، ڕووناکی مەرجێکی سەرەکییە بۆ زانین. ئەگەر هۆشی مرۆڤ لە ئاستی بابەتێکدا ڕاوەستێت و هەوڵی زانین بدات و (ڕووناکی) بابەتەکە دەرنەخات ئەوا هەرگیز ئەو بابەتە ناناسێت.[١٥] هەروەها لەنێو ئەشکەوتەکەشدا چەند لە ڕووناکیی دەرەوە یان لە دەرگای ئەشکەوتەکە دوور کەوینەوە زۆرتر

بەرەو تاریکی دەڕۆین.

سـوهرەوەردییش لە (حکمـة الاشـراق)دا تاریکی بۆ ناڕاسـتی و گـومـڕایی و دوورکـەوتنەوە لە سـەرچاوەی ڕووناکی (کـە خـوایە) دادەنێت.[١٦] شـاعیـریش لە وڵاتی تـاریکسـتـان هەست بە نامـۆبوونی ڕۆحی دەکـــات چونکە دوورکـــەوتنەوە یان جـــیـــابوونەوە لە خۆشەویستەکەی نامۆیی و ژیانی نێو زیندان و حاڵەتی بوونە لەنێو نا- ڕاستیدا.

بەڵام شـاعیـر نائومـێـدییـەکی تەواومـان بۆ دەرناخـات. دەرچوون لەو زیندانە و گەشتە ڕۆحانییەکەی خۆی بەرەو (خۆرەتاوی ڕۆژهەڵات) بە خـەون بینیـوە. ئەو دەیەوێت ڕۆژێک بە ڕۆژهـەڵات یان بە نیـشـتـمـانی ڕەسـەنی خـۆی بگات، بەڵام ئەو ئومـێـدە لـەم قـۆناخـەی ئەزمـوونی شاعیردا خەونە و ڕووی نەداوە و نازانێت کەی ڕوو دەدات:

لە کوێ، لەم سەرزەمینە وشکەدا
جێیەک بدۆزینەوە بۆ زەماوەندی ڕۆح؟
نە دەبیتە شاژنی دڵم، نە دەبیتە زیندانەوان،
کەچی...
ئاشنایەتیت هەم نیشتمانە و هەم زیندان.
[دەڵیی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی]

لە زمانی تەسەووفدا بەکارهێنانی دوو چەمکی ناکۆک بۆ یەک جۆر بوون یان ڕاستی، زۆرجار بە کار هاتووە. مـەبەسـتیش لێرەدا تەنیا دەرخستنی جوانیی ئەو ڕاستییە نییە و بەهایەکی ئیستاتیکیی ڕووت نییە. بەڵکو ئەو لایەنەی ڕاستی دەردەخات بۆ خودی عاشقێکی وەکو

سۆفی بە دوو شێوە لێک دەدرێتەوە. شاعیر دەڵێت: (ئاشنایەتیت هەم نیشتمانە و هەم زیندان). ئاشنابوون و گەیشتن بەو نیشتمانە هەمیشە ئاگری عەشق و حەزی گەیشتن بە (ئەو) لە سینەی شاعیردا هەڵدەکات. ساتێک دوورکەوتنەوەش یان نەگەیشتن بە (مەعشووق) دەبێت بە زیندان بۆ ئازاردانی ڕۆح و خەمی دووری. لە هەردوو حاڵەتەکەدا عاشق بە ئاگری عەشقی دەسووتێت. لە گەیشتنا بە مەعشووق ئاگری نزیک و لە دووریشدا ئاگری دووری دەیسوتێنێ.

شاعیر حاڵەتی سووتانی یەکەمی بەم جۆرە لە هۆنراوەیەکدا دەربڕیوە:

وەرە لەم دیمەنە پڕ ئەفسوونە تێ بگە: شەونم
تەمەنی خۆی
دەبەخشێتە ئاشنایەتیی خۆر.
[ئاشنایەتیی خۆر]

تەمەنبەخشین بە ئاشنایەتیی خۆر قوربانیدانە بە (خۆ) بۆ کۆتاییهێنان بە نامۆیی و لێکدابڕان. شەونم خۆی دەکات بە قوربانی خۆر و لەو عەشقەدا دەسووتێت. بوونی شەونم بەبێ خۆر لێکدابڕانە، بوونێکە لێرەدا، لەنێو نسرمی (مەنفا)دا، کە شێوازی ونبوون و ژانی دوورەوڵاتی بۆ وڵاتێکی هەمیشەیی (ڕۆح) دژوارتر دەکات. هەمان کات گەیشتن بە خۆریش توانەوەیە.

ڕازی چیت بۆ بدرکێنم، ئەم دڵەی من لە هەموو لایەک بێگانەیە،
لە هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارێکا بادەنۆشی مەیخانەیە
دەمێ مەستە، سەرخۆشی دەنگێکە و تاوێک پەروانەیەکی
باڵهەڵکرووزاوە، عەودالی ڕەنگێکە.

ئەمە چ ڕازێکی بێڕەنگە، ئەمە چ نهێنییەکی بێناوە،
دڵی پڕ کردووم لە ژانێکی گڕدار و
زمانمی بەترسێکی ئاوا خۆڵەمێشین گرێ داوە.
[لە ڕۆخی تەنیاییما دەبیتە شۆڕەبییەک]

لە دەربڕینی لێکدابڕان و بارودۆخی نامۆبووندا شاعیر جاریکی دیکە دەڵێت:

وای، کە بێتۆیی چ ساڵانێکی شەوەزەنگە،
وەی کە شاری گیان،
بێ یادی تۆ،
چ گۆڕێ، چ گۆڕستانێکی بێدەنگە.
[کێوی دڵ]

یان،

جارێ لە پەردەی ڕازەوە وەرە دەرێ
خۆ من خۆییم، بێگانە نیم.
ئێستاش بیری ڕۆژێک دەکەم سیپاڵێ بووم
لە دەرکەی مەیخانەیەکدا...
دەبێ بەدمەستیم کردبێ پەڕەوازەی ئەم جێیە بووم،
من ئەورەییم،
من خەڵکی ئەم ناوانە نیم.
[سیپاڵێ بووم]

لەم هۆنراوانەدا شاعیر لە لێکدابڕان دەدوێت و بوونی خۆی لە ئاکامی ئەو لێکدابڕانەدا بە بێگانە و نامۆ دەبینێت. ئەو دەیەوێت کۆتایی بە

لێکدابڕانەکـە بهـێنێت و لەم (مـەنفـا)یەدا کـالای هـیچ ناسـنامـە و ڕەگـەزێکی دروسـتکراو لـە بەر نەکـات. چونکە هـەرچ ناسـنامـەیـەکی لە(مەنفا) و تاریکستاندا بۆ دابنرێت ئەوەندە زۆرتر دەردی لێکدابڕانی سەختتر دەکات و نائاشنای دەکات،

دەزانم هەموو سالانی تەمەن
گیرۆدەی دەردێکم بـە دوڕدی پیاڵەی ئاشنایەتی، مەگەر، چارەی
بکەم.

ئەم دەردە، لە ئاکـامی لێکدابڕانەکەوە سـەر هەڵدەدات، کـە بێـجگە لە ئاشـنابوون و پێکەوەژیان هـیچ شـتـێکی دیکە چارەی ناکـات. دەردی شـاعـیـر لەم هـۆنراوانەدا ژانێکی قـووڵی ئەو خـودە نامـۆیـەیە، کـە لە لێکدابـڕان تێگەیشـتـووە و پێـوەی دەناڵێنێت. ناڵـە و گریانی خـودێکی بڕاوەیە بۆ نـەبڕانەوە، بۆ گەیشتن بـەو نیشـتـمـانەی خۆرئـاوابوونی بە خـۆوە نەدیوە و هـەمـوو وەرزەکـانی بەهارە و (کـات) تیایـدا حـاکم نییـە. دەبیـنـین لێـکدابـڕان و ئـاشـنـابـوون، دووری و نـزیکـی، ئـاوارەبـوون و گەڕانەوە بۆ نیشتمان لە زمـانی شیعر و فەلسەفەی فەرهـاد شاکـەلیدا دوو لایەنـی جـیـاوازی بوونمان بـۆ دەردەخـەن. بـەلام هـاوکـات، ئەم دوولایەنە جیاوازە سەرچاوەیەکی ئۆنتۆلۆجییان هـەیە و دوو دیوی یەک ڕاستین. ئەویش ڕاسـتیی بوونە. هـەروەهـا دووری و نزیکی دوو چەمکی نێـو (شـوێن) نین و بـە پێـوەرێکی مـاتماتیکی ناخـوێنرێنەوە. ئەم دوو چەمکە پـەیوەندییـان بە بـارودۆخی (ئـاگـایی) شـاعـیـرەوە هـەیە. پێـوەرەکـەشـی ئاگـاییـانەیە. هـەندێک جـار لە تەنیـشـت کـەسـێکەوە دادەنیشین و زۆر لەو کـەسـەوە (لە پێوەرە مـاتماتیکییـەکـەدا) نزیکین، بـەلام هـەست بە دووری لـەو کـەسـەوە دەکـەین. دووری و نـزیکـی

شاعیریش لە مەعشووقەکەی پەیوەندی بە بارودۆخی ئاگاییەوە هەیە. کاتێ هەست بە نزیکیی مەعشووقەکەی دەکات لەنێو هەموو شتێکدا ئەو دەبینێت و ئیتر پێویست بە بڕینی نێوانێکی جوگرافی بۆ گەیشتن بە (ئەو) ناکات.

لەناو پشکۆیەکدا بە دیت دەکەم
گەرمی و سوورایی و گڕیت،
لە کرێوەی زستاندا وشەیەکی سپی و
لە لێڕەوار و جەنگەڵ و دارستاندا نەوایەکی سەوز.
[شەوێ ئەسکڵێک بنێرە، بێتە خەوم]

یان دەڵێت:

بەم هەرێمەی ئێمەدا دێیت و دەچیت،
چۆنە دار و دەوەنی نایێ لە دووت؟
[دێیت و دەچیت]

لەگەڵ ئەم جۆرە نزیکییەشدا شاعیر تینوێتیی ئاشنابوونی ناشکێ و دەیەوێت یەکگرتنەکەی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بوونگەرانە بێت و تەنیا هەستکردنێکی ڕووت نەبێت. بۆیە دەڵێت،

هێندەی مەرگ لەم هەرێمەوە نێزیکیت و
هێندەی تاسەی ژیانیش ئاوازەداری
کەچی
هەر دوورەپەرێزیت و
ڕۆژێ نەهاتی
ببیتە تەمێکی بریسکەدار

لەم شارەدا.

[ڕۆژێ نەهاتی]

بینینی خۆشەویست لەنێو هەموو دیاردەیەکی جواندا یان خۆدەرخستنی جوانیی ئەو لەنێو هەموو هەبوویەکدا ئەو ئەزموونە ڕۆحانییەیە سەرهەندی بە(یەکانەگیی بینین) ناوزەدی دەکات. خودی شاعیر بێجگە لە (ئەو) و جوانیی ئەو هیچی دیکە نابینێت. هەموو بوون، چواردەور، داروبەردی ئەم جیهانە پڕن لە جوانیی ئەو. بێجگە لە ئەو یان لەو جوانییە لەم ئەزموونە ڕۆحانییەدا هیچ شتێکی دیکە خۆی دەرناخات. بەڵام سەرهەندی لەو باوەڕەدا بوو، کە لەم ئەزموونەدا یەکگرتنی خودی سۆفی و هەبووەکان و خوا لەسەر زەمینەی تێڕامان ڕوو دەدات، کە پەیوەندی بە جیهانی ناوەوەی بیرکردنەوەی سۆفییەوە هەیە. لەنێو جیهانی خۆوە دەرناچێت و نابێت بە ڕاستییەکی ئۆنتۆلۆجی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خودی سۆفی هەرگیز بە مەعشووق ناگات و یەکگرتنیان مەحاڵە. شاعیر لەم هۆنراوەیەی سەرەوەدا ئەم دووری و نزیکییەی دەربڕیوە. لەلایەکەوە هەست بە نزیکی دەکات و (ئەو) لە مەرگ و ژیان نزیکتر دەبینێت، بەڵام هێشتا تاسەی دووری دەکات و نەیتوانیوە لەگەڵیا یەک بگرێت، بۆیە دەڵێ (ڕۆژێ نەهاتی ببیتە تەمێکی بریسکەدار لەم شارەدا.) مەبەست لە (شار) بوونی شاعیرە، کە دەیەوێت تەمی بریسکەداری (ئەو) هەموو کووچە و شەقامێکی بوونی بتەنێتەوە و لەناویا بژی. لە هۆنراوەیەکی تردا شاعیر جارێکی دیکە باسی لێکدابڕانەکەمان بۆ دەکاتەوە و بە ئومێدی هاتنی خۆشەویستەکەیەوە دەڵێت:

تۆ کە چرای
وەرە ئەم کونجە تاریکە
چۆرێ ڕۆشنایی نیشانی ڕۆحم بدە.
[تۆ کە چرایت]

یان دەڵێت،

ئەگەر زیویت،
وەرە ئەم دنیایەم زیوین کە و
ئەگەر ئاگریشیت
بمکەرە چۆڵەچرایەک، ڕێگا ڕووناک بکەمەوە.
تا ئەم شەوگارە دەگەیێنمە کەناری ڕۆژێکی تر،
تا ئەم خاشاکە
لە بنی شۆرەکاتێکدا دەگیرسێتەوە.
[ئەگەر ئاگریت، بمکەرە چۆڵەچرایەک]

لێکدابران و دوورکەوتنەوە لەگەڵ تاریکی و تاریکستان و شەوگار و کونجی تاریکدا هاوتەراز کراوە و خۆشەویستەکەشی بە کۆڵەکەی ڕووناکی، پەیکەری تیشک یان کێوی تیشک داناوە. بەکارهێنانی ئەم هێمایانە، لە بۆچوونێکی فەلسەفی و زمانێکی شیعریدا، ڕاستەوخۆ بۆ نەریتی فەلسەفی - عیرفانی سوهرەوەردی و فێرگەی (ئیشراقی)مان دەگەڕێنێتەوە. بۆیە لە سەرەتاوە پێش ئەوەی ئاماژە بۆ ئەم هێمایانە بکەم باسی سوهرەوەردی و ئیشراقم کرد.
لە فەلسەفەی ئیشراقدا، کە لە ڕوانگەی مێتافیزیکی ئەفلووتینەوە تەماشای پەیدابوونی جیهان دەکات و پشت بە تێڕامانی ڕێژەن

(الفـيض) دەبەسـتـێت، ڕووناکی دەکـات بە بنـەڕەتی بوونـی هەمـوو شـتـێک، کـە لە ڕووناکـیـیـە ڕەهاکـەوە دەرچوون. ڕووناکـیـی ڕەهایش سـەرچاوەیە و لـە هـەمـوو شـتـێک زۆرتر ڕووناکتـرە "ان المنیـر انور من المسـتنیـر."(١٧) هەروەهـا ڕووناکـیـی ڕەهـا، بێـجگە لەوەی لـە هـەمـوو شـتێک زۆرتر ڕووناکترە، لە سـەروو هـەموو ڕووناکییـەکەوەیە و هـیـچی دیکە، لە پێش یان ئەودیـویەوە نییـە "نور لیس وراءە نور، والنور الاعظم الاعلی."(١٨) یان سـوهرەوەردی لە هـەمـان کتـێبدا دەڵێت، "فنور الانوار وراء مـا لا یتناهـی بما لا یتناهی."(١٩) لەم مـێـتـافـیـزیکەدا دوو جـۆر جـوولان هـەیە: ژێرکـێش و ژوورکێش. جـوولانی ژێرکـێش دەرچوونە لە ڕووناکـیـی ڕەهـاوە. لەم دەرچوونـەدا جـیـهـان و هـەبووەکـان بـە بوونی مـرۆڤـەوە سـەر هـەڵدەدەن. لـەبەر ئـەوەی سـەرچاوەی ئـەم هـەبـووانـە ڕووناکییە، ئەوا ئەمانیش ڕووناکین. بەلام پلەی ڕووناکییان بە گوێرەی دوورکەوتنەوەیان لە سەرچاوەوە یان لێکدابڕانیان لە ڕووناکیی ڕەهـاوە دەگـۆڕێت. چـەند لـەو سـەرچـاوەیـە دوورکـەونـەوە ئـەوەنـدەش ڕووناکییەکەی بوونیان کەم دەبێتەوە و وەکو چرایەک بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەچن و بە تاریکی دەگەن. لەبەرئەمـەیە شـاعـیر لـەزمـانێکی شیعریدا دەڵێت:

وەرە ئەم کونجە تاریکە
چۆڕێ ڕۆشنایی نیشانی ڕۆحم بدە.
[تۆ کە چرایت]

تاریکی و ژیان لەنێو تاریکستان ئاکامی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەیە لە سـەرچاوە، لـە جـوولانە ژێرکـێـشـەکـەدا. جـوولانـی ژوورکـێـشـی لە ئاکـامی هـەسـتکردن بە دابڕان و دووریـیـەکـەوە سـەر هـەڵدەدات. لەم

سەرەتایەوە خودی مرۆڤ بە عەشقێکی نەبڕاوە و قووڵەوە هەوڵ دەدات لەنێو تاریکستان و ئەو مەنفایە ڕزگاری بێت و بەرەو سەرچاوە یان ئەو نیشتمانە بگەڕێتەوە، کە لێی دابڕاوە. لەم هەوڵدانەشدا چەند لە سەرچاوە نزیک بێتەوە ئەوەندە ڕووناکتر دەبێتەوە و باشتریش ڕاستی دەناسێت، لەم ڕووەوە سوهرەوەردی دەڵێت، "فکلما کان صعوده اتم، کانت مشاهدته للصور اصفی و الذ، فیبرز بعد ذلك الی عالم النور ثم الی نور الانوار."(٢٠) گەیشتن بە (نور الانوار) دواقۆناغ و دوائامانجی عاشقە لەم ڕێگەیەدا. تەنیا بە گەیشتن لێکدابڕان و تاریکی کۆتایی دێت و دڵی پەروانەی سۆفی بە ئاگری مەعشووقەکەی دەسووتێ و بوونی لە (ئەو)دا دەتوێتەوە.

ئەمە چ پەرژینێکە کەوتۆتە نێوانمانەوە،
تۆ خۆرەتاوی ڕۆژهەڵات لەپەنجەکانت دەتکێ
منیش لەم تاریکستانەدا
تۆپەڵە بەفری هیوا بەرەو هەڵدێر
گلۆر دەکەمەوە.
[چنگت پڕە لە ڕووناکایی]

ئەمە بەراوردکردنێکە لەنێوان بوونی مرۆڤ و بوونی ڕووناکیی ڕەهادا. بوونی مرۆڤ فڕێ دراوەتە نێو تاریکستانەوە و لەو ڕووناکییەوە دوورە. لە چاوەکانی شاعیردا ئەو ڕووناکییە هێندە مەزن و ڕەهایە تەنانەت (خۆر) لە پەنجەکانی دەتکێ و بوونیکی بەرزتری لە (خۆر) هەیە. بێگومان لای سوهرەوەردی ئەم جیاوازییەی نێوان (نور الانوار) و خۆر ئاشکرا باس کراوە و تەنانەت ئەفلاتوونیش لە مێتافۆری

ئەشکەوتەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە.

فەرهاد شاکەلی لە چەند هۆنراوەیەکدا هێمای کۆڵەکەی ڕووناکی یان پەیکەری تیشکی بە کار هێناوە، کە زاراوەی فەلسەفین بۆ یەکەمجار سوهرەوەردی بۆ بوونی خوا یان (نور الانوار) دایناون و لە مێتافیزیکەکەیدا جێگایەکی تایبەت و دیاریکراویان هەیە. تەنانەت پەرتووکێکیشی بە زمانی فارسی بە ناوی (پەیکەری ڕووناکی) نوسیوە، کە لە دوابەشیدا باسی بوونی خوا، وەکو پەیکەرێکی تیشک یان ڕووناکی (هیکل النور) دەکات.[21] شاعیریش، بە دیدی من، لەژێر کاریگەرێتیی سوهرەوەردی و فەلسەفەی ئیشراقدا دەڵێت:

لەگەڵ ڕووباری گومانەکانتدا تێکەڵ دەبم، بە زمانی
ئاوارەیی شەوبایەک دەدوێنم ئاشنای دەنگتە و
لە پێچەلێپێچەکانی تەنیاییدا دەتناسێتەوە...
خەمی دارچناریک دەخوێنێتەوە،
بالأت بە گرێکی ڕووناکایی ،
دەبێتە پەیکەری تیشک.

[دەڵێی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی]

یان دەڵێت،

ئەو پەنجە شووشانەت
تاوێ بنێرە سەر دڵم،
ئەم چرا بچکۆلەیە
دادەگیرسێ و دەدرەوشێتەوە،
بازاڕی ئاوێنەبەندی ئەم شارە

دەکاتە کێوی تیشک

[ئەو پەنجە شووشانەت]

لەگەڵ گەیشتن بەو خۆشەویستەی، کە دڵی شاعیر بە دوایدا وێڵە هەموو بوون بە تیشکی ئەو لە سووتانی پێکەوەبووندا دەبێت بە کێوی تیشک.

ئەمە ئەو کۆتاییەیە شاعیر یان دڵی سۆفی چاوەڕوانێتی و دەیەوێت بیگاتێ. هەروەها شاعیر بوونی خۆیشی بە چرایەکی بچووک داناوە یان بەشێکە لە ڕووناکی و ئەو ڕاستەقینەیەی لە فەلسەفەی ئیشراقدا بە (نور الانوار) ناوزەد دەکرێت. هەموو شتێک لە بووندا بەشێکە لەو پەیکەری تیشکە و بەبێ ئەو نییە و نابێت. ناسینەوەی ئەم ڕاستییەی بوون لەم جۆرە فەلسەفەیەدا دوو حاڵەتی جیاوازی خۆشی و ناخۆشی لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەکات. لە لایەکەوە مرۆڤ هەست بەوە دەکات، کە بوونی ئەو بەشێکە لەو پەیکەری تیشکە، ئەمە دەبێتە هۆی خۆشی. هەمان کات دەزانێت، کە لە پەیکەری تیشک دابڕاوە و دوور کەوتۆتەوە.

ئەمەش حاڵەتی ناخۆشییە. ئەم هەستکردنەشە دەبێت بە هاندەر بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پەیکەری تیشک و یەکگرتنەوە لەگەڵ (ئەو)دا. هەستکردن بە لێکدابڕان و دووری، وەکو پێشتریش باسم کرد، چرای دڵی شاعیر بەرەو کزی و دواجاریش کوژانەوە دەبات. بۆیە بە ئومیدی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی و زیادکردنی ئاگر و ڕووناکیی چرای دڵی دەژی. شاعیر، وەکو سۆفییەک دەیەوێت بە پەیکەری تیشک بگات، ئەو ڕاستەقینەیە بە (چاوی دڵ) ببینێت، کە بناخەی هەموو بوونێکە. لەبەر ڕووناکی و جوانیی ئەودا هیچ شتێکی دیکە نەبینێت. لە

هۆنراوەیەکی دیکەدا فەرهاد شاکەلی ئەوە دەردەخات، کە چرای دڵی بەرەو کـوژانەوە نـاڕوات و نەکـەوتۆتـە نێـو نائومـێـدییـەوە و بەرەو ئاشنابوون دەڕوات و هەڵۆی ڕۆحیشی بەرەو بەرزایی دەفڕێت:

چرایەک هات بە هانامەوە
لە ئاوێنەی دڵدا بوو بە ڕێژەنی تیشک، بوو بەکانی ڕۆشنایی.
تۆی سەروەری تیشک، سەروەری ڕووناکی.
[شێوەت گڕێک بوو]

لێرەدا شاعیر باسی گەیشتن بە (پەیکەری تیشک) ناکات. ئەو دڵی بەو چرا گەش و ڕووناکە خۆشە، کە تیشکی لە چراکەی دڵی شاعیر ڕووناکترە و بڵێسەی ئاگرەکەشی بەرزترە. ئەو چرا ڕووناکە عاشقێکی دیکەی ڕێگەی هەمان سووتان و عەشقە، کە لە پلەی سووتان و دڵداریدا لە شاعیر زۆرتر لە پێشە و دەتوانێت (ئومێد) بخاتە دڵی شاعیرەوە و لە کاروانی عەشقەکەیدا یاریدەی بدات و بە جێگەیەکی بەرزتری سووتانی بگەیەنێت. ئەو چرایەی بە هانایەوە هاتووە ڕێبەر (مـورشـیـد)ێکی ڕۆحانییە، شێخی تەریقەتێک و عاشقێکی لە شاعیر عاشقترە. هاتنی ئەو چرایە بڵێسەی گڕی ڕووناکی لە دڵی شاعیردا گەشاوەتر کردووە. لەم پارچە هۆنراوەیەدا شاعیر لەگەڵ ڕۆشنکردنەوەی گیانیدا ئەو ڕاستییە دەدرکێنێت، کە لە ئاکامی ئەو ئەزموونە ڕۆحانییەوە و ناسینی ئەو چرایەوەیە، دەڵێت ''تۆی سەروەری تیشک، سەروەری ڕووناکی.'' ئەم ڕاستییە بە دوو جۆر لێک دەدرێتەوە؛ یەکەم، شاعیر ئەو چرایەی کە بە هانایەوە هاتووە، بە سەروەری تیشک دادەنێت. دووەمیش، لەگەڵ گەیشتنی چراکە و ڕووناکییەکی گەشاوەتر یادی خۆشەویستەکەی دەکاتەوە و بانگی دەکات و دەڵێت، تۆی سەروەری تیشک. بە دیدی من،

هەردوو لێکدانەوەکە دروستە. لە هەندێک تەریقەتی تەسەووفدا بەتایبەتی ئیشراق و تەنانەت تەریقەتی نەقشبەندی خالیدی (مەبەستم مەولانا خالیدی نەقشبەندییە) ناسینەوە و بانگەشەکردنی شێخی تەریقەت، کە لەپلەیەکی بەرزتری ڕۆحانیدایە، بە سەروەری تیشک یان یەککگرتنێکی ڕۆحانی لەگەڵیدا دەگونجێت.

ئەمەش قۆناخ و پلەیەکی بەرزترە، کە موریدێکی ئەو تەریقەتە دەیەوێت بیگاتێ و لەوێوە خۆی بە پلەیەکی بەرزتر بگەیەنێت و زۆرتر لە (پەیکەری تیشک) یان خوا نزیک ببێتەوە. دەشێت شێخی تەریقەتێک لەلای موریدەکانی سەروەری تیشک بێت، بەڵام دوا سەروەر نییە و لەو گەورەتریش هەیە. لەبەر ئەمە شاعیر ئەم چرایە وەکو (دەلیل) دەبینێت و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو چرایەوە گەشتەکەی بەرەو نیشتمان و سووتان و عەشقێکی ئەبەدی بخاتە گەڕ و بێجگە لە (ئەو)، لە عەشقی (ئەو) یان لە زمانی (ئەو) چیی دیکە نەزانێت:

زمانێکم بدەرێ
لە سووتانی ڕووبار،
لە ڕوانی ئاگر
لە سەرخۆشیی گوڵ بدوێ!
دڵێکم بدەرێ
لە ئاسمان و زەوی،
لە هەردوو دنیا
هەر لە عەشق تێ بگات،
هەر عەشقی تۆی بوێ...
[دڵێک هەر عەشقی تۆی بوێ]

ئەو زمان و دڵەی شاعیر دەیەوێت سەرچاوەی زانینی تەسەووفانەیە. زمانێکە بێجگە لە دەربڕینی عەشق و سووتان بۆ (ئەو) چی واتایەکی دیکە نابەخشێت. لە تەسەووفدا (دڵ)یش جێگەیەکی تایبەتی لە بوونی مرۆڤدا هەیە. ئامێرێکی بایەلۆجی نییە بۆ دابەشکردنی خوێن بەسەر لەشدا کار بکات. بەڵکو ئەو بەشە گرنگەیە، کە عەشق و خۆشەویستی و سۆزی لێوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوەی زانینی (عیرفانی)یە. لە تەسەووفدا ڕاستەقینە بە ڕێگەی زانینی هۆشەکییەوە نادۆزرێتەوە، چونکە ئەو ڕاستەقینەیەی سۆفی بە شوێنیدا وێڵە (هۆش)ی مرۆڤ نایدرکێنێ و ڕۆشنایی ناخاتە سەر. شاعیر لە هۆنراوەکانیا باسی ئەم سەرچاوەی زانینەی کردووە و دەڵێت:

بە چاوی دڵ دەتبینم، لەشولاری گوڵینت بە نەرمەبارانی حەز
نماوی دەبێت.

[منیش گیرۆدەی عەشقێکم دەڵێی مەرگە و هاتۆتە پیریمەوە]

هەروەها لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت:

کە ناوت بە دڵما ڕادەبووریّ
گەردوونی بوون و نەبوونم
خۆری عەشقی تیا هەڵدیّ
[خۆری عەشق]

یان دەڵێت:

بە چاوی دڵ
دەڕوانمە وڵاتی ڕۆژ و سەرنجی شەوستان دەدەم،
ناوی تۆیە

لە درزی نێوان تاریکایی و ڕووناکیدا
ئاوێنەئاسا
وێنەی شەو و ڕۆژ دەنوێنێ.
[ناوی تۆیە]

لەم هۆنراوانەدا (چاوی دڵ) یان (دڵ)، تەنیا وەکو هێمای شیعر بە کار نەهێنراون. لە تەسەووفدا (دڵ) جێگای تایبەتی خۆی هەیە. لەم نەریتە ڕۆحانییەدا سۆفییەکان جەختیان لەسەر گرنگیی (دڵ) و (چاوی دڵ) بۆ عەشق و بینینی ڕاستی کردووە. سۆفی بە چاوی دڵ خوا دەبینێت. هەروەها لە تەسەووفدا (دڵ) ئامێرێکی جەستە نییە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە (گیان) و ئەو جۆرە زانینەوە هەیە، کە بە(عیرفان) ناوزەد دەکرێت. سوهرەوەردی لە (حکمە الاشراق)دا بایەخێکی گرنگی بە دڵ و ڕۆڵی دڵ و پەیوەندی دڵ بە گیانەوە داوە و باسی کردووە. بە سەرچاوەی (النور الاسفهبذ)ی دادەنێت.[٢٢] ئیمام غەزالی لە کتێبەکەیدا (کتاب عجائب القلب) دڵی بەو ئاوێنەیە داناوە، کە تیشکی خوای تێدا دەردەکەوێت. باسی گرنگیی (ذکر) لە تەسەووفدا بۆ پاککردنەوە و لابردنی گەرد و تۆز لەسەر ئەو ئاوێنەیە دەکات. لە زۆربەی تەریقەتەکانیشدا (ذکر) و شۆڕبوونەوە بە جیهانی ناوەوەی (خۆ)دا پەیوەندی بە ڕۆڵی دڵەوە هەیە. تەریقەتی نەقشبەندی، بۆنموونە، لە خەڵوەت و (ذکر)ی بێدەنگدا جەخت لەسەر شۆڕبوونەوە بە ناخی (دڵ)دا دەکات. بە ڕێگەی دڵەوە شوێنکەوتووانی ئەم تەریقەتە دەیانەوێت ڕاستی بناسن. بەتێکرا (دڵ) لە جیهانی تەسەووفدا بە سێ جۆر واتاکەی لێک دراوەتەوە: هەندێک بە دەروازەی عەشقیان داناوە، سۆفییش هەیە دڵ بە جێگە و مەنزڵگەی ڕاستی (خوا)

دادەنێت و هەندێکیش بە مەیدانی جەنگی نێوان گیان و (نەفس) دەیبینن. بە گشتی لابردنی گەرد و تۆزی ئەو ئاوێنەیە، کە بە (تزکیة القلب) ناسراوە مەرجێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە دوا ئامانجی ڕێگەی تەسەووف.

دەبینین لە زمانی تەسەووفدا یان لەم جۆرە تێڕامانە مێتافیزیکییەدا هەستکردن و هۆش، کە دوو ئامێرن بۆ دروستکردنی زانین و ناسینی جیهانی دەرەوە بایەخیان پێ نەدراوە. لەم ڕوانگەیەشەوە فەرهاد شاکەلی، لەسەر بنەمای تەسەووف بە (چاوی دڵ) وڵاتی ڕۆژ یان پەیکەری تیشک دەبینێت. دڵ بۆ ئەم شاعیرە بە تەنیا دەروازەی عەشق نییە، بەڵکو سەرچاوەی زانینیشە، کە عاشقی پەیکەری تیشک لە ڕێگەی ئەزموونی هەستەکی و هۆشەکییەوە وە دەستی ناهێنێت.

دەمەوێت ئاماژە بۆ لایەنێکی دیکەی گرنگ لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی فەرهاد شاکەلیدا بکەم، ئەویش بەکارهێنانی تیپە (حرف) کە لە چەند شیعرێکدا دانراوە. بێگومان بەکارهێنانی (تیپ: الحرف) لە ئەدەبی تەسەووفدا کۆنە و مێژووی خۆی هەیە، بەڵام لە ئەدەبی نوێ و سەردەمی کوردیدا هەوڵدانێکی نوێیە و فەرهاد شاکەلی بە پێشەوای ئەم کاروانە دادەنرێت. ئەمەش پەیوەندیی بە بۆچوونی فەلسەفی و تەسەووفی شاعیرەوە هەیە، کە من لەم نووسراوەدا ڕوونم کردۆتەوە.

بەکارهێنانی تیپەکان بە زمانی عەرەبی و لە تەسەووفدا بە (علم الحروف) ناسراوە. ئەم جۆرە زانستە، کە هەر یەکێک لەتیپەکان بە واتا و خەسڵەتێکی گەردوونی و تەنانەت ژمارەوە دەبەستێتەوە بۆ پیتاگۆراسییەکان لە یۆنان و ئەفلاتوونییەتی نوێ و کەبالای نێو ئایینی یەهوودی و دواجاریش زانایانی عیرفان و سۆفییە گەورەکانی

نێو ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە. من نامەوێت درێژە بە باسەکەم بدەم و لە پیتاگۆراسەوە دەست بە گەشتەکەم بکەم. ئەوەی گرنگە و دەمەوێت ڕووناکیی بخەمە سەر، دامەزراندنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم شاعیرەیە لەسەر بناخەی تەسەووف و بۆ چەسپاندنی ئەمەش هەوڵ دەدەم چەند شیعرێک بەم لایەنەی تەسەووفەوە لە بەرهەمەکانی فەرهاد شاکەلیدا بخەمە ڕوو. بەڵام پێویستە بزانین زانستی تیپەکان (علم الحروف) چییە و چۆن سۆفییەکان بە کاریان هێناوە.

ئیبن عەرەبی، کە بە فەیلەسووفێکی عیرفانی و قوتبێکی گەورەی تەسەووف دادەنرێت، لە دوو کتێبدا باسی (علم الحروف) دەکات. لە (الفتوحات المكية)دا جیهان بەو کتێبە دادەنێت، کە بە قەڵەمی پیرۆزی خوا نووسراوە. هەر یەکێک لە تیپەکانی ئەم کتێبەشی بە جەوهەری هەمیشەیی و بیرۆکەی نێو هۆشی خوا داناوە. لەو باوەڕەشدایە ئەو تیپانە خەسڵەتی ماتماتیکییان هەیە و سەر بە ژمارەکانن. لەم ڕووەوە تیپەکان، کە بە ژمارە بیستوهەشتن لە زمانی عەرەبیدا لە کتێبە پیرۆزەکەدا دەبن بە بنەڕەتی بوون.[٢٣]

ئیبن عەرەبی لە (شجرە الكون)دا جارێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەم زانستەدا کردووە. لەسەر گرنگیی تیپی (ک: کاف)، کە سەرەتای وشەی (كن: کون، واتە ببە)یە لە عەرەبیدا دواوە و لەبەر ڕۆشناییی ئایەتی (بديع السموات والارض واذا قضى امرا فانما يقول له كن فيكون) ڕوون کردۆتەوە.[٢٤]

شیخ مەحموودی شەبستەری لەژێر کاریگەرێتیی ئیبن عەرەبیدا دیوانێکی بە ناوی (گوڵشەنی ڕاز) بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٣١٧دا نووسیوە و تێیدا زانستی تیپەکانی بە کار هێناوە و بەم زانستە

هەوڵی داوە واتای بوون ئاشکرا بکات. ئەم دیوانەش بە یەکێک لەو کتێبانە دادەنرێت، کە تێگەیشتی بەبێ مامۆستا و پێشەوایەکی ڕۆحانی کارێکی دژوارە. هەروەها جەلالوددینی ڕوومی لە (مەسنەوی)دا تیپێکی بە کار هێناوە.

لە سەروو ئەم سۆفییانەوە، لە سەدەی چواردەهەمدا، (شێخ فەزلوڵلا ئەشتەرئابادی) تەریقەتێکی تەسەووفی دامەزراند و تەفسیرێکی گشتگری بۆ گەردوون و هەموو هەبووەکان لەسەر (علم الحروف) کرد. لەبەر ئەم هۆیەش تەریقەتەکەی بە (الحروفیة) ناسراوە.[٢٥] شێخ ئەحمەد (الاهسعی) دامەزێنەری تەریقەتی (الشیخیة)، کە لە ساڵی ١٨٢٦ مردووە، سۆفییەکی دیکەیە تیپەکانی بە بنەڕەتی گەردوون و سیستەمی گەردوون دانابێت. دواجاریش، زانستی تیپەکان لە تەریقەتی نەقشبەندیدا جێگای گرنگ و دیاریکراوی هەیە. بۆ نموونە، تیپی (ئەلف) یەکەم تیپە، ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم تیپە لە پێش هەموو تیپەکانی دیکەوەیە و بنەڕەتی هەموویانە و بەهایەکی ئۆنتۆلۆجی و کۆسمۆلۆجیی هەیە و بەرانبەر ژمارە (١: یەک) دادەنرێت. هەروەها ئەم تیپە سەرەتای وشەی (اللە)یە. ئەمەش گرنگییەکی دیکە بەم تیپە دەدات. لای سۆفییە (موسڵمانەکان) بە گشتی و لە تەریقەتی نەقشبەندیدا بەتایبەتی پەیوەندیی تیپەکان بە (سیفاتەکان)ی خواوە دەستنیشان کراوە. بۆ نموونە (س) بۆ (سمیع) و (ن) بۆ (النور) دانراوە.

لەم زانستەدا تیپەکانی زمانی عەرەبی، کە بە ژمارە بیستوهەشتن، کراون بە چوار بەشەوە؛ هەر یەکێک لەم بەشانە حەوت تیپی تێدایە. ئەم دابەشکردنەش بەگوێرەی ئەو چوار توخمەیە، وەکو (ئاگر، هەوا،

ئاو، خـاک)، کـە لە فـەلسـەفـەی یۆنانـیـدا، بەتایبـەتی قـۆناخـی پێش سـۆکرات، زانایان بە بـنەڕەتی بوونیان دادەنـان. هـەندێک لە زانایان بە جۆرێکی دیکە دەڕواننە دابەشکردنەکە. تیپەکان دەکەن بە حەوت بەش و لەنێـو هـەر بەشـێکدا چوار تیپ دادەنـێن. بێـجگە لە سـۆفـیـیـەکـان، کەسانی دیکەش تیپەکانیان بۆ مەبەستی جیاواز، وەکو (جادووکردن) یان (دوعـا) بە کـار هێناوە. بۆ نمـوونە، هـەندێک لەو باوەڕەدا بوون تیـپـەکـانـی سـەر بە توخـمـی ئاو (ز، ک، ش، س...هتـد) بۆ ئەو نەخـۆشـیـیـانەی پلەی گـەرمـای لەش بـەرز دەکـەنەوە سـوودیان هـەیە و لەنێو دوعادا دەنووسرێن چونکە ئاو بۆ گەرما باشـە و کەمی دەکاتەوە. بەهـەرحـاڵ مـن نامـەوێت لەم لایەنەی زانسـتی تیپەکان بدوێم. ئەوەی بۆ ئێـمـە گرنگە تێگەیشـتنمـانە لە مـێـژووی بەکـارهێنانی تـیـپـەکـان لە تەسـەووفـدا و لـەم پێگەیەوە ئامـاژە بۆ شـیـعـرەکانی فـەرهـاد شـاکـەلی دەکەم. پێویستیشە بزانـین، کە شاکەلی لەژێر کاریگەرێتیی تەسەووفدا تیپەکان بە کار دەهێنێت.

فـەرهـاد شـاکـەلی لە چەند شـیـعـرێکدا تیـپی (د، ع، ن، م، ڕ)ی بە کـار هێنـاوە. واتای ئەم تیـپـانە، بەو جـۆرەی شـاعـیـر مـامـەڵەی لـەگـەڵدا کـردوون، زیاتر پەیوەندیی بە مـەبەست و ناوەڕۆکـی شیـعـرەکەوە هەیە. دەتوانین بـە وشـەکـەوە بیـبـەسـتـینەوە، کـە تیـادا دانراوە. لـە هـەمـوو وشـەکـانـیشـدا ئەم تیـپـانە یەک تیـپن و ناکـەونە ناوەڕاست یان پاش تیـپـەکـانی دیکەی ناو وشـەکـانـەوە. شـاعـیـر لە دوو شـوێندا تیـپی (د: دال)ی بە کـار هێناوە. لە شــیــعــری (هێندەی شنەبایەک حــەزم لە سەمـای هـەورە)دا دەڵێت:

هـەموو چەمکەکان دەبنە تەلیسم، گەمارۆی بەندەری دڵم دەدەن،

ئەم جارەیان زوو هاتووم یا درەنگ؟ ئەم گرەوە دەدۆڕێنم
یا دەچمە سەر دار و دەبمە نیشانەیەکی زێڕین بە بەرۆکی
عاشقانی زمانی دڵەوە؟ بە لقی (دال)ێکدا سەرتاسەری
وەرزی دووەم هەڵمدەواسیێ، تا چی نوختەی بەفر و باران و بایە
بەسەرما ببارێن. دەمکاتە نوختەیەک، دەرگای (نوون)ی نەزانینم
لەسەر دادەخات و نامدوێنێ. دەزانێ ئەم تاسەیە گرێکە
بەر بۆتە داروپەردووی تەمەنم.

هەروەها لە شیعری (ئەستێرە پێم دەڵێن)دا جارێکی دیکە تیپی (دال) بە کار دەهێنێتەوە:

کێیە بە یادت شەو و ڕۆژی چرۆ نەکات،
ساڵی نەبێتە سەد گوڵوەرز و دەر و دیواری زیندانیشی
سەراپەردەی سورمەڕێژ! چ دەوەنێ بە (دال)ی دڵداریت
نابێتە دار و نابێتە دارستان!

لە شیعری یەکەمدا شاعیر دەڵێت: ''بە لقی (دال)ێکدا سەرتاسەری وەرزی دووەم هەڵمدەواسیێ''، واتای ئەم تیپە بە دێڕی پێشووترەوە بەستراوە، ''دەچمە سەر دار و دەبمە نیشانەیەکی زێڕین''. لێرەدا (دال) سەرەتای وشەی (دار)ە. شاعیر دەیەوێت بچێتە سەر دار، گیانی خۆی بکات بە قوربانی خۆشەویستەکەی. لە زمانی کوردیدا وشەی ''چوونەسەردار'' بۆ (قەنارە یان لەسێدارەدان) بە کار دێت. لەم شیعرەدا (نوختە) و تیپی (نوون)یش، وەکو پێشتریش باسم کرد، بەرانبەر (نور) دادەنرێت، بەڵام لەم شیعرەدا سەرەتای وشەی (نەزانین)ـە. لە شیعری دووەمدا، شاعیر واتایەکی تەواوی بە تیپی

(دال) داوە و بە دڵدارییەوە بەستوویەتییەوە و هەمان کات خەسڵەتەکانی، وەکو ئاگر و ئاگرتێبەردان و گڕ و سووتانی هەیە، بەڵام وا دەردەکەوێت شاعیر ئەو سووتان و ئاگرتێبەردانە بە ژیانەوە دابنێت، بۆیە دەڵێت (چ دەوەنێ بە (دال)ی دڵداریت نابێتە دار و نابێتە دارستان!).

تیپی (ع: عەین) لە شیعری (بڵاچە)دا بەم جۆرە بە کار هاتووە:

بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریەکەشەوی تەمەنم
بڵێسەی (عەین)ی عەشقە
کە دارستانی ئەلفوبێ
بە وڕێنەی خۆڵەمێش دەناسێنێ.

تیپی (عەین) بەرانبەر سیفەتی (علم) و هەروەها (عین) لە زمانی عەرەبیدا دادەنرێت، بەڵام شاکەلی ئەم تیپەی بۆ (عەشق) داناوە. دتوانین بڵێین (بڵێسەی چاو عەشقە)، چونکە (عەین) واتای (العین) چاویش دەبەخشێت.

لە شیعری (دارستانی تاسە بە سروەی یادی یار دەشنێتەوە)دا دەڵێت:

خۆم دایە دەست شنەی بەرزەفڕانەی خۆڕزگارکردنەوە؛
نە ڕزگاریم کەوتە دەست و نە باڵندەی (خۆ) گەیشتەوە
هێلانەی خاپووری (م).

تیپی (م: میم) بەرانبەر سیفەتی (الملک) دادەنرێت، بەڵام شاعیر پەیڕەویی ئەم بۆچوونەی نەکردووە و (م) بە واتای (من) دێت. هاوکات دەتوانین بۆ (موڵک)یشی دابنێین.

له شیعری (زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی)دا دەڵێت:

نامبینی لەم زیندانەدا چۆن نەمامی ڕۆحم لە سێبەری شێداری تەنیاییدا، وردورد، دەژاکێت. ڕۆحم، هەتا بینا بوو، بۆ حەرفێکی خۆرەتاو داستانی تاریکی و ڕووناکیی پەڕە پەڕە دەخوێندەوە.

لێرەوە، لەم زیندانەوە، ڕۆح بۆ ڕزگاری کە دەگەڕێ؛ (ڕێ)یەک، هەر تەنیا یەک ڕێ دەناسێ؛ نە (ڕێ)یە و نە (ڕ)ی ڕۆحە و نە (ڕ)ی ڕزگاری.

ئێستا ئەگەر نەیەی بە هاوارمەوە، دەزانم، دەزانیت تازە ئیتر، لە شیعرێکی بێدەنگدا نەبێ نامبینیتەوە.

تیپی (ر: راء) لە زمانی عەرەبیدا و لە (علم الحروف)دا بەرانبەر بە (رب) دادەنرێت، بەڵام (ڕ: ڕێ)، ئەم دەنگە و تیپە لە زمانی کوردیدا زۆرتر بە کار دێت. شاعیر بۆ مەبەستێکی جیاواز دایناوە و واتایەکی دیکەی پێ بەخشیوە. (ڕێ) یەکەم تیپی وشەکانی (ڕێگا و ڕۆح و ڕزگاری)یە. ئەم سێ وشەیەش لە جیهانی تەسەووفدا و لەم شیعرەی شاکەلیدا پەیوەندییەکی زەروورییان بە یەکدییەوە هەیە. ڕێ یان ڕێگای گەشتە ڕۆحانییەکەی شاعیرە بەرەو ڕزگاری، یان گەیشتن بەو (مەقام)ـەی بە دڵدارەکەی دەگەیەنێت.

پاش دەربڕینی ئەم سەرنجانەم لەسەر چەند هۆنراوەیەکی فەرهاد شاکەلی و بەستنەوەی ناوەڕۆکیان بە تەسەووفەوە حەز دەکەم ئەو خاڵەش باس بکەم، کە سەرنجەکانی من تەنیا سەرنج و دواسەرنجیش نین. هەمان کات لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە دڵۆپێک ئاو بێت لە دەریای بیرکردنەوە و ئەزموونی شاعیرانەی ئەم شاعیر و ڕۆشنبیرەدا.

هیوادارم له داهاتوودا بتوانین زۆرتر لەسەر ناوەڕۆکی فەلسەفیی هۆنراوەی کوردی بنووسین، کە بەداخەوە ئاوڕێکی جیدیی لێ نەدراوەتەوە. دواجار حەز دەکەم ئاماژە بەو خاڵەش بدەم، کە توێژینەوەکەم تەنیا لەسەر ناوەڕۆکی چەند هۆنراوەیەکی ئەم شاعیرە بوو نەک شێوازی هۆنراوەکانی. دڵنیاشم بەرهەمەکانی بەگشتی و ناوەڕۆکی فەلسەفیی هۆنراوەکانی بە تایبەتی زەخیرەی ئەدەب و کەلەپووری گەلەکەمان دەوڵەمەندتر دەکا.

د. محەمەد کەمال

زانکۆی ماڵبۆرن

٢٠٠٩

1- Al-Qushayri, Al-Risala al-Qushayriya, translated by Rabia, Haris, Chicago, ABC Group International, 1997. P 28.

2. Al-Hujwiri, Kashif al-Mahjub, translated by Reynold A. Nicholson, London: Luzac, 1976. P.34

3- Al-Hujwiri, Kashif al-Mahjub, p 41.

4. Muhammad Abdul Haq Ansari, Sufism and Sharia. Kuala Lumpar: A. S. Noordeen, 1978. P. 101

(٥) لە ڕابیعەیان پرسیوە، ئایا ڕقی لە شەیتانە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتوویەتی، کەسێک دڵی بە عەشقی خوا پڕ بووبێت، ڕقی لە هیچ نابێت.

6- Louis Massignon, Hallaj: Mystic and Martyr, translated and edited by Herbert Mason, Princeton: Princeton University Press, 1994. P.285.

هەروەها بڕوانە: ابي جعفر محمد بن جرير الطبري: تاريخ الامم والملوك، المجلد الخامس، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٧٠ ص ٦٧٧ .

7- Mir Waliuddin, Love of God: A Sufi Approach, London: Sufi Publications Company 1968. P. 32

(٨) شـاوەلی ڕابەری بزوتنـەوەی پاکسـازیی پێش سـەردەمی تازەگـەرییـە لە هیند.
ئەم زانایە لە شـاری مـەدینە هاوپۆلی محـەمـەد کوڕی عـەبدولوەهاب (دامـەزرێنەری
بزوتنەوەی وەهابی) بووە. لەو مامۆستایانەی کاریـان کردۆتە سـەر بیروباوەڕی و
لە شـاری مـەدینە لەلای خـوێندوویەتی، زانایەکی کـوردە بە ناوی شـێخ تـاهیـری
بەرزنجی.

(٩) ئەم پەڕتووکەی ئەفلووتین عەبدولمەسیح کوڕی عەبدوڵا کوڕی نەعیمەی حمسی
(٨٣٥ مـردووە) زانای مـەسـیـحی لە بەغـدا وەریگێـڕاوەتە سـەر زمـانی عـەرەبی.
کـەندی فـەیلەسـووفـیش، کـە ئەو کـاتە سـەرپەرشـتی بەشـی وەرگـێـڕانـی (بیت
الحکمـة)ی کـردووە و پیـایدا چۆتەوە و پێـشـەکـیی بۆ نووسـیـوە. بەڵام کـەندی
نوسەرەکەی نەناسیوە و ناوی (تیـۆلۆجیی ئەریستۆ)ی بۆ داناوە و بەو ناوەوە بڵاو
کراوەتەوە.

(١٠) جـەهم کـوڕی سـەفـوان (٧٤٥ مـردووە) لەگـەڵ جـەعـد کـوڕی دەرهـەم
خوێندوویەتی. جـەعد لەسـەر بۆچوونەکانی بە فەرمـانی خـەلیفـەی ئەمـەوی گیـرا و
تاوانی (زەندیق)ی خرایە سەر. فەرمانڕەوای عێراق بە دەستی خۆی سەری بڕی.

11- Plotinus, The Six Enneads, translated by B. S. Page, Ch
cago,Chicago University Press, 1952. P .vi.

(١٢) مـەنسـوور کوڕی حـەللاج لە ساڵی ٩٢٢ لە شـاری بەغدا لەسـەر پارچەیەک
تەخـتـەی گـەورە بە مـێخ داکـوترا و ڕۆژی دووەم دەست و قـاچیـان بڕی و ڕۆژی
سـێـیـەم، کـە هێـشـتـا زیندوو بوو سـەریـان بڕی و لاشـەکـەیان سـووتان و
خۆڵەمێشەکەیان فڕێ دایە نێو ئاوی ڕووباری دیجلەوە. بڕوانە: ابی جعفر محمد
بن جریر الطبری، تاریخ الامم و الملوک، المجلد الخامس، دارالکتب العلمیة، بیروت،
١٩٧٠، ص ٦٧٧

(١٣) بڕوانە : قورئان، ٢٤: ٣٥

(١٤) ناوی ئەم پەرتووکەی سوهرەوەردی (قصة الغربة الغربیة)یە.

(١٥) بڕوانە: کـۆمـاری ئەفـلاتوون، وەرگـێـڕانی د. مـحـەمـەد کـەمـال، دەسـتگای
سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٢١٨–٢٢٠

16- Suhrawardi: The Philosophy of Illumination ( فلسفة الاشراق ) trans-
lated by John Walbridge and Hossein Ziai, with Arabic text, Provo,

Utah: Brigham Universty Press, 1999. P. 78

(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ٨٨

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ٨٧

(١٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١١٣

(٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٥٥

(٢١) جەلال ئەلدین دیوانی زانای موسوڵمانی سەر بە فێرگەی ئیشراق، کە لەساڵی ١٥٠٢ لە شیراز مردووە پەرتووکێکی بە ناوی (شواکل الحور فی شرح هیکل النور) لەسەر سوهرەوەردی نووسیوە.

22. Suhrawardi, The Philosophy of illumination, p. 135

(٢٣) بڕوانە: محیی الدین ابن العربی، الفتوحات المکیة، الجزء الرابع، دار صدر، بیروت، ص. ٤٢١-, ٤٧٠ هەروەها بڕوانە:


William C. Chittick: The Sufi path of knowledge: Ibn al-Arabis meta-physics of imagination, Albany, Stark universtyof New York Press, 1989, p. 128

(٢٤) محیی الدین ابن عربی: شجرة الکون، المرکز العربی للکتاب، بیروت، ١٩٨٤، ص. ٤٢

بۆ ئەم ئایەتە بڕوانە: القران، ٢: ١١٧

(٢٥) فەزلوڵلا ئەشتەرئابادی لە ساڵی ١٣٤٠ لە ئەشتەرئاباد لە ئێران هاتۆتە دنیاوە. یەکێکە لەو سۆفییانەی بانگەشەی گەیشتنی بە دواقۆناخ (فناء فی الله) لە تەسەووفدا کردووە. لەبەر ئەمە مەلاکان تاوانی (زەندیق)یان خستۆتە پاڵ و بە فەرمانی تەیموور لەنگ لە ساڵی ١٣٩٤دا لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا کوژراوە.

# ژێ


ژێ
فەرهاد شاکەلی

# I

به حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتوە لە ڕۆژێ بووم
وەکوو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم
(مەحوی)

پابەندی خەلاییق نییە تەبعم وەکو خەڵکی
بێکولفەتم و ڕەندم و سەییاحم و سالووک،
من خواجەیی ئەحرارم و ئامێزشی دنیا
هێشتاکە نەمیکردووەتە بەندەیی مەملووک
(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

# ئەی بۆچی دێی؟

بەم نیوەشەوە
لە کوێوە دێی
خەوەکەم دەزڕێنی و خەونەکانم دەتارێنی؟
لە کوێوە دێی؟
خۆ من دەرکەی ئەم دڵەم داخستبوو.
وام دەزانی
نە وزەی با و نە تارمایی ڕێ دەرناکەن.
ئەی بۆچی دێی؟
کەی من دڵم بۆ ئێشی تۆ ڕاخستبوو؟
من دڵم بۆ تاسەی دووریت ڕاخستبوو.

لە کوێوە دێی...؟
لە کوێوە دێیتە مەڵبەندی بیرەوەری و
تاسە و شێتیم؟
خۆ تۆ هەرچی ڕچە و شوینپێ هەبوو گشتت
کوژاندەوە...
چی تووڵەڕێ هەبوو هەمووت سڕییەوە،
ئیدی چۆن دێی...؟
گەر دەتەوێ بکەویتە بەندیخانەی دڵمەوە

له بەردەرکەی ئەم شارەدا
ئاگرێکی سووری وەک خوێن هەڵگیرسێنە!
نامە زەردەکەی دوێنێتی تێ فڕێ دە و
بیسووتێنە...!
گەر دەتەوێ لە ئاسمانی دڵداریما
تاکە ستێرێکی ورد و چکۆلانەت بەر بکەوێ
هەستە تیروکەوانێکی بۆ هەڵگرە و
ڕوو بکەرە ئەو سترانە بێئاوازەی
بۆت ناگوترێ...
ئەی بۆچی دێی؟
تۆ جۆگەلە شیرینەکەی جارانم نییت،
تۆ ئاسمانە بەرینەکەی جارانم نییت...
نە تۆ نێوی من دەزانی و
نە من دڵم بە دەنگی تۆ دەکرێتەوە.
ئەی بۆچی دێی...؟
من تازە مەیلی جارانم لە لا دروست نابێتەوە،
من تازە چۆن دڵم لە تۆ دەچێتەوە...؟

سۆللەنتوونا ٢٢-١-١٩٨١

# داوێن

لەو ڕۆژەوە
دەرگەی کۆشکی هاوڕێتیت لێ کردوومەوە،
خەونەکانم
جارجار بۆنی تۆیان لێ دێ.
ڕۆژەکانم، کە دووریشی،
زۆرجار بۆنی تۆیان لێ دێ...
کاتێ تەنیام و هەڵبەستێ پەیدا دەبێ و
بەرۆکی تەنهاییم دەگرێ،
ورد دەبمەوە،
بەژنوباڵا و بزە و نیگای سەرنج دەدەم،
شێوەی تۆی تیا بە دی دەکەم.
لەنێو پاسا
لەلای خۆما جێگەیێکت بۆ دادەنێم،
لەتەکما دێیتە ناو شار و
لەتەکیشما جاربەجارێ دێیتەوە...
کە یاری بە پرتەقاڵی وشە دەکەم
لە دەستم بەر دەبێتەوە و
دەکەوێتە
نێو داوێنی بۆنخۆشی تۆ...

سۆڵەنتوونا ١٤-١٢-١٩٨٢

# بۆنی باران

با بێ دەنگی پڕ ئاوازت، با دەنگت بێ،
با هەناسەت لە دوورەوە مێشکی ماندووم سەرخۆش بکات،
با بە ئاستەم بکرێتەوە گوڵهەناری دەمولێوت.
با بێ دەنگت...!
بەسەر هەستی مات و خەمباری ئەمشەوما
نەرمەبارانی دڵداری
ببارێنە!
با بێ دەنگت!
خۆ من بێ تۆ
دەرگەی هۆنراوەی شیرینم بۆ ڤەنابێ،
بێ تۆ باژێر
لەم کۆڵان و لەو شەقامە
لاوکی ژینم ڕاو دەنێ.
بێ تۆ گۆرانیی ئەڤین،
بێ تۆ ئاوازی خەمرەڤین،
چێ نابێ...
ڕۆژم بێ تۆ، گیانە، ڕۆژی دارستانێکی پاییزە،
بێ پێکەنین و بێ بزە.

شەوم بێ تۆ
شەوی دووریی نیشتمانە و
شەوی یادی مەرگی هاوڕێی بێناونیشان،
شەوی زستانی بێباران،
شەوی دڵدارێکە تەنێ
کەسێ نییە هاودەمی بێ،
کەسێ نییە برینەکانی بژمێرێ،
کەسێ نییە
لەتەک دڵی سەرشێتیدا بەستە بڵێ،
پێبکەنێ.
شەوی دڵدارێکە تەنێ،
هەرچی مەرگی سەرزەوییە
وەکوو پۆلیس
ڕاوی دەنێن و نایگەنێ.
شەوی دڵدارێکە تەنێ،
بێشکەی خەونی برینداری ڕادەژەنێ.
کەسێ نییە هاودەردی بێ،
کەسێ نییە هاودەمی بێ،
کەسێ نییە هاوخەمی بێ...

کێ بێ، بێ تۆ، برینی هۆنراوەکانم
دەرمان بکات؟
کێ بێ دەرد و ژانی دڵم

هاسان بکات...؟
کێ بێ لە پەنجەرەی نیگای سەرهەڵگرتووم
گەردی خەمی ساڵان بسڕێ...؟
کێ بێ جارێ
پیرەداری ئەم دڵەی من ڕاوەشێنێ،
هێشووی برین بێتە خوارێ...؟
کێ بێ جارێ
قۆزاخەی خەونەکانی من بکاتەوە،
سەری کووپەی یادەکانم هەڵداتەوە...؟
کچە دملی،
کچە ڕووبار،
کچە زازاییی گوڵهەنار...
بۆنی دارستانت پێیە،
بۆنی شار و گوندی کوردستانت پێیە،
بۆنی زۆزان،
بۆنی گەرمیان،
بۆنی بارانت پێیە...

کچە کرمانج بمدوێنە!
ئەم زەوییە تینووی خوێنە.
بمدوێنە و ڕازی دڵی تەنێی خۆتم پێ بێژە!
ئێش و ژانی دڵی خۆتم بۆ هەڵڕێژە...!
کێ بێ دڵی تۆ ناس بکا لە من چێتر؟

کێ بێ ژانی ئەم جیهانەت بۆ باس بکا
لە من چێتر...؟
کێ بێ شەوی دوورەوڵاتیت تژی کا
لە گۆرانیی کەسک و جوان؟
کێ بێ وەکوو ستێرێ گەش
بجریوێنێ،
خەونەکانت بدوێنێ
تا بەیان...

هامبورگ ٢٨-٥-١٩٧٨

## جاران كه تۆ ئاسمانێ بووی

خانمەکەم تۆ، ئێستاش، جارجار، لە دەریاچەی
خەوبینینما، وەکوو باڵدارێکی سەوز و بچکۆلانە
دێیت و دەچی و لەم دوڕگەیە و لەو کەنارە
ئارام دەگری و ئارام ناگری...
ئێستاش جارجار
وردەشەپۆلی بێڕەنگی تاسەم بەسەر
لەشولاری پەمەییتا دادەبارێ.
جارجار دەبیتە شەماڵ و هێدی هێدی
بەسەر ڕۆخی کەسکی یادا تێدەپەڕی.
جارجار دەبیتە تیریێژ و لە پەنجەرەی
خەیاڵەوە
دەڕژێیتە ناو ژووری تەسکی بێوڵاتیم.
جارجار لەتەک ئاوازێکی کوردەواریی دڵتەزێنا
چاوی حەزم لێ دادەگری و وردەڕازی
جارانی خۆشەویستیمان
دێنیتەوە بیری دڵی خەفەتبارم...
جاران... کە تۆ
لە مزگەوتی شیعرەکانما قورئانێ بووی،

لە ئاسمانی پیرۆزەییی هیواکانما
ستێرێکی ورشەدار بووی،
تۆ ڕووبار بووی،
ئاسمانێ بوو،
بۆ تەمەنی سەرگەردانی ئەوساکەم ناونیشانێ بووی...
جاران... کە تۆ زریانێ بووی،
لووتکەی کەژ بووی، بەفری خۆزگەم
لە وەرز و ناوەرزا هەر ڕووی تێ دەکردی.
ئێستاش جارجار
گۆمی مەنگی خەونەکانم دەشڵەقێنی.
ئێستاش کە شەو دەبێتە چوار دیواری ڕەش،
مەلی نیگام لە پەلوپۆ دەکەوێ،
تۆ دەبیتە مۆسیقایەک
لە دوورەوە ڕێگە دەبڕی،
تا بێیتە لام بۆ شەوێ.
تۆ دەبیتە مۆمیکی ئاڵ،
تۆ دەبیتە مۆمێکی شین.
کەی بێ وێنەی
ئەوینی ئەو ساڵانەمان بکێشین؟

گیانە گەرمیان یەکجار دوورە،
گیانە زۆزان یەکجار دوورە،
گیانە ڕێگای نێوان ئێستا و شەوی جاران

یەکجار دوورە.

ئاخر خۆ تۆ نە دارستانی پاییز بووی
تا لە زەردەی ئێوارانا
وەکوو تاوەبارانێکی سەرهەڵگرتوو
لێت بئاڵێم،
نە گوندێکی هەردە و کێوی کوردستان بووی
تا شەوێکی تۆفی زستان
وەکوو توولەڕێگایەکی وێڵ و غەریب
ڕووت تێ بکەم.
تۆ هەورێکی پەمەیی بووی
جارجار خەونی بێپەڕوباڵی ئەوساکەم
لێوی وشکیان تێ دەژەندی.
ئێستاش، خانمەکەم، جارجارێ
دێیت و بەسەر
چەمی هەڵچووی شیعرەکانما
نەوی نەوی
تێدەپەڕی.

هامبورگ، نەورۆزی ١٩٧٨

# هەورێکی کەڵەگەت

من گوڵێکی سوورم دەوێ
بۆنی زۆزانم بۆ بێنێ،
من هەورێکی کەڵەگەتم دەوێ بێت و
دار و بەرد و دەشت و زنار
بە دەستێوە بناڵێنێ...
چەخماخەیەک
لە شەوگاری زڤستانی تەنهاییما
بشریخێنی.

سۆلنا ١٩٧٩

# زەنگ

١

کە شەو برین، ڕووبارئاسایی، هەڵدەچێ و
تۆش نە ڕۆخ و نە بوار و نە بەردەباز
بە دی ناکەی،
لە وێرانەی بیرەوەریی ڕۆژانتا
بۆ ئەسکڵی ئەوینێکی سوور بگەڕێ...

٢

بیرتە کابرای پیرە دەیوت:
ئەوی کە سواری شەپۆلی زەریا دەبێ
ترسی خنکانی نییە...!
بیرتە زەریای ئەشقێکی سوور
ڕۆژێ ڕووەو دوڕگەیەکی بێسنوور
هەڵیگرتین...؟
ئەودەم نە تۆ، نە من، نە ئەو شۆڕەسوارەی
دیمانەی شارێکی دوور و کۆستکەوتوو بوو
لە شەپۆلێ، گێژەنەیەک نەترساین...
ئەودەم ڕووەو هەوراز دەچووین،
لووتکەی هەزاربەهەزارمان پەی دەکرد...

ئەودەم نە شەو هەبوو ڕێمان پێ بگرێ
نە پێلی زەریایێ دەنگی
گۆرانیمان کپ بکات...

٣

گەر بەفر بێ و گەر زریان بێ
ئەم دەوەنە
هەڵدەچێت و دەژییێتەوە.
گەر ئاگر بێ و باوبۆران بێ
من هەر خەمی
ئەم چرا بچکۆلانەمە نەکوژێتەوە.

سۆللەنتوونا ٢٨-٨-١٩٨٠

# چەپکێ تریفە

گەر دەمزانی دووریت ئاوا سەخت و تاڵە
گشت ساتێکی ئەو ڕۆژانەم
لە گوێ ڕووباری نیگاتا دەبردە سەر،
شاخی بیرەوەرێکانم
بە چەخماخەی بزەی سەرلێوت دەسووتاند.
گەر دەمزانی
شەوی دووریت وا تاریکە
لە تریفەی نیگاکانت
چەپکێکی زەردم دەچنی.
ئەی کچەکەی ڕەنگ پەمەیی،
دەنگ پەمەیی...
لێم مەپرسە بۆ ناتوانم
شیعرێکی ئاڵت بۆ بڵێم...!
لێم مەپرسە بۆ ناتوانم
شیعرێکی کاڵت بۆ بڵێم...!
لە دووریتا
مەلی دەنگبێژی هۆنراوەم
باڵەفڕێ لە بیر دەکا و
لە پەلوپۆ دەکەوێ.

هامبورگ، ئۆکتۆبەری ١٩٧٧

# داری ئەڤین

که چراکان کوژانەوە و
تاریکایی
لەشولاری پەمەییتی گرتە باوەش،
شیعرەکانم وەکوو چەپکەمۆمێکی سوور داگیرسێنە!
با گۆرانیی دڵی ئەوڤیندار ببیسی...
با گریانی شاعیری خەمبار ببیسی...
که چراکان کوژانەوە،
وێنەکانم لە ئەلبوومی وەرزی برینداری ئەوین
دەربێنە،
یەک بە یەکیان بدوێنە!
با تێبگەی داری ئەڤین
تا پەرچی کەی پتر دەکشێ،
ڕەگ دەکوتێ،
هەڵدەزنێ...
نە گەردەلوول، نە ڕەشەبا، نە زریان
لێوی تینووی لە مەمکی خاک ناکاتەوە،
بۆنی زەوی و خۆڵی لە بیر ناباتەوە.

ئوپسالا، نەخۆشخانەی ئەکادێمی
١٩٧٨-١١-٢٧

# شەویش چاوەڕێی هەتاوە

نەبوە نابینی لە شەو مەحرەمترێ تا ڕۆژی حەشر
پەردەپۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششاقانە شەو
..........
هەر لە تاریکیی شەوایە ڕێ درێ ئەهلی نیاز
ڕازی دڵ ئیفشا بکەن، خەڵوەتگەهی خاسانە شەو

(مەحوی: ١٨٣٠-١٩٠٤)

شەوگار درێژە، خانمەکەم، نابڕێتەوە.
شەوگار میوانێکی ڕوودار و سەرسەختە
دەریشی کەی هەر دێتەوە...
شەوگار ڕەشە،
شەوگار شینە،
شەوگار ئەلبوومی برینە،
شەوگار گیرۆدەی ئەوینە...
بۆ نازانی
شەویش وەک تۆ، وەک من، ئێش و
خەم و ئازاری خۆی هەیە؟
شەویش دڵداری خۆی هەیە...؟
بۆ نازانی
شەویش دەگری و پێدەکەنێ،

شەویش زوو زوو خەو دەبینێ...؟

بیدوێنە، خانمەکەم، بیدوێنە!
ئەم شەوگارە گەلێ باسی خۆشی پێیە،
ڕازی دڵی خەفەتبار و چیرۆکی دڵخۆشی پێیە.
ئەویش وەک فەرهاد چاوەڕێی شیرینێکە،
ئەویش وەک ئێمە سەرخۆشی ئەوینێکە...
بیدوێنە، خانمەکەم، شەو بدوێنە...!
ئەویش وەک ئێمە ئاشنای مەمێکە،
ئەویش وەک ئێمە هاودەردی زینێکە...
بیدوێنە!
ئەم شەوگارە
وەکوو من و تۆ دڵدارە.
ئەویش دیلی چوار دیوارە،
ئەویش وەکوو گشت عاشقێ
هێندەی گۆیژە خەم و تاسەی لە لا بارە(*).
ئەرێ، گیانە...
شەویش وەک ئێمە دڵداری بێناوە،
شەویش وەک ئێمە چاوەڕێی هەتاوە.

هامبورگ ١٦-٦-١٩٧٨

(*) فۆلکلۆری کوردی دەڵێ:

دەچمە سلێمانی گۆیژەم لێ دیارە
بە قەد ئەو گۆیژە خەم لە لام بارە.

# زەنگی مەرگ

ئێستە خەڵەلی عافییەتیش باری بەدەنمە
هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم
(گۆران: ١٩٠٤-١٩٦٢)

دەڵێن دەمریت...
فەرهاد، دەمریت...
تۆش دەبیتە تارماییەک
شەوان دێیت و بەسەر شار و دێی وڵاتا
تێدەپەڕی و جاربەجارێ
مناڵێکی بزێو و ڕووخۆش دەتبینێ و
تاوێ لێت ورد دەبێتەوە...
مەگەر جارجار لە خەونێکی زستانەدا
شێوە و دەنگتی بێتەوە یاد...
دەڵێن دەمریت،
وەک هەناسەی سەربازێکی بێسەروشوێن
دەئاڵێیتە
بەردەڵان و جەنگەڵی خاکێکی دوور و بێناونیشان.
دەڵێن نەخشەی دوورگەیەکی کەسکت پێیە
بۆچی نایدەی بە زەریاوانێکی دڵدار...؟

دەڵێن ڕێگەی وڵاتی باران شارەزای
بۆ پێشانی ڕێبوارێکی هەوری نادەی...؟
دەڵێن دەمریت...
مردن هەردەم، کات و ناکات،
لە کەڵبەزی چاوەڕوانی و هومێدەوە
دەڕژێتە ناو گۆلی مەنگی ڕۆژەکانم.
مردن دەگەڵ خەمەکانم ئاوێتەیە و
دەمخاتە سەر دووڕێیانی هاتونەهات.
دەڵێن دەمریت...
تارماییی مەرگ لێم ناگەڕێ،
بە شەو پەنا بۆ گومەزیی گوڵڕەنگی خەون دەبەم،
دەخزێمە خوار،
دیسان مردن دێتە سەرم و کەوڵم دەکا...
بە ڕۆژ ڕووبار هەڵدەچێت و لافاو لێواولێوی دەگرێ و
هەر مل دەنێم...
ئاخۆ کەی بێ دوور لە دەنگ و ڕەنگی مردن
تاوێ بژیم؟
کەی بێ ئاخۆ
گیانم وەکوو سیپاڵێ کۆن
بدەمە بەر ڕەهێڵەی شەستەبارانێ؟
کەی بێ لە ڕۆخی چەمێکی بەرین و سەرهەڵگرتوودا
گوێ ڕادێرم، چاو ببڕمە تەنکاوی ڕوون،

دەنک دەنک بەرد و چەوی تیا بژمێرم؟
سەرنج بدەم چۆن ئەم و ئەو
پێ دەنێنە سەر تاوێر و بەردەباز و
پێ هەڵدەگرن؟
کەی بێ وەک نەرمەبارانێ
دەست لە بەژنی شۆڕەبییەک وەربێنم؟
وەک بارۆڤە و وەک زریانێ
لە ترۆپکی چیایەکی وڵاتەکەم بئاڵێم؟

لە قوژبنی ئەم مەیخانە دڵتەنگەدا
هاتووم هۆش و بیرەوەریم بفرۆشمە
پیاڵەیێ مەی،
دەڵێم بەشکو ئەو خوناوەی
لە مەیخانەی بەدمەستیدا هەڵمدەڕشت
لێرە، لەنێو بادەیەکی گوڵڕەنگدا
بیبینمەوە...
لێرە، لە کۆڕی هەیهەی و بەزم و ڕەزمی شەوانەدا
نەوایەکی چیایی دێ و
ئەم دڵەی دووروڵاتی من دێنێتە کوڵ...
دەبم بە هەڵمێکی ڕەنگدار، بە ئاسمانی
وڵاتێکی بێناو و بێناونیشانا دێم و دەچم.
دەبم بە هەستێکی شین و
پەڕ بە پەڕی خەمنامەکەم دەڕەنگێنم.

زەنگێ شەوانە ئارامی لێ بڕیوم...
کام کاروانە بەم ناکاتە
بە دوای سەرایەکدا وێڵە؟
کام کڵۆڵی بێوڵاتە
وا دڵداری بوولێڵە؟
زەنگی بارگەی ژینی خۆمە
ڕوو دەکاتە هەوارێکی سەر بە تەم و هەوروهەڵا،
زەنگی کۆچێکی خەمینە
دەڕوا و ئیدی نایێتەوە،
لە وێرانستانی مەرگ و نەمانەوە سەر دەردێنێ.

سۆللەنتوونا ٢٦-٨-١٩٨١

# شەوی هەستیت

لە دەرگای شەو بدە و ئاوڕ مەدەرەوە!
ڕوو بکەرە وێنەی ڕووشاوی ڕابوردوو!
بە دیواری کەلاوەی ڕەشداگەڕاوی ڕۆژانتا
هەڵواسراوە،
دێت و دەچێ
هەرچی زەنگی ئەم سەردەمە هەیە هەموو
دێنە دەنگ و
وەکوو پۆلەپەلەوەرێکی خەمبار و سەرهەڵگرتوو
ڕازی چەمە بێدەنگەکان دەڵێنەوە...
گوێ بدێرە!
ئەم شەوگارە بە قووڵاییی
هەزاران دەشت و بنار و چەم و دۆڵا چۆتە خوارێ،
تۆش ببەرە شۆڕەسوارێ
بکەوەرە ئەم پێدەشت و باسک و هەردە و
چاوی هەڵۆت
بەربدەرە گیانی تەم و سێبەر و با...
گوێ ڕادێرە،
ئەمشەو لافاو

هەرچی ڕێگە و لاڕێگەیە گرتوویەتی،
دەکشێ و دەڕوا و دەناڵێنێ.

ئەمشەو باهۆز
ڕەگی دار و دەوەن لە بن هەڵدەکێشێ،
کۆڵەکەی ئاسمانی خەونیش
دەهەژێنێ...

ئەمشەو هەستیت
لە جەنگەڵی بێدەرەتانی ئازاری ڕۆژانەدا
خانمێکی سەوداسەرە
بە دوای بەهاری تەمەنی خۆیا وێڵە.
دەنگت چرایەکی کەسکە
درز دەخاتە
شوورەی ئەستووری تاریکی.

بەم ئاسمانی شەوگارەدا
هەسارەیەکی گەڕیدەی
دەفڕیی،
ڕووەو گەرمەسێرێ
دڵی تەنیات بیکاتە ماڵ
سەر هەڵدەگری.
گۆی زەوینت لە لا دەبێتە نێوەندی تابلۆیەکی
ئەفسووناوی

هەودای بیرت لێی دەئاڵێ.
کەی تۆ بیرت لە بەندەری ئاوا بێدەنگ کردۆتەوە؟!
کەی تۆ ڕۆژێ خۆتت بۆ ئاوها ڕۆژێکی
پڕ لە هەرا و
پڕ دەنگەدەنگ
هەڵگرتبوو...؟

سۆڵلەنتوونا، پاییزی ١٩٨٢

# سوێ

١

بە شەو و ڕۆژ
گوێ لە ڕازی دڵ دەگرم و
کەژ و کێو و هەردە و دەشتی ئەو وڵاتەم
لە بەرچاوە...
سەرنجی شۆڕەبیی بەژنی دڵدارێکی ونبووم دەدەم...
مژێک سەرتاپیی گەردوونی داپۆشیوە و
دەڕوانمە پەنگری ئەستێرەیەکی سەرهەڵگرتوو.
من تەنێم و ئەویش تەنێ و شەوگار دۆستی
شەووڕۆژی هەردوومانە...
لە گریانا دڵدانەوەی ڕۆژانی برینداری
تەمەنێکی چەپۆکبەسەر دەبینم و
کەفی ئێستا لە گێژەنەی
ڕووداوەکانا دەبێتە دەوەنێکی زەردهەڵگەڕاو،
دەنگێک لەودیوی ئاسمانی هۆشی کەیلی ئێستامەوە
یادی خاکێکی هەراو
دێنێتەوە بیری هەستە ئاڵەکانم...
ئاڵۆشی تاسەی گڕگرتووم

شەپۆلی کارەبای پەستی و
هەڵچوونێکی شێتانە
لەنێو شانە و جمگە و ئێسکی بیرەوەری و
بیرکردنەوە و وردبوونەوەی
بێسنوورما پێ دەکا...

٢

شەوانە ئارەزوو ڕووت ڕووت دەبێتەوە و
لەشی کەنیشکانەی خۆیم نیشان دەدات،
لە ئاوێنەی بیرما وێنەی ڕووبارێکی زێڕین
دەدرەوشێتەوە...
ورشەی ئەستێرەیەک تیژڕۆ
دەر و دەشتی وڵاتی تاری دەروونم
دەکاتەوە بە چراخان.
ڕەنگ و بۆنی نیشتمانە خەمبارەکەم
وەکوو دڵۆپەئاونگی بەرەبەیانی بەهارێ
دارودەوەنی هزرینم دادەپۆشێ...
(مرواری هاژەی شەپۆل و گاڵەی ماسیگرانی بیر
ناچێتەوە،
یادی زەریا و لم و کەنار
سوێ دەکاتە دڵی تەنهای خەفەتباری...).

سەرم دەبێتە ڕووناکیی چرایەکی ڕۆخی زەریا

بە شەوبایەک دەکەوێتە لەرینەوە...
دەمێ تارمایی هۆگری
ڕێبواری دوانیوەشەوی شەقام دەبێ،
دەمێکیش دڵم دەبێتە
نەیژەنێکی خەفەتبار و بە ئاوازێکی باستانی
چی ئەفسانەی ناهومێدیی کەونارایە
دەخاتەوە بیری سەرای وێرانەخاک...
دەنگم دەڵێی تارایەکە ڕەنگاوڕەنگ
بەسەر بەژنی بووکی ڕازونیازی دڵما
شۆڕ بۆتەوە...
هەستیم ئەستێرەی شەوێکی هەورینە
تاوێ گەشە و مرواریی لێ دەبارێ،
تاوێکی دیش
لە گەواڵە ڕەشاوێکا
نوقم دەبێ...

سۆڵلەنتوونا، پاییزی ١٩٨٢

# گەڕانەوەیەک

کە ئێواران ڕووناکایی
لە پەنجەرەی ژووری مەست و خەمبارتەوە
دەچێتە دەر،
دادەنیشیت، دەڕوانیتە شووشەی لێڵ و تەمداگرتوو،
دەنک دەنک
دڵۆپەباران دەژمێری
دەدا لە شووشەپەنجەرەی مەست و خەمبار.
چاو هەڵدەخەی،
ئاسمان بۆتە چارۆکەیێکی ڕەش و مۆر،
جێگەگوڵێکی تیا نییە، سۆزی دڵت
داگیرسێنێ.
چاو گڕ دەدەی، زەوی بۆتە دەسماڵێکی
سووری خوێنڕەنگ
لە چمکێکیا جێی دڵی تۆ نابێتەوە.
باش دەزانی و لە لات ڕوونە
ئەم ئێوارە خەمهێنەرە
چۆن شەوێکی بە دواوەیە.
باش دەزانی ئەمشەو هەرچی خەونت هەیە

به قەنارەی ئەم شارەدا
شۆڕ دەبنەوە و
هەرچی تاسە و حەزت هەیە، دەبێ وەکوو
پەڵاسەکۆن
لەسەر دیواری پێشانگە و مۆزەخانە
هەڵیانبخەی
با هەتاوی
سەردەمەکانی پێشمێژوو لێیان بدا،
وشک ببنەوە...
سەرنج دەدەی،
بە دووربینی بیرکردنەوەت
دەشت و دەر و دۆڵاودۆڵ و کون بە کونی
ئەم سەردەمە دەپشکنی...
ئاخۆ ئێستا لە کامە شار، لە کامە گوند،
یەکێکیان وە گیر هێنابێ و
وە بەر قەمچی و داری بدەن،
هەموو وێکرا کەوتبێتنە وێزەی گیانی و
لێی نەگەڕێن هەتا هەلاهەلای دەکەن...
ئاخۆ ئێستا، لەم دەمەدا،
لە کامە ماڵ، لە کامە ژوور، لەسەر کام نوێن،
شۆخەکیژێ لەشی گوڵڕەنگی خۆی دەکا
بە سێوێک و دەیخاتە بەردەستی دڵدارە لاوەکەی...

ئاخۆ لە کوێ، ئێستا، یەکێ،
یەکێکی بێناوی ونبوو،
ڕێ دەرناکا...
کەسیش نییە ئاگای لێ بێ و
دەنگی وە ئاسمانیش ناگا...

بیرت وەکوو ڕەوەمەلێکی ئاوارە و سەرهەڵگرتوو
یاڵەویاڵ و ئەم دار و ئەو دار دەکات و
ها ئێستا، ها تاوێکی دی
لەسەر دارتەلێک نیشتەوە و
لە جریوە و جووکە کەوت و
پەنای بردە بەر خەونێکی دوورودرێژی شەوانە...

سەرنج دەدەیت
(لە دەروونی بیرەکانت ورد بەرەوە)،
ورد بوویتەوە.
ئەودەم هێشتا ئاسۆی خەون و هیواکانت
پەمەیی بوو،
ڕادیکال بوویت،
حەزەکانت ڕادیکال بوون.
پێت دەنایە نێو هەرێمی مردن و خوێن،
کۆچەرێ بووی
لە سنووری نێوان وەرز و وەرزێکی دی

باکت نەبوو...
نەتدەزانی مەڵبەندی ژین هەتا کوێیە،
دەرکەی شاری مەرگ کامەیە،
شەو و ڕۆژت لە لا یەک بوون...

لە ڕۆخی پەنجەرەی شەوا دادەنیشم،
لە تونێلی شەوگارەوە
دەڕوانمە تروسکەیەک ڕووناکایی و
نێوی دەنێم نیشتمان.
دەڕوانمە ئەستێرەیەک
لە ئەوسەری تونێلی شەوڕا دیارە و
نێوی دەنێم کوردستان.
ئاخ کوردستان!
لانکی ئێش و سەربەرزی و ئەڤینداری،
وڵاتی خوێنی خوێناوی،
خاکی برینی بریندار،
نیشتمانی خەمی خەمبار.
لە ڕۆخی پەنجەرەی شەوا دادەنیشم،
دەڕوانمە توولەڕێگەی تاریکستان،
بەشکەم کزەبایەک بێت و
بۆنوبەرامەی تۆی بێ...
بەشکەم ئەمشەو فریشتەیەک
وێڵ بووبێت و ڕێی کەوێتە ئەم مەڵبەندە و

چراوگێکی سپیی پێ بێ،
تروسکەکەی لە تروسکەی
ئەستێرەی ئاسمانی وڵاتی من بچێ.
خەون دەبینم،
خۆزگە ئەمشەو بارانێکی وا دەباری
هەرچی دارە چرۆی دەکرد،
چی غونچەیە دەکرایەوە،
هەموو باڵدار فێر دەبوون چۆن
بە شەووڕۆژ بچریکێنن...
بەڵکو ئەودەم لەنێو دڵی تەنهای منیشا غونچەیەک
پشکووتبا.
دادەنیشم... هزر دەکەم،
سەرنج دەدەم.
دادەنیشم... سەرم دەبێتە هەورێکی کەڵەگەت و
بەسەر کەلی پەمەییدا
دادەچۆڕێ،
لەتەک زەردەی ئێوارەیا تێکەڵ دەبێ...

سۆڵلەنتوونا ١٢-١٢-١٩٨٢

# جیابوونەوە

باش بوو نەبووی بە دەمارێ لەناو لەشما
خۆ تا مردن
دەبوو خوێنم خۆی لێت بسوێ...
باش بوو نەبووی بە ڕووبارێ
لە وشکاییی ڕۆژەکانما
خۆ چی دارودەوەن هەبوو
دەبوو لە ڕۆخ و کەناری تۆدا بڕوێن...

ستۆکهۆڵم  نیسانی ١٩٧٩

# هەور

گەر هەوریت و گەر بارانیت،
ئەگەر چەخماخەی شەوانی،
ڕوو بکەرە دەشت و زۆزانی کوردستان،
وەکوو ڕووبارەتیرێژێ
داکە و هەرچی
شار و گوندی بێنازە،
چی ڕەشماڵ و کوێن و هەرچی ئاگردانی خامۆشە
یەک بە یەکیان بدۆزەوە...
بە پوولەکەی زەرد و سووری ئەوینێکی تازە
سەرلەبەری دیوارەکان داپۆشە!

سۆللەنتوونا ١٩٨٣

# دیمانە

دێی بەرەو ڕووم
دیمانەی باژاڕی خەون و تەمومژی،
مەنزڵێکی
بارگە و بنەی کۆچی ژینمت
تیا دادەنێم...
بەندەری شارێکی گەورە و پانوپۆڕی
کەشتییەکی تێکشکاوم
ڕووت لێ دەکەم،
دەگەمە لات،
لەنگەر دەگرم...
ئەودەم پریاسکەی ئەم دڵەم دەکەمەوە،
هەرچی مووررووی شین و مۆری ئێش و ژانە،
چی زەنگیانەی
سوور و ئاڵی خەونم هەیە
لە بەردەمتا هەڵدەڕێژم.

خەونەکانم بکە بەرموورێکی ڕەنگڕەنگ،
لە گەردەنی شەوی تاری
نیشتمانی بهاڵێنە!

خۆ من بێ سوێ، بێ تاسە و خەم
چیم لە دەردەئەوینی تۆ پێ بڕاوە...؟

کە کۆچم کرد
بە جێتم هێشت،
وام دەزانی جاروبارێ
باڵی ئاورێشمینی خەونێکی زستانە
دەکەی بە ڕووبەند و تارا و
لە دەروازەی ئەم زیندانە دێیتە ژوورێ.
نزاگۆ بووم زستان بێت و
ببیە هەور و ببیە تەم و ببیە زریان،
نزاگۆ بووم شەوگار بێت و
ببیە تیشک و ببیە باران.
نە تۆ هاتی و نە ئەم زەمانە شێدارەش
کۆتایی هات.

دەمگوت کە دێی تاسە و خەمی ستێرێکی
دوور و تەنها
قووڵاییت ڕادەوەشێنێ...
دێیت و بە دڵ، دێیت و بە گیان گوێ بۆ سۆزی
دەروێشانەم ڕادەدێری.

پاییزانێ دێمە کۆنەهەوارێکی کپ و بێدەنگ
ناونیشانی ستێرێکی هەڵنەهاتووت بۆ دەهێنم،

نێوی تازەتەرانەیێکت پێ دەڵێم
لە شەوانی بێکەسیتا
گوێی لێ دەگری...
پاییزانێ دێم و دەبم بە دیمانەی
گوڵشەنی ڕاز
بیرەوەریی ساڵانی تیا لە بیر دەکەی.

سۆللەنتوونا ٢٦-٨-١٩٨١

# II

میننەت ژ خودایێ، کو ب عەبدێ خوە مەلایێ
ئیکسیرێ غەمێ عیشق، نە دینار و درەم دا
(مەلایێ جەزیری)

فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمووی وەک چییە؟
وەک عەزیزیی باز و وەک بێحورمەتیی پاسارییە.
سەهەم هەتا جوعبەنشین بێ، گۆنەزەردی خەڵوەتە،
قەوس هەتا چللەگوزین بێ هەر ئەسیری خوارییە.
(نالی)

له پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم،
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ، من بەرقی تێدەگرم.
(مەحوی)

تۆ هەتە تیـــغی دەبان و من هەمـــە تیـــغی زبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەر وەک ئاسمان و ڕێسمان.
(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

# ناپاک

١

دەزانم
خوێن لە دەمارەکانتا نەماوە.
دەزانم
چاڵاوەکەتان، بۆ دەرمانیش،
چۆڕێ ئاوی تێدا نییە...
دەزانم ئیتر ناتوانی
گۆرانییەکی تازە بچڕی...
لە تاریکیی شەوگاری ئەو سەردەمانەدا
هەنگاوت دەنا،
دەکەوتیتە پێش کاروانەکە و
قۆناخ بە قۆناخ
لە سنووری شارە تەلبەندکراوەکە
نێزیک دەبوویتەوە...
ئێستاکە ڕەگەکانت
لە سیرمی بێژنگ وشکترن...

٢

ئەودەم نەمامێک بووی هەڵدەچوویت و

ڕەگوڕیشەت
لە هەناوی خاکێکی پاراو گیر دەکرد،
ئەوڕۆکەش
دارێکی گەندەڵ و وشکەوەبووی،
ئاسمان ڕووت لێ وەردەگێڕێ و
زەوییش داڵدەت نادات.

٣

دەڵێن دار گوتوویەتی:
''ئەگەر تەور مشتووی لە خۆم نەبێ
نامبڕێتەوە.''
ڕۆژێ تەوری دەستی داربڕ بووێت،
ماوەیەکیش بووی بە پاچ و
ئەم دەس و ئەو دەسیان پێ دەکردی.

٤

لەودیو
پیرەژنێکی شووم و نگریس بووی
گڕی بێهومێدیت بەردەدایە
دڵی فەرهادی ئەویندار،
نەتدەویست بێستوون داپاچێ،
نەتدەویست
ڕووبار لرفەی بێ.

لەمدیویش
بەکر بووی، بەکری مەرگەوەڕ
دوو چاوت هەبوو
زین و مەمت پێ نەدەبینی.

٥

کە چوویت
شایی و گۆڤەندەکەت شێواند...
کە هاتیتەوە
وەیشوومەت نایەوە.
یاران... خۆ چاوتان لێ بوو
چ گۆبەندێکی گێڕا...

٦

کە لە وڵاتی یاران دەرچوویت و
سواری کەشتیی نەیاران بووی
وات دەزانی پێش هەمووان دەگەیت...
هێشتا لە شیرینی خەودا بوویت،
کوڕگەل شەوەیخوونیان لێ کردیت،
دایان بەسەرتا و
بە سیخورمە و پێلەقە
وە ئاگایان هێنای.

سۆللەنتوونا ٧-٧-١٩٨٣

# تووڕەییم

١

تووڕەییم وەک هەسپێکی سەرکێش
هەڵمدەگرێ و
بەسەر فەرِەنگ و فەرِەنگستانا
تاو دەدات،
هەوارگەی جاف و گۆران بە جێ دەهێڵێ و دەڕوا .
ڕوو دەکەمە نیشتمانە دیلەکەم...
هەی خێڵی نەیار...!
خەنجەرێ لە کێلان دەرهاتبێ
دڵ دەسمێ و خوێن دەڕێژێ.
شیری هەڵکێشراو سەر دەپەڕێنێ،
کورد خەنجەری لە کێلان دەرهێناوە و
شیری هەڵکێشاوە.

٢

تاسەم وەک چەخماخەیەک
تاریکەشەو دەکاتە ڕۆژی نیوەڕۆ...
لەسەر سنووری وڵاتەکەم ڕادەوەستم و
چاو دەبڕمە دەشت و چیا و لاپاڵ و بەندەن،

دەڕوانمە جۆگەلە و چەم و ڕووبار و گۆل،
دەبینم گیانم ئاوێتەی سروشت دەبێت،
سروشتی کوردستان.
گەرووم دەبێتە ژێی تارێ
سروودی پەسن و پاڕانەوە بۆ نیشتمانەکەم دەخوێنم.

سوێد ١٩٨٢

## تاریکەشەو

نەکەی بەم تاریکەشەوە لە ماڵ دەرچیت!
لەوەیە جارێکی دیکە
بە میوانییش سەری پیا نەکەیتەوە...
نەکەی بەم زڤستانە گوندەکەت بە جێ بێڵی
لەوەیە بە ڕێبوارییش
چاوت پێ نەکەوێتەوە...
توخوا براڵە
ئەم قسەیەی من بکە بە هەڵقەیەک و
بیکەرە گوێت...
تۆ نازانی چەقۆی دووری
چۆن جەرگی خەون دەئەنجنێ.
تۆ نازانی چۆن ڕمی دوورەوڵاتی
دیواری دڵ دەسمێ...
تۆ نازانی چۆن پەلکی دارەخەون
لە پاییزی دووریدا
دەسیسێت و هەڵدەوەرێ...
خۆزگە جارێ
بە کەلاوەی دەروونما دەگەڕایت،

خۆزگە ڕۆژێ
ڕێت دەکەوتە ئەم شارە کاولبووەی
گیانی من...
جا ئەوساکە لە زمانی
شەپۆلێکی بێسەروشوێن دەگەیشتی.
ئەودەم دەتزانی بۆچی ڕووبار
خەمی کەنار
لە کۆڵ دەکات و سەری خۆی هەڵدەگرێ و
دەڕوا تاکو تاسە و خەم و ئێشی دڵ
بۆ زەریای بێسنوور دەبا...

کە پێلی زەریا هەڵدەشاخێ
ڕازی جیابوونەوەی لەسەر زمانە،
کە ڕووبار دەهاژێنێ
دەردی لێکبڕانی لووتکەی لە دڵدایە.
لە دوورەوڵاتیدا، شەوانە،
خۆت دەهاوێژیتە نێو گۆمی لێڵی خەونەوە،
بۆ مروارییە تاکانەکەت دەگەڕێی.

سوێد ١٩٨١

# شۆڕەبی

دەنگت
شۆڕەبییەکی کەسک و پاراو بوو،
ئەمشەو لەپڕ ڕوا و
لە دارستانی ئەم پایزەمدا هەڵچوو،
بە ئاسمانی شینی خەمبارا
هەڵزنا...
وتت: سبەینێ جارێکی دی
لەتەکتا دەپەیڤم.
لە زەویی ئەمشەوەوە
تا ئاسمانی سبەینێ
ڕێگەیەکی دوورودرێژە و
گشت پردەکانی ڕووخاون...

ستوورڤرێتا ١-١٠-١٩٧٨

# نزا

وەرە!
هەر تۆی لە زمانی ئەم بازێڕە دەگەی...
وەرە!
هەر تۆی بە شەو و ڕۆژ
شارەزایت و ڕێ دەردەکەی...
بۆ نایەی؟
خۆ تۆ لای خۆت چاوساغ و ژیریت.
وەرە جارێ ڕێگەیێکم پێشان دە!
نامەیەکی یارە دوورەکەمم بۆ بخوێنەوە!
وەرە
دەرسی تاسە و چاوەڕوانیم پێ ڕەوان کە...!
ئەلفوبێی زمانی ئەو خەڵکەم
فێر بکە...!

سۆڵلەنتوونا، بەفرانباری ١٩٨١

# تیشک

شەپۆلی زەریایەکە خەفەت، هەر هەڵدەچێ،
تا هەموو گێتی دەنێو ڕەشاوێدا نوقم دەکات.
پرشنگی هەسارەیەک لە دووررِا
چەمەری تاریکایی دەئەنگێوێ. نم نم
گەردەزێڕی ڕووناکایی
بە دەم نەرمەبای بەربەیانەوە هەڵدەوەرێ.
دەمێ زەردەی دەمەوئێوارانە
لە چاوی خەفەتباری هەوری دەم کەل
خەفەت کرێوە دەبارێ.
دڵۆپەزیوی ئەسرین
ئاوێنەی سەرنجی دڵدارانە شێلوو دەکات.
تیشک، تیشکی زێڕین و زیوین
دەستبەرداری ئەم ئاسمانە نابێ.
نەوای دڵتەزێنت ئاوێتەی
ڕەنگ و بۆنی گوڵجارِ دەکەی. ئەدی ناشێ
لە گۆمی کەیل ورد نەبیتەوە ساتێ
کە دەدرەوشێتەوە...؟
مەگەر ورِێنە دەکەی...؟

دەنا خۆ خۆت خۆرت دیوە و دەیناسییەوە.
بەرەو کەرانەی بەهارستانێ دەڕەتێی
هۆش و بیرت داوەتە دەست چەتە و ڕێگرانەوە،
هەر کەشتییەکی سەرگەردان دەبینی
تاسەی منالآنەت، هەمدیس، دەبووژێتەوە.
تەمەنت لە کۆنەمەیخانەیەکدا
کرووشکەی کردووە. دەگەڵ هاوپیاڵەی
نەناسدا،
ڕازی دینی عاشقان کە فێر دەبێ،
بەدمەستی دەکات.

سووسەی کامە بایە وا بەم شەوە
هەواڵی بارێزەی کۆساران
بۆ ڕەشماڵانی گەرمەسێر دەبات؟
دەنگی کەلاوەی چ شارێکە
گومان دەخاتە دڵی هەموو ڕێگایەک؟
ئەگەر نەواخوانێکی لێهاتوو دەبووم
شاگۆرانیی ژینمم بۆ نیشتمانەکەم دەچڕی و
ئیدی هەتا هەتایە
لێوم لێک دەنان.
وەکو گەڵای
شۆڕەبییەکی خەفەتبار
دەروونی خۆم دەگرمە هەمێز و

بەسەر تەمەنێکی ناکاما
دادەچۆڕێم و سەر کز دەکەم...
هەتا دوێنێ
گراوی من
بە گەردانەی گوڵاڵەسوورەی کوێستانەوە
دەلەنجی، شادۆتێکی شۆخ بوو.
سروەی یادی لەم تاریکستانەدا
گەوهەری شەوچرایە.
تەنکەتەمێ بەسەر دارستانەکەدا
شۆڕ بۆتەوە.
وەکوو سەرپۆشێکی بێڕەنگ
لە لەشولاری دار و دەوەن ئاڵاوە.
لەتەک خەونی چرۆیەکدا دەگەشێمەوە و
لەتەک گەشانەوەی غونچەیەکدا
دەبم بە تیرێژ.
تارەکەم، شەوانی تاریکایی،
دەنگی لێ هەڵدەبڕێ،
ئاوازی سووتان هەڵدەڕێژێ...
تارەکەم ئەوینداری مەرگە، مەرگی بێدەنگ.

زەردەپەڕ وڵاتە شۆخەکەم ئارایشت دەکات،
دەیکاتە تاکانە گەوهەرێ
لە شەوەزەنگدا بریسکەی بێ. چرای هاتە

وا بەسەر هەرد و زەریا و کێواندا
پەیکی ودمی دەگاتە ئاستانەی دڵم؟
یا ورشەی ئەستێرەیەکی خەواڵووە
مەینەتی تەنهایی دەیڕەنجێنێ...؟

وەکو ئەستێرەیەکی نامۆ
بە گەردوونی گڕگرتووی خۆشەویستیتا
دەسووڕێمەوە
مەگەر دە ئێشخاناندا، دەمێ، بحەوێم،
لە بەندەری سووتاندا، هەر تاوێ،
لەنگەر بگرم.
کە گەڵای داری بیرەوەریت دەزەردێت
هەر چاوەڕێی، بەرەبەیانێ، بێم و
چەپکێ یادگاری پاراو و ئاونگلێنیشتووت
بۆ بێنم. وا دەزانی بای ئەو شاخانەم،
بێگەرد و سازگار و فێنک سەر هەڵگرم و
تەلانەوتەلان بکەومە دووی هەور و کرێوە.
وا دەزانی هەر دەروێشە گەڕیدەکەی
جارانم، بە شابالی سۆز و یادکردن
ئەم شەوستانە بپێوم...
ئای لەم شەوزەنگە تاریکە،
شەپۆل لە دویی شەپۆل
بە بەرچاومەوە دەشتودەر ڕادەماڵێ.

هەر دڵم پێ ماوە، دەیبینم
لە کونجی تاریکی سینەما، وەک بنەمۆمێ
دەگرێت و دەمسووتێنێ.

بە دەست ڕاز و نیشانانەوە داماوم، دەزانم
مەگەر تەنها لە کۆی یار
وەرامێکی وەهام دەستگیر ببێ
ئەم ئاشووبەی پێ دامرکێنمەوە.
تاسەی دیداری ئەو دڵبەرە
دەکەمە سپەر و ئەم ڕێگەیە دەگرمە بەر.
برووسکەی ئارەزووە جاروبارێ
ئەم جەنگەڵە ڕۆشن دەکاتەوە.
کێیە لە دەنگی دڵدارێکی دۆڕاو بێزار بێ...؟
کێ هەیە
دیمەنی گۆڕستانێ
بێدەنگی و تەنهایی وە بیر بێنێتەوە؟

نە ئاسمانێ هەیە داڵدەی نیگا ئەستێرەکانم
بدات، نە زەوینێ
بیکەمە ئارامگەی نەمامی هەستی خاکسارم.

ئوپسالا ١٥-٦-١٩٨٤

# ڕێژەن

پرسیار لە کێ بکەم...
بۆ نازانی لەم کاروانسەرایەدا،
تاریکایی سێبەری تۆیە...؟
دەتکەمە مۆم و دووراودوور سەرنجت دەدەم.
بۆچیم ناخوێنیتەوە،
پڕیشکێ،
گەردوون لە دڵما دەسووتێنێ و
دەمکاتە کێوی تیشک.

سۆڵلەنتوونا ٢٢-١-١٩٨٥

# زگار

دەستت بە داوێنی مەرگەوە گرتووە و سەرەوژوور
دەڕوانیتە ڕایەڵی ئاسمانێکی بێورشە.
پێتەوە دیارە، تەپونمی پاییزان لە سیمات هەڵدەوەرێ.
چاو دەبڕیتە ئەو ڕێگەیەی
وەرز لە دووی وەرز پێدا چوون و نەگەڕانەوە...
بادەیەکت گرتۆتە دەستەوە
ڕەنگی بێهومێدی و کەساسی دەنوێنێ.
دەتەوێ ڕازی دەروونی زگارت
لە کۆڕی هاوپیالاندا بدرکێنی...
کێ بێ
گوێ بۆ خەفەتی دڵڕێشێ ڕادێرێ...؟
خۆت مەشێرەوە،
لە لافاو و لەهی و زریانان هەڵمەیە،
هەر تۆی هەوراز بە هەوراز
دەگەڵ مژ و کڕێوەی زڤستانان
چریکەت دێ.
دەنگی تۆیە لە دۆڵ و بەندەنی نیشتمانا
چەشنی بارانێکی شەوانە
گیانی بێنەوایان دەلاوێنێتەوە.

سۆللەنتوونا ١٨-١-١٩٨٥

# گەرداو

ئارەزوو، وەکوو ورشەی هەسارە،
شەو بە شەو
گۆی دڵم دەداتە بەر تیری ڕووناکی و ورینجە...
لە کەلی ئێوارانرا شۆڕ دەبییەوە،
گەلی و هەرد و زناران
فێری ئەشق و دەسبازییەکی بەتام دەکەیت...
دێیت و لەتەک خۆتا
بۆنوبەرامەی وڵاتێکی بێناویش دێنی.
دێیت و دەمدەیتە دەست گەرداوێکەوە
جیهانێ سەروبن دەکات.

سۆڵلەنتوونا ٢١-١-١٩٨٥

# ئاشنابيت

پاييزييكی هەورينی ئەم كوێستانە بوو،
بووی بە هەزاران گەڵای كەسك و بۆنخۆش و
لە گەڵاڕێزانی ئەندۆی دەروونم هاڵای.
بوويتە سروەيەكی ڕەها
ئاڵووالای نەواگەلێكی كەنيشكانەت
بە لكوپۆپی داراندا هەڵدەواسی.

بەم شەوگارە
بە ئاسمانی نووتەكی شاری ئاشناييتا
ئەمسەر و ئەوسەرمە، پەرواز دەكەم
ستێركێكم چنگ ناكەوێ بيگرم،
بيكەمە گەوهەرێک و
بيدەم لە كلاوزێڕی ئەم وەرزە دڵتەنگە.

سۆللەنتوونا ٣٠-١-١٩٨٥

# درکاندن

ئای لە ئەوینی تۆ
چەندە بێئاوڕووە،
خۆ خەریکە ئاوڕووم دەبات...
چ دوور بێت و چ نێزیک
لە هەوراز بم یا نشێو و سەرەولێژی
پێم لێ دادەگرێ و
نایەڵێ ئەم دڵەم ڕازێک ڤەشێرێ؛
یەک بە یەکیم پێ دەدرکێنێ...

سۆڵلەنتوونا ١٩٨٣

# III

زوبدەی مـەتاعی حیکمـەتە ئەم شـیعری کوردییـە
هـەرزانـە بێ مــوبالـەغــە حــەرفـی بە گــەوهـەرێ
جــامــەی حــەیاتی عــارییــەت کــورتە زینـهــار
ئالوودەدامــەنـی مــەکــە بۆ پێــچی مــێــزەرێ.

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

# ژێ

له سه‌ره‌تای وه‌رزی خه‌ونی ڕه‌نگاوڕه‌نگدا
چاو ده‌بڕمه چه‌قی ڕێگه‌ی هه‌ڵکشاو و
پرسیار له خۆ ده‌كه‌م:
تۆش ئه‌م ڕێگایه‌ت له پێشه‌؟
هانا ده‌به‌مه به‌ر ڕۆژانی بێده‌نگیم،
به كاوه‌خۆ
شه‌وان و ڕۆژان ده‌ژمێرم.
قردێله‌یه‌كی گوڵڕه‌نگی هه‌وریشم
ده‌ده‌م له بسكی شه‌وان و
گه‌ردانه‌یه‌كی سپیی مرواری
ده‌كه‌مه ملی ڕۆژ.

ئه‌وده‌مه‌ی ده‌گه‌ڵ په‌لكه‌ڕه‌نگینه و تاوه‌باراندا
سترانی عه‌شقێكی بێسه‌روشوێنم ده‌گوت،
كه‌س نه‌بوو
به دڵ و به گیان گوێ ڕادێرێ...
ئه‌وڕۆكه‌ش كه من
به دڵ و به گیان گوێ ڕاده‌دێرم
كه‌سێك نییه

گۆرانییەکی شێتانەی وام بۆ بڵێ
خەم و کەسەری نێو دڵم
تۆزێ دامرکێتەوە...

دوورم، دوورم. لە وڵات و زێدی
باوباپیرانمەوە دوورم...
دوورم و شەوانە دووری دەبێتە
گۆرانییەکی خەماوی و خۆی دەکوتێتە
نێو ژوورەکەم.
ئەودەم، ئیدی کەسێ نییە بتوانێ
پەلم بگرێ و
لە دووری و خەمم هەڵبوێرێ.
دیوار و دەرکە و بنمیچ بۆنی دوورییان
لێ دێت.
نوێنەکانم بۆنی دوورییان لێ دێت...
گوێ لە هەر ئاوازێ دەگرم
هەر باسی دووری دەگێڕێتەوە.

کاتێ کە نیشتمان دەبێتە شادۆتێکی ناسک و لەبار
شاعیری بوودەڵە لە بەری دەپاڕێنەوە،
هەزاران پۆلیس لێی دەئاڵێن و دەیپارێزن،
دڵدارانی ڕاستەقینەش
جوانترین هەڵبەستی بۆ دەنووسن و

دەیدەنە دەم ڕووبارەوە...
پۆلیس و نیوچەپۆلیس
تارماییی ئەویندارانیش ڕاو دەنێن...
نەوەک نیشتمان ڕەدوو کەوێ.

بە زمانێکی نائاشنا قسەت بۆ دەکەن،
تۆش بە زمانی ئەڤین بەرسیڤ دەدەی.
دەتەوێ سەرلەنوێ
سنووری وڵاتی زمان بکێشن،
ئەودەم
لە هەرێمی وشەی ڕووت دەردەچوویت و
ڕووت دەکردە بازێڕی وشەیەک
هەستی شەشەمی هەبێت.

پەیکەری دزێویان بەردەباران کە!
ڕوو لە ڕووگەی نازەنینی خۆت بکە و
وەک خواپەرستێکی زورهان
گوێ ڕادێرە!
زایەڵەی زەریای باوەڕە
شەپۆل لە دووی شەپۆل
بە ناخی بەردەڵانی تەمەنتا
دەچێتە خوار.
بە ئاواتی کوێرەڕێیەکی وەهاوەی

لە زریان و وەیشوومەدا وێڵ نەبێت.
لەم سەردەمەدا
ڕێگە لە فەرهەنگ یاخی دەبێ،
نایەوێ تەنێ زەوی بپێوێت و
شوێن و شوێن بگەیەنێتە یەکدی.
ڕێگەش دەگەڵ کات و سەردەم
هاوئاهەنگە.
ڕێگەش،
شەوان،
دەست دەنێتە بینی
نیگای بزێوم.

دەمەوێ لە تۆدا بژیم،
دەمەوێ بۆ تۆ بژیم،
دەشمەوێ بێ تۆ بژیم...
کێ بێ زمانێکم پێ بناسێنی،
ڕازی شەوانەی من
بە ڕۆژ بگەیێنێتە نێودڵی تۆ.
کێ بێ ڕێگەیەکم پێشان بدات
لە هەموو شارێکی بریندارەوە دەست پێ بکات و
ئەوسەری لای تۆ بێت؟
ئێستا ملی ڕێگەیەکم گرتووە،
نە دەست پێ دەکات و نە دەبڕێتەوە.

له هەموو وەرزێکدا بەسەریا دەڕۆم و
شەوانەش
خەون دەبینم، دەیماڵم و تەختی دەکەم...
ئێستاش کە تۆ لەنێو دووکەڵەوە سەر دەردێنی،
ملوانکەیەکی کەسکت لە گەردنت ئالاندووە و
سەرنجی هەڵهاتنی ڕۆژ دەدەی،
من دوودڵم،
نازانم سەیری خۆرهەڵات بکەم،
یا سەیری خۆری چاوی تۆ...
من چۆن بتوانم
ئەفسانەی ڕێگەی هاتونەهاتت بۆ بگێڕمەوە؟
من چۆن دەتوانم
باسی مەرگی دڵدارێکم لە دەم دەربچێ...
شۆڕەسوارێک بوو
هەمیشە ڕووی دەکردە هەوراز،
هەڵۆیەک بوو
هەردەم لە ترۆپکی شاخان دەژیا.
ڕووبارێک بوو
بەبێ خاک نێوی خۆی لە دەست دەدا...
لە گڵکۆشدا نێوی دەبێتە شەوچرایەک
لە ئەشکەوتی دڵی بێهومێدانا
دەدرەوشێتەوە...

لە بەندەری تەنهاییی شەواندا
چاو دەبڕمە ڕێگەی زەریا و
سەرم دەکەمە چەپکێ گڕ،
دەڵێم بەشکوو گەمییەک ڕووم تێ کا،
زمانی ڕێگە بزانێ و
لە شەپۆلەوە گۆرانییەک فێر بووبێت.
لەنێو تەمیشدا بیت
هەر بە دیت دەکەم.
ئاوێتەی تاوەبارانیش بیت
هەر دەتناسمەوە.

شەوانە
وەکوو گومەزیی کۆنەمزگەوتێ
خۆم گرمۆڵە دەکەم و
هەموو خەون و بیرەوەری و ڕازەکانم
لەنێو سەرما خڕ دەکەمەوە.
لە گەواڵەهەورێک دەگەڕێم
داڵدەم بدات،
لە خۆرەتاوێک دەگەڕێم
هەستی باراناویم کزر بکاتەوە.
تیر بووم، تیرێکی سەرەڕۆ
لە بولێڵێکی سامناکدا دەرپەڕیم،
نیشانێکم ئەنگاوت، ژاراوی بوو...

ئەمەیە ڕازی بێدەنگیم،
ئاوا بوو داستانی سوێی دڵم.

لە بەرەبەیانی خۆپێشاندان و سەرهەڵگرتنا
وێنەکەت هەسارەیەکی گەشە،
نێوت دەبێتە نزای شەوانەم.
دەڵێن کوانێ سەرچاوەکەت؟
نەخشەی نیشتمان نیشان دەدەم،
دەڵێن دەڕژێیتە کامە زەریا و کام ئۆکیانووس؟
بیر لە هەموو ڕێگەکان دەکەمەوە.
وێنەکەت ئاوێنەیێکە
لە بەژدا خۆمی تیا دەبینم،
لە تاریکەشەوی شاراندا
چراخانە.
کەوتوومەتە داوی گێتییەکی نادیارەوە،
بەنی خۆرهەڵات و خۆرنشین
لە پەلوپۆم هاڵاوە.
ئەر تۆ نەبی، هانا بەرمە بەر کێ،
گیانی گیانان؟
هەموو نامۆن، هەموو نەیارن،
هەموو تینووی خوێنی منی دەردارن.
هەر ڕوومەتی تۆیە
ئەم مەلە بێباڵەی دڵم، شەووڕۆژ،

ڕووی لێ دەکات و دەجریوێنێ.
دەمویست لە نووکەوە دەست پێ بکەم،
تەماشای خشت بە خشت و بەر بە بەردی
بنچینەی ئەم دیوارانە بکەم،
بناوانی خڕ و چەمی ئەم دەشتە بدۆزمەوە...

لەتەک مردندا دەژیم و
لەتەک ئێشا هاودەرد و هاوڕازم.
تۆیێ
زمانی مردن نازانی
چۆن دەتوانی
ئەم گۆرانییە لە بەر بکەیت؟
تۆیێ هاودەمی ئێش نەبیت
لە زوانی من چۆن دەگەیت؟
من بە دڵداری زمانم دەپشکوێ.
لە بەهاری ئەویندا
زمانی خوێن دەجمێ...
ڕەگەکانم هەزاران وشەی سوور و سپی
تا ناو دڵم پەلکێش دەکەن.
لە وشکەساڵێکدا
زمانی باران فێر دەبی و
لە وەرزی سەرهەڵگرتینشا
زمانی گەڕانەوە.

له پردێک دەگەڕێم
شارەزای وڵاتەکەم بێت و ڕێ دەربکات.
پردێک
لەتەک لەهی و لافاودا دەستی تێکەڵ نەبێت و
له نیوەی ڕێگەدا به جێم نەهێڵێ.
خەونم دەبینی
وڵاتەکەم پردێکی پانوپۆڕ بوو،
هەرچی لەشکری مێژوو هەیە
بەسەریا تەراتێنیان دەکرد.
خەونم دەدی،
لەنێو سەرما پردێکیان هەڵدەبەست،
دەیانویست
بگەنە کەوشەنی بیرەوەری و ڕازەکانم.
لەنێو سەرما سنوور نەمابوو،
پێت و ئاور هەڵدەئاییسا،
کۆنەئەڤینی سەهەندە چەکەرەی دەردەهێنا.

ڕووتم لێ وەرمەگێڕە
خۆ دەزانی
بەم تاریکەشەوەش من هەر چاوەڕێتم.
بیرم وەکوو مانگێکی زیوین،
لەم کەلی تاریکستانەوە هەڵدێ،
ئەو چاوەی دەیبڕێتە

چیا و دەشت و بناری خۆرهەڵات،
نایترووکێنێ.
خۆتم لێ مەشێرەوە!
بەسەر بەندەن و زەریا و وشکانیدا
نووزەت دەگاتە گوێم،
برینەکانت دەژمێری،
لاشەت شەڵاڵی خوێنە، دەلاڵێیتەوە.
گەڵاڕێزانە و گەڵا دەڕژێن...
دەزانم هەموو تۆریان کرد،
تۆیان بە جێ هێشت و سەری خۆیان دایە دەست
سەرلەشکری خواناس و خوانەناسانەوە.
خۆتم لی مەگۆڕە!
لەنێو تەمیشدا بیت
هەر بە دیت دەکەم،
ئاوێتەی تاوەبارانیش بیت هەر دەتناسمەوە.
کە شەپۆلی تاریکایی
لە لەشولاری تۆ دەهاڵێ
من چرایەک لەنێو دڵما پێ دەکەم.
دەست لە بەژنی باوبۆران وەردێنم.
ئەگەر لە شەوەزەنگێکدا
بانگەوازێکی دوورم دێتە گوێ،
دەزانم ناڵەی دارەوانانی وڵاتە
بە زمانی بێدەنگی

بەسەرهاتی دارستانانی کز و مات دەگێڕنەوە.
چی بکەم، چۆنت تێگەیێنم
کە خۆر گیراوە...؟
پەڵەیەک سێبەری لەپەلوپۆکەوتوو
بۆتە چوارچێوەی نەخشەی تاریکوڕوون.

گەڵا و لکوپۆپی بیرەوەریت
بە دەم زریانەوە هەڵدەلەرزین،
ڕیشەت لە ناخی ئاخ گیر دەکرد و
هەر ڕۆ دەچوویت.
تارایەکت دابوو بە سەرتا، مژ بوو، مژی بەربەیان،
لە دووت دەهاتن، ورووژابوون،
شۆپی سترانێکی تۆیان هەڵگرتبوو...
هەرچی نزا و گۆرانیت هەبوون
لە توێی دڵتا قایمت کردن،
دڵیشت لە بناری شاخێکا نایە چاڵ.
ئەگەر بەرۆکی کەژ و بەندەن دەگرن،
گۆرانییەکەی تۆ دەڵێنەوە،
ڕێگە بە چەم دەگرن
دەنگی لە دەنگی تۆ دەچێ.
دەست دەنێنە بینی کانیاو
نێوی تۆی لە بیر ناچێتەوە.
نێوی تۆم چۆن لە بیر دەچێتەوە؟

ئەی تۆ نەبووی
لە نشێو و هەورازاندا لەتەکما بووی؟
پشتت بەرنەدام، دەستت بە باڵمەوە گرت،
فێرت کردم چۆن نوێژ بکەم و
ڕووم لە کامە ڕووگە بێت.
لەم تاریکستانەدا چیا هەموو (توور)ن،
هەڵدەزنێم،
بەرۆکت دەگرم،
لێت دەپاڕێمەوە،
برووسکەی تیشکێکم تێ گرە و بمکە بە قەقنەس،
ژینم دوودڵی و گومانە و
مردنیشم دڵنیایی و لێبوونەوە.

دەزانم خەمت لە شەوەزەنگ ڕەشترن،
برین لە سەرتاپێت ڕواوە و
هەتوانت لێ بۆتە قاتی.
دەنگ هەڵبڕە!
دەنگ هەڵبڕە!
ئەم گۆلی شەوگارە دڵۆپێ خەمی دیکە ناگرێ.

سەرنامەی خەمناکەم نێوی تۆیە(*)،
لە شینا بۆ نێوی تۆ شین و شەپۆڕمە و
لە شاییدا شاباشی نێوت دەکەم...

ڕەوتێک دەیزانم ڕەوتی تۆیە،
ئیدی چۆن کەوی دەبم؟
لای زیندانەوان
ناوی تۆ تاوانی منە.
ناوی تۆ ناونیشانی منە.

پرسیاری چیم لێ دەکەی؟
خۆ خۆت هەنگاو بە هەنگاو وێڕای من دەهاتی.
هێشتا من دارەدارەم دەکرد،
تۆ پێشم دەکەوتی.
لە هەڵەت و کوێرەڕێدا
هاوڕێ و هاودەمم بووی.
ئەی خۆ ناشێ نەزانی...؟
من سێبەر بووم و
تۆ مانگەشەو،
من تارمایی بووم و
تۆ هەر خۆت.
ئێستاش کە جاروبار ئاوڕ دەدەمەوە
بایەوانێکی دوور دوور دەبینم
لەگەڵ شەپۆلاندا دەست لە ملانن.

شەوانە
لە وردەواڵەی ئارەزوو ورد دەبمەوە،

گەمارۆی خەون و زیندەخەونم دەدەن،
هێندە زۆرن لە ژماردن نایەن،
لە بۆتەی سەری نیوچەمەستما
هەڵدەشاخێن و دادەمرکێنەوە.
ئارەزوو دەبنە برک و
لە توێی برینی دڵما دەهێورێن.
کە پیاڵەی سەرشاری شەو
چۆڕ بە چۆڕ فڕ دەکەم،
دوڕدی ئارەزوو بادەی نیوەگیان دەژیێنێتەوە.
خڵتەی جامی شەوان
گیانی مەیگێڕانی ڕۆژ دێنێتە سەما و
ئارەزووی پەژمردەیان کەیل دەکات.
دەڕوانمە ڕووی ئاوێنەی تۆزاوی
دەموچاوی تۆ دەبینم.
دەمەوێ ڕازی شەوت پێ بێژم،
گوێ بۆ دەنگی خۆم شل دەکەم...
وەکوو هەسپێکی باڵدار
ئارەزوو ئاسمان و زەوی پەی دەکا،
خۆڵەکەوەی لە دوو بە جێ دەمێنێ.

ڕاستت دەوێ
دەخوازم لە زمانی نەپەنیت بگەم،
بێپارم مەکە! تۆی بە چراوگێکی گەشەوە

ناتەوێ ڕێگە بگری.
مەشخەڵی یادت
هەرێمی تاری ئاوەزم ڕوون دەکاتەوە.
بە هەر ئاوایەک قسەم بۆ دەکەی، بیکە!
من چاوەڕێی تاکە وشەیێکم لە زارت بیتە دەر...
دەنگت وێرانان ئاوەدان دەکاتەوە،
دیدارت لە تاریکستاندا تریفەیە،
دیمانەی سەردەمی سەرهەڵدانی...
لە بازێڕی چاوساغاندا کوێرم و
لە وڵاتی کوێرانیشا
هەموو بە ناپاکم دەزانن.
ئەگەر بە چاوی نزمەوە لێم دەڕوانن و
سووکایەتی نامێنێ پێم نەکەن،
دەزانم بەشی تۆیە و بە من بڕاوە،
دەردی تۆیە و من دەیکێشم...
ناوی تۆیە لە من دەنرێ،
بۆیە وا ناودارم،
ناوی تۆ ناونیشانی منە.

سەرخۆش نیم،
بێهۆش نیم،
کاسم، کاس.
دەنگ و ڕەنگت کاسم دەکەن،

بە بێدەنگی و بێڕەنگیشت کاس دەبم.
لە دوورەوە هاتووی
ڕەنگ و ڕووی هەژارانت لێ نیشتووە و
بە ڕێگەی دەستەڵاتداراندا دەڕۆی.
هەودای دەنگی منالأنەت بپسێنە!
خۆت بناسە...!

هومێد
تاپۆی ڕۆژگارێکی ئاڵی بێناونیشانە،
بە کام پەڕەمووچ
دەتوانم نیگارێکی بکێشم، خۆڵەمێشین نەبێت؟
دەشێ بە چ ژێیەک
نەوایەکی بێهەنسکی لێوە بەرز ببێتەوە...؟
گەر ئێوارە وەکوو پشکۆ
بچزێ بە لێوی شەوگاردا،
ئەگەر گزنگ ببێتە ئاگرێک و
بەر ببێتە کۆتەڵی تاریکایی،
پەڵەپەڵەی هەور
وەکوو پینە بە کراسی شینی ئاسمانەوە دیار بێ،
گوێ ڕادەدێرم
دەستی خودایە
سەوڵێکی کەسک بۆ منالأنی بەردەستی گەرداو
درێژ دەکات،

فریشتەی هەستە و
ناوی تازەبەرامەیەک بۆ گوڵفرۆشان دەبات.
پڕیشکی کوورەی دوودڵی
پەڕەی دڵی تەنها دەسووتێنێ،
دەبێ بە کۆی زووخاڵ.
دەروازەی دڵی مرۆڤێک، مرۆڤێکی گومڕێ،
دەکرێتەوە و
تیشکی باوەڕ چەپک چەپک
ئاوێتەی خوێن دەبێت،
هومێد وەکوو مەلی جەنگەڵ
دەبێ بە داوی نیگەرانی و گومانەوە،
دەبێ بە داوەڵێ پەلەوەری یادگار دەتارێنێ...

خەمخانەکەم بە هەمێزی ئاوەڵاوە لە هەمێزم دەگرێ،
دەڕۆنمە بەستەڵەکی ئەم سەرهەردە و
کۆڵی ئێش و کەسەر و خاکبەسەری لە کۆڵ دەبەستم،
ژان و تاڵاوی تۆش دە کۆڵ و خورجینم دەپەستم...
گازندە و سەرکۆنەت وە لاوە نێ!
ئەزم ڕێگەی وڵاتی هەژاران
دەگرمە بەر،
ئەزم دێبەری ئەندێشە و ڕامان
ڕەنێو دەهێنم...
دوودڵی لە هزرمدا گەرا دادەنێ و

کرمی گومان
وەردەبێتە جەستەی دڵی هایدارم...
لەم ڕاستەڕێیە کلا نابم
دەشزانم ڕێگەیەکی چەتوون و سەرکێشە،
ڕووی لە جەنگەڵ و لێڕەوارە و
ڕێگەی وەگەڕان ناگرێتە بەر...
ڕێگەی گەڕانەوەت پێشان دەدام
دەتگوت دەگەڵ ئەو ئاپۆڕەیە کەوە،
خۆتیان لێ مەبوێرە.
ورینجەی ستێرێکت لە بێروونڕا وە دی دەکرد.
هەموو وێکڕا دە کاشانەی چاوەڕوانی دەخزاین،
خۆمان دەئەسپاردە ڕۆژانێکی کز و زەرد و ژاکاو،
پێلی نیگەرانی
کەڵکەڵەی خۆدزینەوەی ڕادەماڵیین.
جامی لێواولێومان هەڵدەچۆڕاند،
بە ترسەوە چرای تاسەمان پێ دەکرد.
ئەودەم کە کالای ناپاکی لە برەودا بوو
هەموو سەرگەرمی ئەو بازاڕە بوون،
ئەز بووم، ئەودەم، بەلاگەردانی بالات بووم،
ئێشکگر بووم، فرمێسکی دڵسۆژیم
بۆ دەردی بێدەرمانت هەڵدەوەراند...

هۆ ڕێبوار، ڕێبواری ڕێپێگیراو

ژێی ژینت
لەنێوان کاروانسەرا و مەیخاناندا
بۆتە تەناف،
شاژنانی چەپڕەو
کراس و ئاوەڵکراسی لەسەر هەڵدەخەن.
هۆ ڕێبوار،
ڕێبواری بێڕێ و بێمەنزڵ!
خوێنی تۆیە
بەرمووری جادووگەرانی پێ ڕەنگینە.

سرنجی ئەم کەل و ئەو کەل دەدەم
بەڵکو جارێ شێوەی ناسکت دەرکەوێ،
تۆی سۆمای چاوم،
بە بێنازییش نازت دەکێشم
لەم نوال و هەڵدێر و هەزاربەهەزارەدا
دەستێ بدە دەستم،
ئەورۆ تۆ بۆ گیانی گردەنشینی منی،
ڕۆژێ لەهی و لافاو
پێدەشت و گرد و بنار دەشێرێتەوە
گیانم دەبێتە بەردەبازی ڕێت...
منەم کردیت،
ڕوومەتی ڕووناکیپژێنت،
لە پشت کامە ڕووبەندەوە داییسابوو...

پێم مەڵێ دوور بووی،
پەردەی نێوان تۆداری و بێتۆیی
بە هەناسەی بێڕەنگی تاسەم دەکەوتە شنەشن.

دەمێ کە تۆ پەیمانەت لێواولێو دەنۆشی
لە کەوشەنی ئازادیدا میرێک بوویت و
لە کۆڕی جەنگاوەریدا شاسوارێ،
کە تۆ تاڤ بووی
هەودای تیشکی زێڕینت
دەکردە گەردەنی دوندی ئەم زێد و بوومە.
چرایەکت لەنێو دڵتا هەڵکردبوو،
پەنگر بوو، پەنگرێکی ئاڵ...
ڕۆژی سوور بوو... یاران هەموو
بە دڵ گۆرانییان دەچڕی.
کام نهێنی ئاشکرا بکەم؟
ڕازی دڵم لای کێ بدرکێنم؟
خۆ تۆ نەماوی تا پێمان بڵێی
کێ بوو تیربارانتی کرد...؟
شێوەی شیرینی تۆ پەڵەهەورێکی خەفەتبارە،
پەیکی وەرزی فەڕە داپناکا...
فەرمانی کام خونکارە
وا دەنگی تۆی لە پشت تەلبەند و دەروازەوە قایم کرد؟
دەنگت زایەڵەی دیلێکی بێکەسە

کات و ناکات
لە مەیخانەی هەستیماندا هەستی دۆڕان دەئاڵۆسکێنێ.
کە یادی تۆ بە دڵما تێدەپەڕێ
سامی ونبوون و دووریتم لێ دەنیشێ.
دەزانم وەکوو هەموو ئەویندارانی ڕۆژهەڵات
تەفرەیان دای،
وەکوو هەموو سوارە و دڵدارانی خۆرهەڵات
ئەوینت کردە مەتاڵ،
بوویتە هێشووەستێرێکی ورشەدار
ئاوێتەی هەوری مەرگ بوویت و
نەبەزییت.
کاتێ کە تاریکایی دادێت و
ڕێگەش ڕیگەی لێ تێک دەچێ،
سیمای پیاوانەت
شائەستێرەیەکی دووردەستە.
تنۆکێ خوێن
لەسەر نەخشەی نیشتمان کزۆڵەی کردووە،
نیشانەی دەخمەی بێنازی تۆیە.
هۆ دۆست، هۆ پیر، هۆ خودان
ئەم نیشتمانە ناکامە کامی تۆ بوو،
ئەم خاکە دڵگەرمە گراوی تۆ بوو.
هۆ خودان تروسکەیەک

چاوی دڵان بکرێتەوە و سۆمای تێ بێ.
هۆ دۆست، هۆ پیر
دەرگایێ،
هۆ دۆست، هۆ ژیر
ڕێگایێ...
ڕێگەی خۆشەویستی، ئەمڕۆ بۆتە بێگار،
دەشت و چیا و بەندەن
گیرۆدەی تەلیسمێکی ژەنگاوین.
لـمی کەنار زەریاچە و گوێ ڕووباران
بێدەنگ بێدەنگ
دەست دەکەنە ملی شەو و دەپووێن.
کێ دەتوانێ دڵی پرسیارێکی بێوەرام بداتەوە؟
کێ بێ و بوێرێ تۆڵە
لە بیر خاکێکی داگیرکراو بباتەوە؟

جادووگەرێ نەبوو ناولەپت بخوێنێتەوە،
تۆزکاڵێ ڕازی پاشەڕۆژت پێ بڵێ؟
پەیامبەرێ سەری هەڵنەدا
ڕەش و سپی لە یەک هەڵاوێرێ؟

لە تاریکاییی شەوەزەنگی مێژووڕا هاتووی
خەدەنگی، خەدەنگێکی ڕووت،
گڕ و خوێنت لێ دەچۆڕێ،

چوار پێنج باڵی ئاگرینت لێ ڕواوە و
ڕووت کردۆتە تەپە و تەلانی ئاسیا...
ئاسیای بێهەوسار و بێناڵ و بێزین و بەرە.
دەڵێی بایەکی نامۆ و ناشارەزای،
لە پێچاوپێچی گەردوون و سەرزەمین سەر دەرناکەی.
تۆی کە حەزت لە بالآی تەمداگرتووی شاخە
بۆچی وەکوو دڵدارێکی زورهان
دووراودوور چاوی تەمەنێکی کڵۆڵی تێ دەبڕی؟
لە ئاهەنگی بەزمی کەسانا بێکەسیت و
خۆت لە سێوی و بێمالآن کردۆتە کەس.
سروودێکت لەسەر زارە
بانگاوازی شەیدای ڕەنجەڕۆیە.
چاوەڕێی چییت؟
تا کەی ئەم ئەوینەدەردە جاڕ نادەی؟
تا کەی بە دەم پەتای تاسەوە دەتلێیتەوە؟
لە داستانی کەونارادا
شێوەت دەکەم
کەڵەسوارێکی، داوتەتە نوای پاڵەوانان،
پەیکانت باڵدار و ناڵدار دەپێکێ،
هەڵپەت بوو تاوێ زووتر
زمانەی گڕ و کڵپە بکەیتە پەیکی مزگێنی.
دەروێشێکی کەڵپۆسلەبەر بوویت،

سەردەمێک پێشەنگی لەشکری خواپەرستان و
پاشای سەرداری ڕۆژهەڵات بووی،
ڕۆژگارێکیش لە بەردەستی خەلیفەدا
بوویتە میرزا و خۆشخوان و سەردەستە.
چاوم لێتە مەرگی خۆتت گرتۆتە کۆڵ
هەموو ڕۆژێ
دەبیتە ئاشنای تاسەیەکی تازە.
بیر لە زیان و تیاچوون وماڵوێرانی مەکەوە!
ئەگەر ئەویندای، مل بنێ، ئاوڕ مەدەرەوە!
لەتەک خانم و پەریزادانی مێژوودا
چاوبڕکێ بکە!
یاسایەک نییە
ڕێگەت لێ بگرێ
پەیکەری داگیرکەران نەشکێنی،
ئایینێک نییە
ڕاپەڕینی بەلەنگازانی پێ باش نەبێ.
هەرچی گەنج و گەوهەرت هەبوو
بە تاڵان چوو.
ڕوو دەکەیتە بەندەری هەر شارێ
تۆڕی ماسیگرێکی سەرهەڵگرتوو دێتە ڕێت،
لەنێوان چۆڵەوانی و ئاواییدا
دیوارێک ڕاست بۆتەوە

سەردەمێک نێوی دەنێن ڕۆژگار و
ڕۆژگارێکیش مەودای ئاوەزی پێ دەڵێن،
دیوێکی باڵەخانەی ئاوێنەبەندە،
تۆ وێنەی خۆتی تیا نابینی،
دیوەکەی دی پەڵەی خوێنە
ئەگەر لێی ورد دەبیتەوە
خۆزگە بە ڕۆژانی دێرین دەخوازی و
هەناسە بۆ تافی لاویت هەڵدەکێشی.
تاوەبارانێکی پرزووت لێ بڕاوە،
ئاوردانێکی
پڕیشکت دەچزێتە هەناوی خۆتا.
دەتبینم لە پشت باهۆزی زڤستانەوە،
وەویئاسایی، تارا و ئۆیە و دەسماڵت ڕەنگاوڕەنگن،
گەر دەتزانی چەندە نیگەرانم
چۆن شەووڕۆژ دڵەڕاوکەمە...
ئای لەو ڕۆژەی وازت لە سەرهەڵبڕین دەبێ،
دەمامکە کۆنەکەت وە لاوە دەنێیت و
وەکوو بشکۆژێکی ئاڵ
لەنێو کەلاوەی پێتەختەکانەوە
سەر دەردێنی،
ئەگەر پێتم نەگوت گوڵ
خوا بە بروسکەی تووڕەیی بمئەنگێوێ،

ئەگەر گوڵ نەبووی
خوا هەردوومان ببا بە ناخی زەویدا.
نە تۆ حەزت لەوەیە بە کوێرەوەری بژییت و
نە من، ڕۆژێک، نیازی خۆکوشتنم هەبووە...
بۆچی، ئیتر،
دەبێ سزامان ئەمە بێ؟

چاوەڕوانیت شمشێرێکی دوودەمە
هەموو ڕۆژی دەستێ دەدەیتێ و دەمترسێنی.
هەموو ڕۆژێ بە یادی ئەوینی هەردەجاران
لێت هەڵدێم و
لە مەڵبەندی وڕاقی دووریتا دەگیرسێمەوە.
لێم دەپرسن: هۆ ڕووباری مشەختی،
هۆ هەژگی دەم ــ با،
هۆ ئەستێرەی ڕۆژبەسەرداهاتوو،
هاوپیاڵە و هاودەمی کێ بووی؟
کێ هاوشانی تۆیە؟
لەم شاری ژاوەژاوەدا
کێ بی، بێجگە لە من، بە نێوی تۆ دڵی بکرێتەوە؟
لەم ڕۆژگاری پاشاگەردانێیەدا
هەر منم ئەو زمانەی تۆ دەزانم.
ئەگەر پرسیار دەکەن،
ئەگەر لە ژینی تۆ، لە مەرگی تۆ دەپرسن،

چیرۆکی سەرەتا و لەدایکبوون
سەرتاپێی هەستیم دەورووژێنێ.

ڕووسووریت،
دێراوێ خوێن
لە ڕەگەکانتەوە بازرەقە دەبەستێ،
خاکی بەرپێت ئاودێری دەکات.
دوێنێ حەزێکی هەشەری ئەم کوورەیەی تاو دەدا،
باوەڕت نەکرد
وات دەزانی کزەبایەکی مالآنگەڕم
بە دوای شاری باوباراندا وێڵم،
وات دەزانی
گلۆڵەیەک تیشکی ڕەنگاوڕەنگم
لە دەستی پەلکەزێڕینە بەربوومەتەوە.
پەڵەهەورێکی پڕووکاو، ئەمڕۆ، هەڵمدەگرێ و
هەوار بە هەوار و یانە بە یانە دەمگەڕێنێ،
پەڵەهەورێکی زیوینە،
پەڵەهەورێکی زێڕینە
ئاسۆ و کەل، هەوراز و نشێو ڕەنگ دەکات.
ساڵ بە ساڵ
کاژی لێکبڕان فڕێ دەدەم
سەرلەنوێ دەردێتەوە و لێم دەهاڵێ.

ئەز و تۆ، دوێنێ، لە بێدەنگیی تەنهاییدا
یەکمان دەگرت،
لەنێوان ئامادەبوون و دوورکەوتنەوەدا
ئەوی لەمپەر بێ نەمابوو،
تۆ بە پلەکانەی پەشیمانیدا دادەبەزییت،
شۆڕ دەبوویتەوە،
بە ناخی سەردەمدا ڕۆ دەچوویت،
نەتدەزانی دوورکەوتنەوە و نێزیکبوونەوەت
هەر دیواری زیندانێکن.
هاوارم دەکرد، لە بەرت دەپاڕامەوە
با نزای شەوورۆژم بارمتە بن
لە کن خۆتیان گل بدەرەوە.
هانام کرد
ئەم نهێنە زگماکە دەمکوژێ،
ئەم ڕازە، لەنێو دڵما، دەوەنێکی دڕکاوییە
سات بە سات و ڕۆژ بە ڕۆژ
گوڕی دڵم دەکاتە چقڵ،
دەیکاتە ژار و بە خوێنما دەیگێڕێ...
ئەز و تۆ لە دارستانێکدا وێڵ بووین،
وەک دوو تاپۆ، لە شوورەی ڕۆناهی ترازابووین.
ئەودەمەی ئاگرباران بوو
لە ئاستانەی مەرز و بوومی ئاشناییتا دەسووڕامەوە

مەست و هەراسان،
چاوەڕوان بووم بەستی نێوانمان درز ببات و
سۆز و تاسەی ژنانەت
چۆڵەوانیی دەروونم پڕ بکاتەوە.
بووم بە برین، برینێکی بێدەنگ
شەووڕۆژم تەمەنی ئێش بوو،
لەنێو ڕووباری ساڵاندا سەوڵم لێ دەدا،
لە سەرچاوەی نەهاتەوە
بەرەو کەناری ژاوەژاو شۆڕ دەبوومەوە.
سەرم سیپاڵێکی کۆن بوو
لە بەر خۆرەتاوی بەهارێ هەڵمدەخست،
دەمگوت
مەگەر ڕێگەی هەوراز بگرمە بەر
دەنا لەم لێڕ و بێشەیەدا سەرم تیا دەچێ.
مەگەر چاو ببڕمە ڕۆخی ئەوبەر
دەنا لەم وەرزی ترکزەیەدا
کەسێ نایێ بە هاواری دڵسووتاوێکەوە،
کەسێ نییە داڵدەی پاشایەکی بێتەخت بدات.

بۆچی دەبێ لە ماتەمدا بم؟
لە کێ تووڕە بم و بۆچی دڵگران بم...؟
نمی ئەشکم پەڕەی کامە پەیام تەڕ بکات...؟
کە دیار بیت و کە نادیاریش

ئەگەر ورتەیێکم لە زار بێتە دەر
هەر هەستیی بلوورینی تۆ دەلاوێنمەوە.
دەنگم دەبێتە پردێکی زێڕین
کەژاوەی بیرەوەریم بەسەریا دەپەڕێتەوە و دەگاتە لات.
شۆخەژنێکیت، نازی هەوراساییم بەسەردا دەکەی،
دەمێ دەبیتە لێزمە و
جاروباریش، نم نم، شۆڕەبییەکی تاک و تەنهای
کەنار زەریاچەیەکی بێناو تەڕ دەکەیت.
شۆخەژنێکیت بە بۆنی کرێوەت
ئێسک و پرووسکم نماوی دەبێت.

منێ، چەشنی هەڵۆ، چەشی لووتکەم و سەربەرزم
چیم داوە لە ژینێکی پەست و نەوی.
چەمەری نیگام زەردەڵپەڕ و کەبارە
وڵاتی پەڕوازم
شار و دێهات، زەڤین و ئاسمانانە
دەبێ باکم چ بێ
کە من وەکوو ئاگرەوان
ڕووم لە گڕە و بە گڕ دەژیم و ڕووگەم ئاگردانە؟
ئەگەر پاداشتی ئەو هەموو چاوەچاوەم
لێلایی بێت
هەر منم لێت خۆش دەبم،
وێنەکەت دێنمەوە دیدەکەی پڕ گریانم.

که من له بەزمی شەوان و له ڕەزمی ڕۆژاندا
ڕەوانپەست و دڵتەنگ بم،
دەبێ بۆ کونجێ بگەڕێم، ئاسایشت،
دوور له قریوەی سۆزانی و جامبازان،
کونجێ نێوی تۆی تیا بکەم بە مۆم و بە مۆمدان.

له نێوی تۆم ئەگەر تاکه تیپێ بەر کەوێ
بەشێکه و بە منی ڕەوا دەبینی،
خەڵاتێکه و پێمی دەبەخشی.
نێوت ماکی دەردانه،
نێوت هەتوانی ڕێش و برینانه.
بە قامکی زێڕینی تۆ
تاری ڕۆژانی ژینم دەگاڵێ. شەوانه
که تاڵاوی ڕۆژگاران دەنۆشم
ڕەشەهەوری بەختڕەشی له ئاسمانم دەهاڵێ،
چراوگی ودمی تۆیه
فەڕ و ڕۆنیی لێ دەبارێ و کاشانەکەم
دەکاتەوه بە گوڵشەن.
ژیلەمۆی کوورەی پەنهانت
هەردەم دەدرەوشێتەوه، دەبێته زێوەری
شەوی تاری ئەم هەواره.

گەردێ له مینای ئەم دڵەم گەر بنیشێ

دەبێ، خۆ، دەروونی وێرانەم بە جێ بێڵم و
لە هەواری دڵی ئاواتا بگیرسێمەوە.
دە تەنگانە و ئاسیواندا
هەر دڵی تۆمە داڵدە و پەسیو.
دڵ قاپیلکەی گەوهەری ڕاز و نیازە
هالاوی مرواریمی تێدا دەمەیێ،
دڵ کیشوەری بەردە.(**)
لە ڕووی ڕووپەڕان ورد دەبمەوە
هەر ئاورگە و بە ڕووما هەڵدەئاییسێ،
هەر زمانەی کڵپەیە و لە سەرای
باڤوباپیرانەوە ڕادەبێ.
هالاوی خوێنە وا ڕووپەلان تار دەکات،
جۆگەی خوێنە
بناوانی لە دەشتاییی مێژوودایە و
دەڕژێتە سەر خاکی بەژ.
دەوەنی ئەوینی تۆ
بالا دەکات.
تۆ تاکە ئەڤینێکی ناچیتە نیو ساڵەوە،
هەرچییەکت بۆ دەڵێم،
هەرچەندێکت بۆ دەخوێنم،
هەتا تۆ هەبیت دەبێ...
بۆ تۆ، نە بۆ وێنەی تۆ

سروشکی هەڵبەستم هەڵدەڕێژم.

ئەستێرەیەکی سەرلێشێواوم،
لە ناخی کام زەریاچەدا ئارام بگرم...؟
بە هەورازی کامە ئاسماندا هەڵکشێم...؟
لە تیشکی خۆم جاڕزم،
لە لووتکەی کەلی هەوەسڕا
خۆ هەڵدەدێرم. چراکانم، یەک لە دوای یەک،
خامۆش دەکەم و
ڕەگەکانم پڕ دەکەم لە سێبەر و تارمایی.
بەسەر گۆل و زرێوارەندا
تیشک داوێژمە سیخناخی کۆنەسالان.
چی بکەم کە تۆ گلۆڵەی تەمەنی خۆتت
لە خوم داوە؟
چیم لە دەست دێ
ئەگەر تۆ کلافەی ئارەزووت
دەنێو زرێی ئاسنیندا وەشاردبێ.

ئەڤینی من مامزێکی چاوڕەشی ئەو کێوانەیە،
نە دەنگی هۆرە و لاوکم دەیگاتێ و
نە تیرەکانم.
دەستەمۆ نابێت و لەو کەل و هەورازە
نایێتە خوار.

نەوایەکی ڕووت وەک شەپۆلێ
لە دەروونما لرفەی دێ، دەنگ دەداتەوە،
جاروبارێ کە خۆی دەدا بە کەرانەیەکی بەردیندا
هەستی کرژ و خەواڵووم
گشت بێدار دەبنەوە.
دەڕوانمە دەموچاوی ئەم و ئەو
گرژ و خەفەتبار، گەش و پێکەنیناوی،
یەک لە بیری ڕێگەوبانی ئاستەنگ و دەردەسەریدایە،
یەکی دی دێبەری ئاسوودەیی دەکێڵێ،
ئاوێنەی دەماخم لە شەرماندا
سوور هەڵدەگەڕێ.

یادت ڕنووەبەفرێکە
لە بەهار بە جێ ماوە. ڕازی تۆف و بۆرانی
لە دڵدایە،
تاسەی وەیشوومەی زڤستانان
لە دڵی مندا دەبووژێنێتەوە.
کە دەڕوانمە ڕێگەی ڕۆژانی مناڵیم
دەتبینم، هەر تۆ
هاوڕێ و هاودەم و هاوڕازم بووی.
تۆ بووی ئەلفوبێت فێر دەکردم
دەنگت چەمێکی زیوینە
لە بناوانی ڕابوردووڕا سەر هەڵدەگرێ و

له دەشتاییی ئەم پاشەڕۆژە تاریکەدا
دەبێتە دەوەنی گڕ.
کە ساڵ دەپاییزێت و گەڵای داری بیرەوەری
یەک لە دووی یەک هەڵدەوەرێ
دەبیتە سروەیەکی بەهارە
ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەیت.
خۆزگەیەکی نیگەران لەنێو سەرما گۆپکە دەکات و
شمشێری دوودڵیم دەداتە دەست،
ــ کەی بووە، گۆمی بیرەوەریت بن بنێتەوە؟
ــ سەری تۆ کەی بۆتە قوتووی زڕەخەونێ؟
دەچوومە نێو کەژاوەی ڕامانێکی بێسنوورەوە
سەراپێ لەتری دەبرد،
دەمویست
شەپۆلی زەریایەکی ڕاستەقینە
تل بە نەهەنگی ئارەزووم بدات...
وام دەزانی برینی بێوڵاتیم
لە گوڵشەنی پاشەڕۆژێکی تاوناکدا لە بیر دەچێتەوە،
کەچی، هەموو وەرزێ، برین سەرلەنوێ
بنج دادەکوتێ و گوڵ دەکا،
کەچی تازە بە تازە
دەبم بە ئاشنای ڕەنگی خوێن.

لە ڕۆخی چەمی بیرەوەریی هەزاران ساڵتا

دانیشتووم، ئاخەڵێوەی ژین
بوومەلەرزەئاسایی
دێت و لە ناخەوە دەمهەژێنێ،
چی ئەستێرەگەشەی
ئاسمانی ڕەشداگەڕاو هەیە،
وەک چۆن چەپکێ شەوبۆی بەر هەتاوی
ڕۆژێکی بەهارە،
بێبۆن، بێناز، بێورشە
دەژاکێت و هەڵدەوریێت،
دەژاکێن و هەڵدەوەرێن و ئاوا دەبن.

بیرەوەریت ژێیە،
ژێیەک هەزارەها نەوای لەسەر لێوە
لە شەوگاری ئەم بەندیخانەیەدا دەستی دەدەمێ
بەشکەم زایەڵەی گریانێ، پێکەنینێ
پەردەی ئەستووری تاریکی بلەرێنێتەوە.
ملی کامە ڕێگە و شارێگەیێ دەگرم
هەر تۆم مەنزڵیت و هەر تۆم ناونیشانی.

بە مێژوویەکی بریندارەوە دەگەڕێمەوە،
لە ڕەوی ئەفسانەئاسایی
دێمەوە و ڕوو دەکەمە وێرانستانی گێتی،
سەرمایەی ژینم،

ئەوی هەمە و نیمە
چەپکێ تیپی ڕەنگاوڕەنگی بلوورینە
نە بە تاریکی دەسیسێت و
نە بە ڕووناکی دەگەشێتەوە،
داستانی ئەشقی تۆی پێ دەنەخشێنم.
کتێبی ئەوینت پەڕ بە پەڕ دەخوێنمەوە
لە نیشانەیەک دەگەڕێم
ڕازی هاتوچۆی شەوانم تێگەیێنێ،
پرسیاری ئایینێ دەکەم
بتوانێ لە چارەنووسی من و تۆ بدوێ.

لە تاریکاییی سەدان ساڵی تەمەنتا
بریسکەیک وە دی دەکەم
بریسکەی خەنجەرێکە ڕاتدەوەشاند،
گرشەی خوێنێکە
خاکی تینووت پێ دەڕەنگاند.

سوێد ٢٨-٧-١٩٨٣ تا ١٠-١١-١٩٨٤

---

(*) خانی دەڵێ:

سەرنامەیێ نامە نامێ ئەڵڵا
بێ نامێ تـە ناتەمـامە وەڵڵا

(**) مەحوی دەڵێ:

چلۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونسوری ئاوە
مەحـــاڵە من کە بچمــە دڵیەوە، دڵ کیــشوەری بەردە.

# IV

زارم وەکـوو هیـلال و نەحـیـفم وەکـوو خـەیاڵ،
ئایا دەکـەومـە زار و بە دڵدا دەکـەم خـوتوور؟

(نالی)

لە ڕۆژێکی فــەلەک ســـاقی بـووە، تێــفکرە لەم بەزمـــە
قـەدەحئـاشـامـە هەر نادان و هـەر دانایە خـوونئـاشـام،
فسانـەی من بووە زینەی مەجالیس، ئافەرین ئەی عیشق
چهـا بێنام و خـامی وەک منت کـردۆتە سـاحـێـبنام.

(مەحوی)

خوێنی جەرگ و  کونجی عوزلەت بەسمە بەش
بەرمنەت بوونی مەی و مەیخانە بۆچ؟
....................
مەحویا بازێکی تۆ، قودس ئاشیان
بوونە بوومی شوومی ئەم وێرانە بۆچ؟
(مەحوی)

## دەردەسەری

١

سەرنج لە شینایی زەریا بدە، دەروێشە خەمبارەکە!
وا پێلی برینان بە یەکدا هەڵدەشاخێن.
ئەو کەناری ئێشەش چۆڵ و هۆڵە،
لەو ڕوومەتانەی بەبێدەنگی دەگرییێن بەولاوە
چیی دیکەی لێ نییە...
لەو دەمەیدا
گوێ بۆ چرپەی گراویی دوور ڕادەدێری
ناڵە و هاواری نیشتمانی دزراوت دێتە گوێ،
بڵێسە و گڕی ئەوین ڕادەبێ،
مناڵەکەی لە ناخی ناختا خۆی مت کردووە،
دەیکاتە هات و هاوار
تا لە هەموو بەند و باوێکی نارەوا یاخی ببێ و
ڕوو بکاتە گۆڕەپانی زەمانە،
کە پڕە لە نموونەی جۆراوجۆری خۆگێلکردن.

٢

بە بێهومێدی لەو گۆڤەندی شێتانەت دەگەڕێیتەوە و
دەگەڵ قاووقیژی کۆڵانان تێکەڵ دەبی.

نە گوێ بە زەردەخەنەی پەژمردوو دەدەیت و
نە ئاگایشت لە کزبوونی ڕۆناهییە...
تۆیەک بە کۆڵێ هیوای کەسکەوە لە گەڕاندای
تووشی دەردەسەریی وا دەبی
نە ناوی هەیە و نە لە باسکردنیش دێت.
خەڵکی دیکە نێوی جۆربەجۆری لێ دەنێن:
بزربوون، وڕێنەکردن، واقوڕمان،
شکان، کەوتن، شڵەژان...
بەڵام تۆ
بەهایدارییەوە دەڕوانیتە شەقام و
تەماشای جامخانە ڕووناکەکان دەکەیت
بەشکم ئەو سترانەت بەرچاو کەوێت
کە کاتێ تووشی دەردەسەریی وا دەبیت
کە نە نێوی هەیە و نە لە باسکردن دێت،
حەز بە بیستنی دەکەیت.
ئەرێ تۆ چرچاوی دیکەی شارت دیوە؟
ئەی ڕەوشی ترسێنەریت هاتۆتە پێش؟
نیگای تیژ دەکەیتە چەکی دەستت و
گەمارۆی چوارچێوەی بریقەدار دەدەیت،
هەڵیدەتەکێنی،
دەخوازی سەرێ بکێشیتە ئەو دەرانەی
تەم دایگرتوون،

کەچی پاشەوپاش دەکشێیتەوە.
ئاخر دڵی ئەم باژێڕە
دیوارێکی پۆڵایینە.

٣

لەو سەرشۆستانەی شتی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشیون
کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامان پاڵیان داوەتەوە.
لە خۆڕایی دەگەڕێیت و ڕووپەلان هەڵدەدەیتەوە...
ئەو ڕوومەتەی
لە زەماوەندی ئەم سەردەمە خوێنڕێژەدا دیار نییە،
ون بووە.

٤

دەروێشە خەمبارەکە
برین کتێبێکی بێپەراوێزە.

٥

لە (گۆڵدن فینگەر)
مۆسیقا ئاوێتەی هەناسەی مەستی دەبێ،
دەرگەی ئارەزوو بە یەکدا دەدەن،
دادەخرێن ـ دەکرێنەوە ـ دادەخرێن...
لە دەرەوەش
ڕووباری گوڵڕەنگی ڕۆژگار
هاژەی دێت.

نە نێزە دەیترسێنێ و نە تفەنگیش دەیپارێزێ.
لەنێوان ڕووبار و مەیخانەدا
پردێک هەیە
نەڕووخاوە.

٦

ئەم ئاڵۆشە
لە نەخشەی ڕۆژگاردا بوو بە هۆی
لەنێوبردنی هەزاران کەس و
وێرانکردنی وڵاتێک و
ملیۆنان فرمێسک و داخ و وردەتراژیدیای بچووکی دیکەی وەها
کە لە سەرژمێری ڕەسمیدا
ناو نابرێن و نانووسرێن.

٧

لە هەموو کتێبخانەکان
هەواڵی ئەو پەیامبەرە گومناوە دەپرسی،
بۆی دەگەڕێی،
نێوەکەی بە زمانانی کلاسیکیش دەبێژی:
غەسسان کەنەفانی
کەچی هەمیشە بەبێهومێدی دێیتەوە.
لەم سەردەمەدا
خەڵکی ناوی پەیامبەران لە بیر دەکەن.

٨

ئەم نیشتمانە ـ ئەوینە
کۆڵێ برینی بە بەشم بڕیوە
نازانم نێویان بنێم چی.
یەکەمیان کۆچکردنە لە دووی ڕوومەتێ
ببێتە هاودەمم.
ئەمڕۆ نێوی کوردستانم
لە پێڕستدا خوێندەوە،
کەچی لە کتێبەکە خۆیدا نەمدۆزییەوە.

٩

باژێڕی ئەم جیهانە
زۆر سەیرن و زۆر چۆڵ و هۆڵن،
کاتێ کەسێک نابینی
بتوانێ ئاوازێکت بۆ لێ بدات
لەتەک ئەو گۆڤەندەدا کە تۆ چاکی دەزانی،
بگونجێ.

١٠

ئاخ، خانمەکەی ڕۆژی ئەزەڵ، ئاخ...
ئەم زیکەزیکە نەبڕاوەی
فیقەنەی مێژوو
لەنێو چوار دیواری دەردەسەریی سامناکدا

بەندم دەکات،
ئەرێ رێگەم دەدەیت پرسیارێکی چکۆلانەت لێ بکەم؟
هەتا کەی...؟
هەتا کەی...؟

بەیرووت ٢١-٢-١٩٧٧

## سەردەمی ڕۆژ بەڕێوەیە

لە سەردەمی جەنجاڵی ئەتۆم و ئەڤینی درۆ و ناپاکیدا
نەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینم و
هەڵدەکوتمە سەر دڵخۆشیی گەوجانەت،
سەر بیرەوەریی بەساڵاچووی نێو زیندانت و
یەکەم مزگێنیت بۆ دێنم
"... وەرزی باران بەڕێوەیە،
وا ڕۆژی سەردەمێکی نوێ هەڵدێ..."
شاری خەم و تاسە و برین
کاتێ دەستەی دڵدارەکان
لە دەروازەی سەردەمی ڕۆژ وە ژوور دەکەون
تۆ ببە بە دیمانە و
تۆ ببەرە سەرکاروان.

وڵاتەکەم... تۆ هەر تاکە وڵاتێکی،
چ تۆ لە منەوە دوور بیت و
چ من لە تۆوە،
هەردە و تەلانی ئەم سەرزەمینە پڕ دەبن
لە ژانی خۆڵەمێشین،
لە مەرگ و لە خەمی شین.

لەودەمەیدا گورزی ناپیاوی دەوەشێنن...
لەودەمەیدا بەردەبنە گیانی هەتاوی هەڵهاتووی
نێو چاوانت
هەزاران کۆنەساڵی کینەی چینایەتی و شێتی
لێم دەئاڵێن و دەمگروون.

نە سواری کەشتیی وێڵ و سەرگەردان دەبم و
نە دەچمە نێو
خۆپێشاندانی سەلار و بێمزەڕەت...
با هەموو ڕۆژێ
بدەن بەسەر ماڵەکەما...
با بە قۆناخەتفەنگ
دەرگەکان هەلاهەلا کەن و
بکەونە پشکنینی کۆڵ و بوخچە و جانتاکانم...
خۆ من نامەوێ
سەرسەلامەت بم،
نامەوێ بێتاوان بمگرن...
با بزانن لە خۆپێشاندانی زریان و ڕەشەبائاساییدا
بەشداریم کردووە.
با بڕیاری مردنم بدەن
لەسەر ئەوەی
ڕێگەی مەڵبەندی ڕۆژم گرتە بەر...

شام (دیمەشق) ٢٩-٨-١٩٧٦

## قامیشلی

١

گەر لێرەوە نامەیێکت بۆ بنووسم، هاوڕێم، دەبێ
لە دڵتەنگی و خەم و پەژارە بەولاوە
باسی چیی دیکەت بۆ بکەم؟
گەر بمەوێ وێنەیەکی
ئەم خەڵکی شارە بکێشم
دەبێ وێنەی کەسانێ بێ
لەسەر خاک و زێدی خۆیان
نامۆ و ئاوارە و دەربەدەر کراون...
دەبێ نەخشەی نیشتمانێ بکێشم
سنوورەکانی دڕکەزی و تفەنگن،
لەنێوانی لێو و لێوا،
لەنێوانی دەست و دەستا
لەمپەرن.

٢

زەمان بە نێو ڕێگەوبانی ڕەشهەڵگەڕاوی باژێڕا
لە سەرەخۆ دەبزوێت و دێت و دەچێ،
کۆڵ و باری خەم و ژانی هەڵگرتووە...

زەمان لە ڕۆخی ڕێگاکان،
بە دەر و دار و دیوارا هەڵواسراوە و
سەرەنێزەی هەژاری
سینگی کون کون کردووە.
زەمان لێرە، ئۆتۆمبیلە
پۆلیس، پۆلیس دەیئاژوێ.

قامیشلی ئاپریلی ١٩٧٧

# زایەڵەی ڕۆژگارێکی ئەرخەوانی

**١- ژاوەژاو**

کە تۆ خەونت بە کەنارێکی سەوزەوە دەبینی،
دەمەدەمی زەردەپەڕ بوو
سترانێکی نوێت هاتە گوێ
پێشتر کە نەتبیستبوو...
دڵبەرەکەت وتی: ئەوە ئەڤینە
بۆ دڵدارانێ هێشتاکە
هەورێشمی کەسک و ئاودار
دەکەن بە تانوپۆی خەون و ڕازی دڵیان
وا گۆرانی دەچڕێ.
تووشی ژنێکی ڕێبوار بووی
گوتی ئەوە تریقەی پێکەنینی
ڕۆژگارە
پێچکەکانی
بەسەر شان و کۆڵی ئێمەماناندا
تێپەڕ دەبێ...
گوێ ڕادێرە، گوێت لێ نییە شەمەندەفەر
هاڕەهاڕێکی چۆنینی لێوە دێ...؟

**٢- خەمی ئاوێنە**

ئەم کیژۆڵە گەرموگوڕ و ناسکە
مەگەر تەنها *ناوی* خەمی بیستبێ،
خەم ناناسێ.
کە ئێواران، هەموو ئێوارانێ، دێتە ژوورەکەت
بنجێ گوڵی بۆنخۆشی تیا دەڕوێنێ...
بە ڕوومەتی شینی ئاوێنەکانتا
چەپکەیادێکی پاراو هەڵدەواسێ.
ئەم کیژۆڵە گەرم و خۆش و ناسکە
کاتێ دەڕوا و جێت دێڵێ
لە دارستانی ئاوێنەی ژوورەکەتا
چی پرتەقاڵی دڵخۆشی
هەیە، هەمووی دەڕنێ...

هامبورگ، گوڵانی ١٩٧٨

# شائەستێرە

١

کە شائەستێرەی گەش گەش
شەوگاری چاوت دەکەنە چراخان
کڵاوکوڕەی هەڵبەست لە جریوە و جووکە دەکەون.
ئاسۆی گوڵڕەنگ لە مژۆڵەکانم نێزیک دەبێتەوە،
خۆی تێ هەڵدەسوێ و
وە بەر چەپۆکانی دەدات،
شەوگار دەمدوێنێ...
بیرتە وشەکانم هەڵدەلەرزین؟
ئێستا، کە دەسبازی دەگەڵ
تووکی زبری ڕۆژگاردا دەکەیت،
گمەی ماچەکانمت وە بیر دێتەوە
بەسەر لکوپۆپی لێوتەوە دەنیشتنەوە...؟
دڵ دەدەمە ئەم وازییە و پێوەی خجڵ دەبم،
شەوانە، درەنگانێ
وەکو باران، وەکو بارانێکی سوور
دادەبارێمە سەر گومەزیی لووسی هەڵپەی مناڵانەت،
بەسەر سەربانی گڕگرتووی

حەزی حەشەریی ژنانەدا
دادەبارێم...
پاشان هەر خۆت
باسی ئەو گەشتەم بۆ دەگێڕیتەوە،
دەیکەیتە هەڵبەستی پرزوولێبڕاو،
دەیکەیتە وشەی بێڕووبەند...
ئەوە سەردەمێک بوو هەی کچی هەور،
چیی دی وردەبارانی لێوە نایێتە خوار.
ئەوە سەردەمێک بوو
هەورەتریشقەی قسە
چیی دی وە ئاگای ناهێنێ...

٢

لە ژێرخانی یادا مۆم داگیرسێنە!
مەودا ڕووناکایی هەڵدەلووشێ.
چرای وەبیرهێنانەوە پێ کە،
ئەگەر دڵداران چاوبڕکێ
لەتەک پاشماوەی سێبەردا دەکەن
وەرزی ئەڤین دەژاکێ...

٣

چەندە ترسناکن
ئەم ڕێگە تاریک و نووتەکانە.

که ئەمشەو

هەتاویش زیندانییە

هەموو ڕێکان ترسناکن.

کاتێ خەفەت دێتە سەرم

سۆمای چاوم دەئەنگێوێ،

کاتێ بە جێم دەهێڵێ

هەڕەشەم لێ دەکا بمڕفێنێ و

هەموو گۆرانییەکانم بە دیل بگرێ...

شام (دیمەشق)، شوباتی ۱۹۷۷

# نەخشەیەکی نوێی ئازارەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ

١

لە پێشانگەی خەما، قوربان، تابلۆئاسا
هەڵمواسە و
ئەوجا بێڵە با بە تاسەیەکی خێڵەکییەوە
دەست بکەمە ملی چوارچێوەی کوێرەوەری.
بێڵە، ئەمشەو، وەک تاوەبارانێکی سپی دابارێم.
بێڵە دەست لە بێدەنگیی ئەو ژوورانە بدەم
کە بە ڕووی قووڵترین ـ ناسکترین ـ سوورترین
هاواردا پێوە دراون...
کە بانگم لێ کردن: مەڕۆن، ڕۆیشتن...
کاتێ لە بەریان پاڕامەوە: تفەنگەکان مەکوژن!
کوشتنیان.
دەمێکیش هەنگاوم نا، بەردبارانیان کردم.

٢

ئەمڕۆ تابووری بەزیو ڕژاونەتە کووچەی هەژاران.
لادێ بەبێدەنگی لە شەوی داگیرکەراندا دەتاسێ.
بەپێی یاسا لاشان دەسووتێنن،
بەپێی یاسا

کەش دەگۆڕن و زۆزانت لێ دەکەنە گەرمەسێر.
ڕەنگی شین لە چاوان دەردێنن،
گەرمای بیابان پووچ دەکەنەوە...
هەر بەپێی یاسایش
زۆر لە نەخشەی وڵات دەکەن بچێتەوە یەک.

٣

خۆشەویستیت، گیانە، ڕووبارێکی سوورە
بە دەماری لەشما بەگوڕ دێت و دەچێ،
کێ بێ ڕووبار لەناو لەشیا هەڵگرێ...
خۆشەویستیت بورکانێکە لەنێو دڵما
کێ بێ بورکان لەنێو دڵدا هەڵگرێ...؟(*)

٤

لەم شەوی وشکانییەدا دەنگت
چەپکێ ڕووناکییە، ڕووبارێکە، چراوگێکی سوورە و
دەگاتە لام...
لەم شەوی تاری وشکانییەدا،
لە گەرمەی هەراوزەنا و ژاوەژاودا
تەنیا دەنگی تۆم بەر گوێ دەکەوێ
لەگەڵ شینایی ئاسۆ و
سەربەرزیی دوند و
خەمی کۆچکردندا ئاوێتەیە.

هەموو جۆرە تیرێک، بۆ لەنێوبردنت،
دەخەنە کار،
هەموو جۆرە جغز و چەمەرێکیش
تاقی دەکەنەوە،
تا لە چوارچێوەیەکی خوێنیندا دیلت بکەن.
بەڵام تۆ بە وێنەی چەپکێ ڕووناکایی،
ڕووبارێ،
چراوگێکی سوور
هەر دەمێنیتەوە.

٥

ئەمشەو بەغدا، بە سەرخۆشی
بە مەیخانەکاندا دەسووڕێتەوە،
هەژار و سالووک و کۆڵکێشان
شەیدای دەبن...
ئەوینێکی لەبننەهاتوو
خۆیان و نزاکانیان دەکوژێ...
دوکانچەیەک لە شەقامی ڕەشید هەیە
خوێندکارانی گوندی بەتاو خۆیانی پێدا دەکەن و
هەرزانترین ژەمی لێ دەخۆن...
کرێکارانی خەڵکی کوردستان لەو بابولشێخ و نەهزەیە(**)
بە ڕیز لێی ڕادەوەستن.
پاسەکان پڕن لە منالانی وردەواڵەفرۆش

بەرەو گەڕەکی هەژاران دەڕۆنەوە...
لەوبەری دیجلەیشەوە
مەنسوور چاوی بڕیوەتە
سمتی گۆشتن و
شاوەت بە چاویا دێتە خوارێ...
دەمکوژی...؟
بمکوژە!
تەنیا لە دەفتەرە زەردەکەتدا بنووسە:
شەیدای شاژنێکی بەندی بوو،
بەڵام خۆی نەکوشت...

شام (دیمەشق) ٢٤-٨-١٩٧٦

.................................................................


(*) ئەم کۆپلەیە لە شیعرێکی دیکەیشمدا، کە پێشتر بڵاو بووەتەوە، هەیە.
(**) بابلشێخ (باب الشیخ) و نەهزە (النهضة) دوو گەڕەکی هاژارنشین و کوردنشینن لە شاری بەغدا.

# دار

چاوەڕوانی دەنگی زیوینی تۆ دەکەم،
خانمی شۆخ،
نیگارێکی ئەم ساتانەم دەکێشم،
لە وێرانەی نیگای پەست و خەفەتبارما
پێپەستن.
سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بوو
چاوم لێ بوو
دارێ ڕووەو مردن دەچوو
دەیقیژاند و لێی دەڕوانیم...
نەمدەزانی دەڵێ چی،
بەڵام وێنەی هەڵلەرزینی پەلکەکانی و
چاوی تۆقیویم کێشا.

ستوورڤرێتا ١-١٠-١٩٧٨

# نیگاری تۆ لە دیواری
# زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم


فەرهاد شاكەلی
نیگاری تۆ
لە دیواری زیندانەكەم
هەڵدەكۆڵم

# ڕۆژێ نەهاتی

هێندەی مەرگ لەم هەرێمەوە نێزیکیت و
هێندەی تاسەی ژیانیش ئاوازەداری،
کەچی
هەر دوورەپەرێزیت و
ڕۆژێ نەهاتی
ببیتە تەمێکی بریسکەدار
لەم شارەدا.

بایەکی شارانگەڕ بوویتایە
یا بۆنوبەرامەیێکی بەهارە،
هەڵبەتە
لە درزێکەوە،
لە درزێکی ئەم زیندانەوە
دەهاتیتە ژوورێ؛
تەرانەی دەشتودەرت بۆ دەخوێندم.

سۆڵلەنتوونا ١٥-٥-١٩٨٥

# نیگارستان

دە خەونێدا
شار بە شار و دێ بە دێ
لە دووم دێی،
وڵاتانم لێ دەکەیتە شەوستان.
دە خەونێدا
نیگارستانێکی بێسنوور و بێکەرانەی،
دەراوانی سۆما و تیشکی،
بە بێداری
وەکو دارودەوەن
وێرانەشاری وێڵبوونم
شارارایشت دەکەی.

شام (دیمەشق) ٧-٧-١٩٨٥

# تەزوو

دەڵێی ئەستێرەیەکی پەڕشینی
دادەکشێی
لەم ئاسمانە دارینە بێدەنگەدا
دەشنێیتەوە.
زایەڵەت
هوردەتەزوویەکی ئێوارەڕەنگ
هەڵدەوەرێنێ.
ئەم سنوورەی باڵی پەڵەهەوری بەهارەی
نیگاکانت
گرێ دەدات
مەرزی نێوان گڕ و دامرکانەوەیە؟
یا تەتەڵەی
دڵی پڕ گومانی خواپەرستێکە هەڵدێت؟

١٩٨٥-٩-٢٠

# هەوراسایی

ئەز بووم
لە شەو و شەوستانانندا
دەهاتمە بەر کۆلیتی بێچرای خەمەکانت
لە تروسکەیەک دەگەڕام
کەوشەنێکی پێ دایبسێنم.
ئەرێ، خانمەکەی سەرتاپێ تیشک!
هەتا کەی
بە چواردەوری ئەم نێوە هەڵواسراوەی مندا
تاسەی هەوراز و سەرلووتکە دەبارێنی؟
وەرە! ئەوینی دڵەکەم
بکەرە ڕایەخێکی کاشانی
ساڵەهای ساڵ پێپەستی کە و
ڕووەو وڵاتی ئێواران بشنێوە!

هەرچەند تۆ دێیت و
لە دەرگای ئەم شارە تەلبەندکراوە دەدەی،
چی سەرکردە و پاسداری مێژوو هەن
هەموو وە ئاگا دێنی.
چیت لە من دەوێ؟

ئەی چیت لە من ناوێ؟
لە ئاهەنگی تێکاڵانی ئەم ڕەنگ و ئەو ڕەنگدا،
لە خامۆشیی ساتۆکەی
تاریکوڕووندا،
لە دەمەدەمی لێکترازانی دڵ و دڵدا
هەر تۆی
بە بەژنی هەوراساییتەوە دەمئەنگێوی،
لە ئاوێنەی بیرەوەریما ڕەگاژۆیی دەکەی،
سەراپای هەست و نەستم
مەستی دیدارت دەبێ.

یەریڤان ٢٠ (٢١)-٤-١٩٨٦

# چراخان

ئەتۆی
لەنێو شانە بە شانەی مێژووی چەرمەسەریمدا
سورمەیت و دەبریسکێیتەوە.
لەم ڕۆژگارە گرژەدا
بائاسایی، بێڕەنگ، شنەت دێ.
چاوەڕێ بووم، ڕۆژێ، چاوەڕوانی بەر بگرێ،
ئا ئەم مەینەتە هەزارڕەنگە بوو
کە شەواوشەو
بەرۆکم دەگرێ.

بۆڵەخەمی ڕەنگامەم لێت ویستبوو؟ یا
ئەم ناووناتۆرەیەی
بە هیچ، بە مردنیش، لێم نابێتەوە؟

کۆتی دووریتە، بەم شەوگارە، زرەی دێ.
ئەتۆ، جارێ،
چاوێ لەم ژێرزەمینە نسرمەم کە!
زیندانەکەم دەکەیە چراخان.

سۆڵلەنتوونا تەممووزی ١٩٨٦

# زەردەگەڵا

زەردەی ئێوارەیێکی دیکەیش
تێکەڵی شەوی ئەم وڵاتە دەبێت و
دەتوێتەوە.
زەردەگەڵایەک
درەختی حەز و ئارەزووم
بە جێ دەهێڵێ و
وێنەی پەپوولەیەکی شەکەت
لە وێرانەزەوینێک دەنیشێتەوە.
کەچی شەپۆلی زەریاییێکی تار
پێشوێنەکانم
لە کەنارێکی بێدەنگی چۆڵ
بە تووڕەیی و کینەوە دەسڕێتەوە.
تازەحەزێکی تەماوی
هەوراسایی
بە دوندی چاوەڕوانیمەوە هەڵدەنیشێ.

لەنێو تەمستانەوە دیمانەی هەتاو
بەژنت دەکاتە پەیکەرێکی زێڕبافت.
ئەم سەرزەوییە هەموو بەهارانێ

به بۆنی خوێن ورِ و کاس دەبێ،
ئەم زەوییە لەبەر خەمی بێڕەنگی تۆ و
لەبەر بێبەشیی منە
وا مات و کز و لارەمل دەسووڕێتەوە.

سۆڵلەنتوونا ٢-١٠-١٩٨٦

## تەمی زگاری

خەدەنگی دووریتە وا برین لە سەراپێی
هەستیما دەوەشێنێ.
نە زەمزەمەی ئەم بێئاوازخانەیە
هەستم دەلاوێنێتەوە و
نە شنەی خەوناساییی دیداری تۆیش
دڵەکەم فریو دەدا .
وێڵی دەشتی بێئارامیم،
هەوارێ نایێتە ڕێی ئەم تاسە گومڕێیەی من.

تەمی زگاری،
وێنەی تارایەکی شین،
ئاوێزانی وێرانەهەواری تەمەنمە.
هەست و نەستم
دەڵێی نەمامێکە، تازە،
دەبێتە ئاشنای گڕەی هاوینێ.

سۆڵلەنتوونا ٣-٩-١٩٨٦

# سەرشار

ناوت نابەم
نەوەک بە بای ئەم وەرزە دەردەدارە
هەڵبزرِکێی،
دەتسپێرمە
دوکانچەکەی خەمی دەروون.
چۆن دڵم دێ
مۆمی یادت ئا لەم شەوگارە درێژەدا
داییسێنم؟
با گەردی تاریکی لەو گرِەت نەنیشێ.

سەرم سەرشاری ناو و ناوبانگتە و
دڵم ئەویینداری دیمەنی نادیارت،
لە کەناری تەنهایی و بێکەسیمرِا
چاوم هەڵخستووە
دەروانمە شەپۆلستانی بێکەنارت.
هۆ وەرزی رِەهێڵە!
ئەم بێئاوانەی گیان تینووی پرِووشەیێکە.
شارەکەی گرِ و رِووناکی!
ئەم تاریکستانەی دڵ

تاسەباری تروسکەیێکە.

چۆنت ببینمەوە؟
کە ڕۆژگاری هەور و تەم و زریانە.
چۆن ئەم نهێنە بشارمەوە؟
لە هەر لایێک دوودڵی و گومانە.
هەموو ڕازی من ئاشکرایە و
هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز.

سۆڵلەنتوونا ١٣-١٢-١٩٨٧

# هاوڕاز

بانگت دەکەم،
دەنگ لە گەرووما
هاواری منارەیەکی کۆنە، دەلەرێتەوە.
ئەمە نرکەی زریانی دووریتە
ساڵگارم لێ دەکاتە زستان و کەوەڕۆژ...
هاژەی شاباڵی پەیدابوونت
زەوینێک لە بەرپێما ڕادەخات؛
پانوپۆڕ.
لەم تەمستانەی ناکەسیدا
مەگەر هەر دەنگم لە کەوشەنی
تەنهاییم بڕواتە دەر.

لە درزی بێکەسیمەوە
چاوم بڕیوەتە شنەشنی سەراپەردەی
ڕازخانەکەت.
ئارەزوویەکی بێڕەنگ دەلاوێنمەوە،
منتم هاوڕاز.

سۆڵلەنتوونا ١٤-١٢-١٩٨٧

# زەنگی گومان

که شێوەت، بەربەیانێ، لەم مەرزوبوومە هەڵدێ،
ئەم بەردەڵانە، وەک ئاوێنە، ڕۆژگارێ
دەست دەکاتە جریوە.
لە پەردەی پەنهانی دڵدارییەوە
گەوهەرێ دەتروسکێ،
خوێنی ساردەوەبووم دێنێتە سەما.
ئەمە چ ئەوینێکە وەکوو تیخ
دڵی وەرزە گریاوەکان دەپێکێ؟
ئەمە چ دڵدانەوەییێکە
کە ناوی وێرانەی دەروونم ناهێنی؟

ئای لە سامی ئەم شەوەی نابڕێتەوە،
هەر زایەڵەی زەنگی گومانە
لە ئەشکەوتی بناری تەنهاییشدا
دەگاتە گوێم.

سۆڵلەنتوونا ٢٤-١٢-١٩٨٧

## ورشه

که بێسەروسامانە ڕۆژگاری دڵەکەم
کڕنووش
وە بەر دیداری کامە هەتاو بەرم؟
ئەم نیگارە دڵفریوەی شینایی ئاسمان
ئەفسوونێکە
پەیکەری مەرگ ڕایەڵ دەکات.
یادت باڵدارێکی ڕەنگاوڕەنگە
ناوی زەریا و ڕووباران
دەهێنێتەوە بیری
ئەم دارستانە سووتاوەی گیانم.

شەوانە دەست بۆ تریفەی ئەستێرە دەبەم،
هەموو تاریکایی ئەم شارە
لە نەمامی خەیاڵم دەئاڵێ...

چراوگێ لە بەندەنی نادیارتەوە
هەڵیدەکەیت
لەسەر شووشوبەندی ئەم زیندانە
دەورشێتەوە...

سۆللەنتوونا ٢٦-١٢-١٩٨٧

# وێرانەڕاز

ئاگرێ لە دەروونی شەودا دەگرێ
چرای ڕێبواری بێیانەی نابینایە.
ئاگرێ دەڵێی زەنگە
کووچە و شەقامی تاریکایی پڕ دەکا
لە ڕەنگی زەمزەمە.

کە وەرزێکی باراناوی
ڕوو دەکاتە شارویرانی دڵم
خشت و کڵۆی وێرانەڕازێک دەنەخشێنێ.
ڕوو لە کامە ئەستێرە بکەم
گەردەزێڕێ
بڕێژێتە ئەم هەرێمە ڕەشداگەڕاوە؟
کامە ڕووگە
ساتێ تەسکینی دەداتە تەمەنی ڕەنجەڕۆ؟

سۆلەنتوونا ٢٢-١-١٩٨٨

# ئاوێنەڕێژ

هێشتا پەڵەهەوری ئاسمان ڕەنگی دارستانێکی بریندار
لێ نەنیشتبوو
کە تۆ خەون و قانوونی ژینەخەونت دەنووسی.
هێشتا
بڵاچەی خوێنت لە سنوورانەوە دیار نەبوو،
دەتویست ڕێگەی کۆچەکەت ئاوێنەڕێژ بێ...
شەوگاری تاری تەمەنت
بە کۆڵەکەی تیشک ڕاگرتبوو،
لە سەرزەمینی خۆرهەڵاتەوە تا خۆرنشین
هەر بانگی مەرگ بوو دەنگی دەدایەوە،
هەر ناڵەی دەردەداری بوو سەراپای دەهەژاندی،
هەر نێزەی خوندکاران بوو
شوورەی شارانی هەڵدەتەکاند...

نە سواری ئەسپی ڕەشەبا بوویت و
نە دوندی شاخێکت کردە هاوکۆچی خۆت،
چەمێکت نەهاتە ڕێ، تا پرسێکی پێ بکەی،
ئەستێرەیەکت نەکردە نیشانە،
لەو سەنگلاخە پردێکی پەڕینەوەت هەڵنەبەست.

ئێستا کە دێیتە شارستانی بێنەوای دڵمەوە
ڕوخساری ڕەنگپەڕیوت
فێری گومان و دوودڵیم دەکات،
ئاوازی شەوانەت
وێرانەی کۆنەسالآن دێنێتە گۆ.

لە کوێ بووی،
کە هەموو سەرمەستی ڕەشبەڵەکی ژین و مەرگ بوون؟
لە کامە شەوکۆچی غەریبی بە جێ مابووی
هاوکۆچت کە ئالوودەی چراخانی
شاران بوون...؟
وەرە پەیمانەی خەمی دڵت هەڵڕێژە و
بە تاوی ئەشقێکی کۆچەری بشنێوە...!
لە پەنای خەونی ئەرخەوانیت وەرە دەرێ!
وەرە پەلکەڕەنگینەی هەزارڕەنگی تەمەنی خۆت چاو لێ کە
چۆن لە ئێوارەی ئەم ڕۆژگارە گڕهاوێژەدا
دەژاکێت و
دەوەرێت و
دەپوێت!

سۆللەنتوونا ١٩ (٢٠)-١٢-١٩٨٧

# دەبوونە ڕووبار

لە تاقچەی زیندانەکەتەوە –نیگەرانیت–
دەڕوانیتە سێبەری سێدارەکان،
وەک باڵای مەرگی نەبینراوت
سارد و خۆڵەمێشین و دوورن.
وە بیرت دێتەوە کە باب و باپیران
دەبوونە ڕووبار و
دەبوونە زنجیر و
دەبوونە ئەستێرە،
ئەوجا تەنیا ساتێ دادەمێنێی؛
زیندانەوانێ نایێت
لە دارت بدات،
سەرت بکاتە سەرەنێزەوە،
تا تۆیش ببیتە سەردار و تا تۆیش سەربەرز بیت.

تریللەڤاللەن ٢١-٢-١٩٨٨

# کلکەوانە

دەرەتانێکم بدەنێ!

تا ئەم گۆلە پڕ لێڵاوە بن دەنێتەوە.

ئەوسا

کە ڕوومەتی خۆم دیتەوە

منە دەکەم؛

بۆ کلکەوانە زێڕەکەی بەختهێنەرتان دەگەڕێم.

١٩٨٨-٨-٣

# کێوی دڵ

کێوی دڵم
بە تیشکی ئاشناییت ڕۆشن کەوە!
دڵ و گیان
دەکەمە بەردەبازی ڕێگەکەت.
وای، کە بێتۆیی چ ساڵانێکی شەوەزەنگە،
وەی کە شاری گیان
بێ یادی تۆ،
چ گۆڕێ، چ گۆڕستانێکی بێدەنگە.

بەهاری ١٩٨٨

## یادت

یادت وەک گەواڵەهەورێکی سپی
بە ئاسمانی تاریکی دڵما ڕادەبوورێ،
ڕەگەکانم، یەک بە یەک،
لە شەپۆلی گوڵاوێ سەرشار دەبن.

بەهاری ١٩٨٨

## ڕۆژێ، ئەگەر دەردەکەوی

که بۆت دەگەڕێم و ناتبینم
گەرمای پەنگر دەپژێتە ناو خوێنمەوە،
تاسەی بیابان بۆ هەورێکی باراناوی
لە سەهۆڵبەندانی هەستیما
بنج دادەکوتێ.

ڕۆژێ، ئەگەر دەردەکەوی،
خوێنم بکە نەخشێکی ڕایەخەکەی ژێر پێت،
هەستیم
لە پەراوێزی گەردوونی گەورەییتا
بکە بە نیشانەیێکی بێناوڕەنگ.

١٩٨٨-٨-٤

# ئەم ڕەنگانە

ئەم ڕەنگانە چۆن دەژین؟
جارێ دەبنە پڵپڵەی تاجێک
شادۆتی گزنگ، دەمەدەمی لەخەوهەستان،
لە سەری دەکات،
جارێکیش
دبنە کۆڵەوانەی لە خوم هەڵکێشراوی زەردەپەڕ.

ئەم ڕەنگانە پەروانەی ئاشقەگرن؛
کە ئاگر بەردەبێتە دەشتی شەو
دەبنە مێرگ،
دەبنە گوڵجاڕی پەلکەزێڕینە.
لەگەڵ کوژانەوەی ڕۆشناییدا
باڵ دەگرنەوە،
ڕوو دەکەنە کێو و تەلانی بێڕەنگی.

١٣-٨-١٩٨٨

# دەشت

بەندی دیواری تەنهاییم،
نەخشەی وێرانستانی ئازادی دەخوێنمەوە،
لە بێخۆیی هەڵدێم،
لە بێتۆیی هەڵدێم،
ئەزم بەندی و ئەزم هاونشینی بەندیوان.

لە درزی نێوان هاتن و نەهاتنی تۆدا
کۆڵەکەیەک ڕووناکایی
ئەم ئاسمانە ئاسنینە ڕەشباوەی ڕاگرتووە.
دەبم بە سێبەر و لە کەوشەنی هەتاهەتاییتەوە دێمە ژووریٚ،
دەبمە هەسارەیەک
بێناو
بێتیشک
بێقورسایی
ئاسمانێکی  ئاسنین دەپێوم.
درزی نێوان هاتن و نەهاتنت
بە هەودای ڕەنگاوڕەنگی ژیانم دەتەنم.

لە زیندانی تەنهاییمەوە تا چاو بڕ کات

دەشتی بێکەناری بێدەنگییە
بەفر گرتوویەتی.
بەم شەوگارە
هاوارێ وەک لوورە دەنگ دەداتەوە،
هاواری بەندییەکە تاک و تەنیا.

١٣-٨-١٩٨٨

# شەوگەڕ

ئەم دڵەی شەوگەڕی من
لە تیشکی ڕۆژێ دەگەڕێ،
ئەم سەرە بابردەیە، ڕەنگنەناسە
گوڵ دەبینێ
ڕەنگی سوور دادەگەڕێ.

سۆللەنتوونا ٢٣-١٢-١٩٨٧

# درز

توێ بە توێی ئەم شەوگارە
نیگاری ڕەنگاوڕەنگی تۆی تیا پەنهانە،
دەبینم کە هێشووی خەونی بێڕەنگ
بە داری شەوەوە ئاوێزانە.
ئەم تارە دەردەدارە
بۆ تاسە و ئەشقی تۆیە، ئەگەر جارێ،
لەگەڵ هەنسکی ئاهەنگا
گوڵنمی یاقووتی لە ژێ دەبارێ.

لە کووچە کووچەی بێژماری ئەم سەرایەدا
کوانێ کەسێ نائاشنایەکی سەرگەردان بناسێتەوە؟

وتم زەمانە کە هەر تاریک دادێت
بێهوودەیە، ڕێگەی نهێنان دەگرمە بەر.
تروسکەیەک لە مۆمی باڵاخانەکەت
بەم ڕچەیە بسپێرە
لەم ئاوێنە هەزار درزەی دڵدا
دەبێتە دنیایەک ڕووناکایی.

سۆڵلەنتوونا ١٨-٤-١٩٨٨

# بستۆکەیەک ڕووناکایی

لەنێوان سارای گڕە و هالاو و
زەریای بێکەرانەی شەپۆل و شینایی‌دا،
بە دڵتەنگی، بە دڵشکاوی، تاک و تەنیا
ورد دەبیتەوە.
دەروونی دەردەدارت دەدوێنی،
دڵە بێکەسەکەت، ڕیشاڵ ڕیشاڵ،
بە پەنجەی خەم و گومان دەهۆنیتەوە.
مەلی تاراوی ئێواران چەند بێباکانە
ڕوو لە سوورایی ئاسۆ، بە باڵەتەپێ
شاری دووکەڵاوی جێ دەهێڵن.
دەڵێی
ئاخۆ ڕۆژێ دەبێ دڵە بێباڵەکەی منیش
داری گڕێک، بستۆکەیەک ڕووناکایی بکاتە دی...؟
چاو دەبڕیتە ڕێگەکەی دڵستانت
پەیژەیێکی نادیارە
سەری ناوە بە دەروازەی باڵەخانەی تاریکییەوە،
نە وریشەی ئەستێرەیەکی دوور،
نە بریسکەی شمشێری شەڕێکی سامناک
ڕووناکی دەکاتەوە.

عەین تایا (عین طایا)- ئەلجەزائیر: ٢٤-٧-١٩٨٨

# چاوەڕوانی تروسکەی چرایەکە

دڵبەندی هەوارگەی ڕاز و نهێنانی،
نییە، نایێ سروەیێ
لە مێرگ و بۆستانی یارەوە.
هاوینەوەرزی گیان
تاسەباری نمەی بارانێکە
لە داوێنی سەراپەردەی بەهارەوە.

تۆی کوڕی زریان و گەرداو و ڕەشەبا
لە قووڵاییتا دارستانێکی تینوو
خەون بە شەستەبارانی زستانەوە دەبینێ.
لە نیگاتا
تاریکاییی شەوی زیندانێکی
دوورەئاوەدانی
چاوەڕوانی تروسکەی چرایەکە لە ڕێوە بێ.
شەوانە مەرگ دەخوێنیتەوە، سروودی
چەمێکی تەمەنکورتە، دەهاژێنێ،
ئەفسانەی ژیانەوە بەسەر باڵە شینەکانیەوە دەگەڕێنێ.
وشەی پوولەکەڕەنگ دەکەی بە بەرۆکی سپێدەدا،
لە دەمەدەمی بێداریی تاریکیدا
وەکوو دەوەنی گڕ بەر دەگرن.

سۆڵەنتوونا ٤-٨-١٩٨٨

# دێیتەوە بیرم

لە گەرمەی بەزمی بەدمەستیما دێیتەوە بیرم،
تەزوویەکی ئێشئامێزیت سەراپێی هەستیم
بە خوێنی دڵەکەم ڕەنگدار دەکەی.
دێتەوە بیرم ئەم سەرە سەودایە،
بێ یادی تۆ، کاروانسەرایەکە، نە کەسێ، نە ناکەسێ
ڕووی تێ ناکا.

چ ڕازێکە ئەم دەردەی نایناسم و
حەرفێکی لێ نایێتە سەر زمانم؟
چ دەردێکە ئەم ڕازە یەکتایەی
هەر ناوی ناوینیشی نازانم؟

١٩٨٩-٢-١٣

# پەنا

پەنام ئەگەر نادەیت
بۆچی دەمخەیتە سەر ئەم بیرەی
شەووڕۆژ ئارامی لێ بڕیوم؟

سۆڵلەنتوونا، تەمووزی ١٩٩٠

# نادیار

لە شەوانەخەونێکی بەهارەدا
دەتمبینی
ژنێکی شۆخ بوویت، سەراپێت
دڵنیایی و ناز و فەڕی مەستانە بوو، دەورینجایەوە.
نەتدەزانی
بە شنەی کامە وەرزی دڵداری
کەشتیی چارۆکەشینی حەزت بخەیتە ڕێ.

لەم بەندەرەی گەڵاڕژانیشدا،
کە بێدارم،
هەر چاوەڕێی
هەزار وردە شەپۆلی ڕەنگشینی ئاسمانیم...

ناوێ لە درەوشانەوەی خۆت و تاسەی من
بۆ نانێی؟
مەگەر هێشتا
تەزووی لێکبڕانە، خەماسا،
بە تەمەنی هەرزەکاریتدا دێ؟

چرایێ لەم شەوگارەدا هەڵکەم،

بۆ تەماشای

ڕوومەتی خۆرشێوەتە، کە تۆ

بەم ڕۆژی ڕووناکەش لە بەرچاوم نادیاری.

سۆللەنتوونا ١٨-٦-١٩٩٠

# کەوشەنی مەرگ

[بۆ هەموو ٣/١٦ یەک]

جۆگەیێ گڕی ڕەنگداری، ئاگر نییت،
بەر دەبیتە جاڕی بەرپیی بیرەوەریم،
هەرچییەک بسووتێنی
نەوای سۆزی شەوانی دڵتەنگیمە، بە یادت
دەچوومە کەوشەنی سووری مەرگەوە
پڕووشەی تیشکی ڕۆژڕەنگتم دەهێنا
دەمدا لە برینی ئەم خاکە بێدەنگە. ئەم وڵاتە
بە سروودی مەرگ نەبێ، بە هیچ، تاری کرژی دڵی
ناکەوێتە لەرینەوە.

لە کوێی، لە هاڵاوی خوێن، لە ڕەنگی خوێن،
لەسەر بلووری گڕگرتووی ئاسمان
نیگارێکی بێسنووری بەهاری ژاراویکراو بکێشی!
لە کوێی، بە پەنجە شووشەکانت
لە کتێبی خواناس و خوانەناساندا
جێگەی سوورەتێکی تازەدابەزیو بکەیتەوە،
مەککەیی و مەدینەیی نییە،

سوورەتی خوێنڕەنگی هەڵەبجە... ڕەشاوی مەرگ و نەهاتە،
بناوانی لە داوێنی ئەم سەردەمە بێبەردەبازەدایە،
بە شیو و دۆڵی مێژوودا هەڵدەگەڕێ،
یادگاری ئاوێنە پەڵەلێنیشتووەکان، یەک بە یەک،
دەخوێنێتەوە.
ئەم تیشکەی سەراسیمەم دەکات
گوژمەی بارانی تاسەیە،
نیشانە و ڕازی زەریایەکە بێنیشان،
دەمخاتە سەر ڕێگەی پێچەڵپێچی شەوستان.

کام شەو، کامە تاریکایی
شەوەزەنگترە لە دیدەی ئەم دڵە نابینایە؟
کام سارا و دەشت و دەر و گۆڕستان
چۆڵەوانیترە لەم دێرە وێرانە؟
کام پاریا، کام پەتی سێدارە، کام تابووت
تەنیا و دڵتەنگ و بێدەستەڵاتە وەک ئەوی دوورەوڵات
کاتێ کە زێد و نیشتمانەکەی دەسووتێنن؟

سۆللەنتوونا ١٩-٦-١٩٩٠

# گرێ

خانمێکی گوڵدەمی، چاوپیرۆزەیی
لە پرسەی خۆی، لە گوێ گۆڕی سەروەتاکی خۆیا
دادەنیشێ،
گرێی دڵەکەی لە لای کێ بکاتەوە؟
چی بکا بە دەست
باری خەم و مەرگەساتەوە؟

هەزار ساڵە،
هەزاران ساڵە،
بە گڕی ئەوینێ دەسووتێ:
ڕازە نهێنەکەی تەمەنی بە کێ بڵێ؟

سۆللەنتوونا ١٩-٦-١٩٩٠

# ناوت سەوزاییی پەلکی گیایە

بۆ نوختەیێ دەگەڕێم زەریای دڵمی تیا کۆ ببێتەوە،
دوور لە ڕووباری لێڵاوهێنەر، لە هەور و کرێوە دوور،
نە چپەی دارستانی بگاتێ و
نە بێدەنگیی بیابان.
بۆ شوێنێ/ بۆ ناشوێنێ دەگەڕێم ئەم زەریایە
شەپۆلە تۆڕەکانی خۆی تیا بدوێنێ و بە کەف و ئاوماڵکی
ڕەنگپەڕیو کەناری برینداری بشارێتەوە.

بیرم بە چۆڵەوانیی گەردووندا، شۆڕاوەی هەورێکی
تەمەنکورتە،
دەسووڕێتەوە،
ناپلکێ بە ئاڵوواڵای ستێرێکی چاوگەشەوە، گرمۆڵە بێ،
برووسکەیەک نایئەنگێوێ
فێری بکا ژانی تیشک چۆن پل دەدا، ناهێورێ.

ناڵەی بێهومێدیم لە سارای ئەم سەرزەمینەدا
گەردەلوولێکە وەستانی نییە.
لەگەڵ گزنگی هەموو تازەڕۆژێکدا،
لەگەڵ زەردەپەڕی

گشت ساڵێکدا کە کێوی سەربەتەمی تەمەنم
تریفەباران دەکا،
ڕوو لە ڕۆژهەڵات ڕادەوەستم،
چاوەڕێی پەیکی خۆرهەڵاتێکی ترم
جەغزی شەووڕۆژم لە بیر بباتەوە.

دەنگێ لە باڵەخانەی عەشقەوە بانگی دەدا،
شەوی بێدەنگی ئەوا ئیدی بە سەر چوو.
لە پێخەفی ڕەشی تەمەن، ئەم جارە، وەرە دەر!
نوێژێ بکە بۆ تیشکی ڕۆژە ئاشناکەت!
دڵم دیلی زیندانی زەمانێکە
ڕۆژ و شەو بە چواردەوریا پەرژینن،
تەنهایی ئامێزی گەرمی ژنێکە
ئەلفوبێی دڵداری نازانێ.

ناوت
زایەڵەی شەپۆلی تاسەباری زەریای دڵمە
بە بادەی یادت، کە مەست دەبن، سەما دەکەن.
ناوت
سەوزاییی پەلکی گیایە،
سووراییی سێوێکی خەواڵووی پاییزانە
بە نابەدڵی
کە تەمەنی منداڵی بە جێ دەهێڵێ.

ناوت

خەونی دەنکەلمێکی بیابانە کە با، بە نهێنی،

بۆنی بارانی لە دوورەوە بۆ دێنێ.

سۆللەنتوونا ١٩-٨-١٩٩٠

# ئەستێرە پێم دەڵێن

دورجی گەوهەرشارەوەی هەزاررەنگت ناکەیتەوە، لە بەر تیشکی ڕۆژی ڕەنگپەڕیو، گەوهەرێک هەڵگرم. ئەمەیە زایەڵەی ئەم دەردە بێسرەوتە؛ شیرێکە تەمەنمی لەت لەت کردووە. تۆماری بە خوێن نەخشینم دەکاتە ئاڵای نهێنپەرستی. نهێنی چی؟ ئەوی ڕاز و نەگوتراوە وێنەی چلوورەی زستانان بە دەروازەی پاییزی خۆناسیمدا داچۆڕاوە. دێم و بە دووی سێبەری شێوە شەوەزەنگی ئاوارەییدا هەڵدێم، وەرزخانەیەک دەرووم لێ ناکاتەوە.

نوختەیەکم، لە شەفەقی هەزارویەک ئەندازەییتا هەموو ڕەنگ و نارەنگە گومناوەکان دەئاڵۆزکێنم.
شەوورۆژ، شەوورۆژ، لەگەڵ تاریکاییدا وە دووت دەکەوم، هەواڵەی ڕووناکاییم دەکەیت. سەر دەکێشمە وڵاتی گرِبارانی ئاشناییت. تاڵێ، هەر تاڵەتیشکێکم پێشان نادەیت.

لەو مەیخانە پان و بەرینەدا داروپەردووی ڕۆژگارە مەستی دیمانەی یارانە. چۆڕێ مەی! ڕەوەیەک ئارەزووی کێوی شۆرەکاتی بیرەوەریم پێماڵ دەکات. لە بەرەبەیانی ساڵی تازەدا جلی ترسم دەکردە بەر ئارەزوو، وێنەتم لە درز بە درزی ئاوێنەی ئەم سەرزەوینەدا بە دی دەکرد و نەدەکرد، دڵم پەڵەهەورێکی سەرخۆشە، هاوسەفەری گشت بایەکە و، لەگەڵ هەموو سروەیەکدا دەکەوێتە لەرینەوە.

کێیە بە یادت شەووڕۆژی چرۆ نەکات، ساڵی نەبێتە سەد گوڵوەرز و دەر و دیواری زیندانیشی سەراپەردەی سورمەڕێژ؟ چ دەوەنێ بە (دال)ی دڵداریت نابێتە دار و نابێتە دارستان؟ ئەمە زمانی زەریای نائارامی ئەوینە، هاژەی شاباڵی هەر شەپۆلێکی لە وێرانەهەواری بێدەنگیدا دەبێتە دەنگ و ڕەنگ.

بە دڵدا ڕادەبووری، ئاگرێکی ئەفسانەی مێژووم گڕ تێ بەر دەدەیت، ڕابوردووی شەوارەم، نامەی شەرمەزاری، دێنیتەوە بیر. نە نیازێ، نە نزایێ، ئەم بلێسەیە ناکاتە تیشکی چرایێ، داوێنی شەوی شەواران بە ڕەنگی ڕۆژ بنەخشێنێ. تۆڕی گومانە لە پەلوپۆی پەلەوەری خەیاڵم دەئاڵێ. بە ڕۆژ و بە شەو بیرم هەر لای زیندانێکە، نیوەی سەرخۆشی گیانمی تێدا دیلە.

لە هەناسەی زەردەپەڕ بۆندارتری، کە دێیت و لە جەنگەڵی تەنهاییما سەر هەڵدەدەیت. نە هاژەی رووباری تەمەن. نە ناڵەی زریانی چاوەڕوانی، دوودڵیی ئەم بەردەڵانە ناکاتە دڵنیایی. چ تەلیسمێ، چ جادوویەکە ناوی ڕۆژم لە بیر دەباتەوە؟ ورشەی برووسکەم لێ دەشارێتەوە و بە بارانی کازیوەڕەنگ دەوەنی بیرەوەریم دەلاوێنێتەوە؟

کە گزنگی بەیان بە پەلکی ڕەشی شەودا شۆڕ دەبێتەوە، ورینجەیەکی ئاڵ لە باڵی خەونەکانم دەچۆڕێ.

نیگاری فریشتەئاسات لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم. نەک هەر من، با هەڵقەهەڵقەی زنجیر و کۆتیش ڕازی دڵت، بێ پەردە، بۆ هەڵڕێژن. لە هەواری کش و ماتی ئەم ئێوارستانەدا موورووی تاسەت

دەهۆنمەوە، باسک و گەردنی شەوگاری پێ دەنەخشێنم. نە تاسەت دەبێتە ئاشنایی و نە خۆرێ هەڵدێ، ئەم گوڵەبەڕۆژەیەی سێبەرنشین، تاوێ، چاوی تێ ببڕێ.

ئەستێرە پێم دەڵێن: با گەردی سەرزەوی نیگای گەردوونپێوت خۆڵاوی نەکات. ڕازی تاریکەشەو، نەکەی، لای زەردەپەڕ بدرکێنی!

شەوانە، لە تالاری تەنهاییمدا چاو دەبڕمە جیهانێ لە ڕەشاوی تاریکیدا دەخولێتەوە. وێنەیەکی هەتاوم پێ نیشان دە! تاڵ بە تاڵی هەورێشمی گیانم دەکەمە چوارچێوەی.

لە زەمزەمەخانەی بێدەنگیدا
بە یادی یارانی بێناوە، شەوژمێرم...
لە کوێیە شاری هاودەمی چارەزانم؟
تەلان و دەشت و کێوی بۆ بپێوم.

سۆللەنتوونا ١٣-١-١٩٩١

# کرێوە

لە خەون و لە بێداریمدا هەر دێمەوە بەندەری ئاشناییت،
تۆزی ڕێگەی ڕەقەنی سالانی بێبارانی
لە کاکۆڵم بتەکێنی.
خوێنی وشکەوەبووی سەر یاڵی ئەسپەکەم دەپروێنم،
با کەس بە ڕازی سەرهەڵگرتنەکەم نەزانێ.
تۆ پەی بەم دەردە بێئامانەم دەبەیت؛
ڕەنگزەردییەکەم،
لێت ڕوونە، خۆ، کە دووریی ئازیزە.

تینوێتی سەرەتای وەرزی گەڕانەوەم بوو، لەسەر سنووری وڵاتی شەو تاجی پشکۆڕەنگی ترسم داگرت.
لە هەناسەی گوڵڕەنگی بەربەیانا نێرگسەجاڕێ دەشناوە، تاسەی دیدارت بوو. بێدەنگیم دەکەوتە گرِوگاڵ، سایەی مەرگم لێ دەبووە هەورێکی باراناوی، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی شەپۆلی چاوەڕوانیمدا دەبوومە ڕووبارێ ڕۆژگار و دەبوومە زەریایێ زەمان.

دەنگم لە دووی دوایین هەواری زایەڵەیەکی کۆچەری دەبێتە بنجکێکی خۆڵاوی، لە گوێ ڕێگەیەکی کوێرەوەبوودا ڕەگ دادەکوتێ، دەبێتە زەنگۆڵەیەکی ژەنگاوی لە باوەشی خامۆشیدا، وردەوردە، گۆرانیی

مەرگی لەسەر زارە و خۆی دەسووتێنێ.

لە دوورەوە دەتبینم، هاڵاوی ڕەنگاوڕەنگی
دەشتێکی شۆڕەکاتی،
لەنێوان (ئەزەل) و (ئەبەد)دا بەردەبازە،
ورینجەت دێ.
ئەم تاریکییە شێدارەی هەموو وەرزێکم
بە کڕێوەی زستانان دەڕەنگێنێ، بوار نادا...
بوار نادا دەستێکی گزنگ بێت و
دەروویەک لەم قەفەسی نادڵستانە بکاتەوە.

لەندەن ٨-٣-١٩٩٢

## نائاشنا

هەورێک لە پەنجەرەی چاوەڕوانییەوە
پەیامی بارانێکی بەهارە دێنێ.
ڕەنگی زەریاچەیەکی تەنیا و
بۆنی دارستانێکی خەواڵوو
دەکاتە پۆیلەی شەوستان.
لەگەڵ ئەم دیوارانەی شەووڕۆژ چاوفرمێسکاوی
بە یەکیان دەناسێنێ.
ئەوەی لێرە نامۆ و نائاشنایە
چرای تەنیاییمە،
لە دالانی بیرەوەریدا، کزکز،
چاوەڕوانی ئەستێرەیەکی تیشکپرژێنە، بیدوێنێ.

سۆڵلەنتوونا ٩-١٢-١٩٩٣

# دەنکەلمێکی ناو گەردەلوول

باسی نیگەرانی و خەمی خۆمت بۆ بکەم
پەنجەرەکانی ئەم ژوورە
ڕوو لە گزنگ وەردەگێڕن،
دەڕۆنەوە بۆ بیابان، بۆ چیا و بۆ دارستان.
بێهومێدیی من و هیوای بنجەگیایەک
وەک یەکن؛
باراناوی و تەڕ و سەوز و وەرزانە.

نزای من و ڕووخۆشیی چرایەک
وەک یەک نین،
ئەم ون و ئەو ئامادە،
ئەم گەدایەکی شاران،
ئەو هاوخەمی هاودەمێکی بادە.


لە گەڵای دارێکدا سەوزاییت،
لە چۆڕێ شەرابا: ئارەزووی مەستی،
لە کتێب و کتێبخانانداا: وشەیەک.

خەمی من، خەمی کانییەکی تینووە،
گریانی زەبوونیی مەمە لە چاڵی تاریکا.

خەمی من، خەمی بەردێکی لاڕێیە،
خەمی دەنکەلمێکی ناو گەردەلوول.

سۆللەنتوونا ١٧-١-١٩٩٤

# هەموو ڕازی من ئاشکرایە و
# هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز


فه‌رهاد شاکه‌لی
هه‌موو ڕازی من ئاشکرایه و
هه‌موو ئاشکرای تۆ ڕاز
a
apec förlag

# ڕێزمانی دڵ

# گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە

بە جێت دەهێڵم، بە دڵتەنگی دەڕۆمەوە بۆ وڵاتی غەریبایەتی، سەرم پڕە لە نەوای ئەوینێکی بریندار، چەپکێ خەمی ئەرخەوانی دەگرمە دەستمەوە، دەیکەمە دیاریی سەفەری وڵاتی حەز و باران و سەوزایی، دەیبەمەوە بۆ شەوی خەڵوەتخانەکەم، دەیکەمە مۆم، لە بەر تروسکەکەیدا ئایەتی عەشق، ئایەتی عەشقی تۆ دەخوێنم.

کاکۆڵی تۆزگرتووم ناتەکێنم، گەڵای نەمامی دڵمە گەردی خەونی لێ نیشتووە. دەڕۆمەوە بۆ شاری تاریکایی، بۆ گەڕەکی بێدەنگی، دڵم دەدەمە دەست پیری مەیخانەوە، لە کووپەی کۆنەشەرابێکی هەڵکێشێ، برینەکانم بە گڕی مەی تیمار کات. دەڕۆمەوە؛ نە قرچەی هاوین و نە چلەی زستان ناهێنمەوە یاد، بە بەردەبازی بیرەوەریدا دەپەڕمەوە بۆ کوێرەدێیەکی تەماوی، بۆ کوێرەدێی ساڵانی منداڵیم، بە تاڵێ قژی تۆ دڵی خۆم دەپێچم. دەبیتە تەزوویەک ناخی ڕۆحم دەهەژێنی. دەبیتە پەنجەی هەتاو درز دەخەیتە شەختەی ئەم وەرزی سەهۆڵبەندانە.

بە جێت دەهێڵم. ئەو ڕۆژانە پڕ بوون لە ڕەنگ و دەنگ و بۆن. زەوی لە بەرپێتا دەبوو بە تووڵەڕێی مێرگێکی هەورێشمین، ئاسمان بەسەر سەرتەوە پووڵەکەی ئەستێرەی زەردوسووری دادەباراند. وەک لاولاوێکی سپی بە گژ باڵاخانەی شیعرەکانما دەچووی، وەکوو دەوەن دەبوومە پەرژینی خەونەکانت. بۆنی قژت شەوبۆی ئەو دەشتانەی

بێدار دەکردەوە، گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە. سەوز بووی، شەپۆلی زەریات دەلاواندەوە. دەسبازیم لەگەڵ شنەی ئێواراندا دەکرد، لەگەڵ بۆنی کراسی خەواڵووتا تێکەڵ دەبوو. لە شەوی سەرەتای هاویندا یەک خەونمان دەبینی؛ یەک خەونی هاوبەش، بە گوڵاڵەی تەمەنت دەتخەملاند؛ خەونی کەشتییەکی مەست و خەواڵوو، خەونی بەندەرێکی تاریک، دوو زەریاوان، خەونی تاریکەشەو، شەپۆلی هەزاربەهەزار، تۆف و ڕەهێڵ و بۆران، خەونی منداڵیی من و تۆ لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامچەی ئەم سەدە ڕووتەدا.

چاو دەبڕمە بالات، پەیکەری شازادەیەکی دڵبەری، لەژێر وردەبارانی نیگای تاسەبارما زێڕکفت دەبی. لێوت ئاسۆی بەربەیانە، ویردی گزنگ دەخوێنێ. ویردی جیابوونەوە دەخوێنین، وەک برژانگ خەم دامدەگرێ، وەک فرمێسک لێم دوور دەکەویتەوە؛ دەبیتە پەڕەی گوڵ، وەکوو دڵۆپێ ئاونگ بەسەرتا دادەچۆڕێم، ون دەبم. دەبینە گڕ و دووکەڵ، پشکۆ و سوورایی، دەبینە ئاو و کانی، زەردەخەنە و لێو، دەبینە پەلکەڕەنگینە.

بە جێت دەهێڵم، لە ڕۆخی زەریایەکی بێکەرانەدا، دەست دەکەیتە ملی نیگەرانییەکی شیرین، دەچیتەوە بۆ باوەشی تاریکایی، بۆ باوەشی تەنهایی. دەچیتەوە بۆ لای شەوی چاوەڕوانی. ڕۆژەکانت دارستانێکی شێدارن، دوور لە ئاوەدانی، شەوانیشت گۆلاوێکی مەنگ و قووڵ، پڕ لە سواڵەتی ئەستێرە و پڕ لە قژی هەڵوەریوی خۆر و مانگ.

ئەستەمبووڵ ـ کۆپنهاگن ٢٦-٦-١٩٩٧

# چنگت پڕە لە ڕووناکایی

لە گلۆڵەی ڕەنگاوڕەنگی یادگارەکانم پرسیار بکە!
ئەم ڕێگایەی نێوان من و تۆ چەند دوورودرێژە.
لە درەوشانەوەی خشڵی گەردنی ئەم ڕۆژگارەی پێش لافاو
ورد بەرەوە!
دەبینی پشکۆی ڕووداو
هەورێشمی هەستم هەڵدەکڕووزێنێ.
ئەمە چ پەرژینێکە کەوتۆتە نێوانمانەوە؛
تۆ خۆرەتاوی ڕۆژهەڵات لە پەنجەکانت دەتکێ
منیش لەم تاریکستانەدا
تۆپەڵەبەفری هیوا بەرەو هەڵدێر
گلۆر دەکەمەوە.
چنگت پڕە لە ڕووناکایی و
لێوت دارستانی بۆن و بەرامەی بەیانیانە،
کێ بێ لەم زیندانە نووتەکەدا
خەونی چۆڕێ تیشک و
خەونی دڵۆپێ گوڵاوم بۆ لێک بداتەوە؟

سۆڵلەنتوونا ١٤-٥-١٩٩٧

# ناوی چیت لێ بنێم

دەمزانی

ڕۆژێ لە سـێـبـەری ئەو دارانەدا تـاسـەی دارسـتـانێکی تینـووت بۆ دەگێڕمەوە، تۆش ڕازی خۆڵ و ڕازی باران بە گەڵاکاندا هەڵدەواسی.

دەمزانی ئەم مـەینەتە سەدساڵەیەم لە چاوتـرووکانێکا دەبێتـە هـەڵمێکی ئەرخەوانی بە ئاوێنەی ژووری تەنیاییتا، دڵۆپ دڵۆپ، ڕێچکە دەبەستێ و دادەچۆڕێ، دەبێتە سـەرپۆشێکی لەخومـەهەڵکێشـراو بەسەر نەمامی دڵتەوە دەشنێتەوە.

تەمـاشـای تاریکەشـەوی چواردەور دەکـەیت، نیگات دەبـێـتـە چـەپکێ ئەسـتـێـرە، دەبێـتـە چرایەکی تیـشکیـاسـەمین. گـوێ بۆ بێـدەنگیی بەرەبەیان ڕادەدێرین

هەناسەت،

وردەخۆشیت،

گەشانەوەت

ژێی تارێکی مـەستن، بە شنەی هەناسـەم دەلەرێنەوە. لە کـەزیتا شـەوی زسـتـانێک خـۆی لـە ڕۆژی بەهاران داوەتە پەنا، لەنجـەت لەرینەوەی گیـایە، کاتێ مێـرگ سـەرلەئێـواران چاوی خومـاری هەڵدێنێ. چاوی خـومـارت ڕێژنەی بارانێکی دەمـەوپاییـزە بەسـەر دەشـتی تینووی گەرمەسێرا.

ناوی چیت لێ بنێم کە تۆ دەوەنێکی بێناویت؟ لە شۆرەزاری دڵمدا دەڕوێیت، هەڵدەچیت، پەلوپۆ دەهاوێژی، گوڵ دەکەیت. ناوی چیت لێ بنێم، کە تۆ وەک تەزوو، سەرتاسەری بوونم دەخەیتە جووڵە و بە دیت ناکەم، وەک هەنسک نهێنی خەم و ژان دەدرکێنی و نابیتە گریان، وەک شەرم نیگاری تاسە و ئەوین دەکێشی و نابیتە حەز و نابیتە ئارەزوو. ناوی چیت لێ بنێم، ناوی چی؟

ئەستەمبووڵ ٨-٦-١٩٩٧

## دەڵێی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی

چۆن، تاسەیەکی باڵاهەورین دروست بکەم باڵدار بێت،
لەسەر نەخشەی ئەم ئارەزووە گڕگرتووە
توولەڕێیەک بدۆزێتەوە،
بەرەو شاری بەتیشکهەڵچنراوی دڵت؟
دەبم بە تەم، تەمێکی زیوین و بۆندار
بەسەر شووشەی پەنجەرەکانەوە دەنیشمەوە...
دەبم بە زایەڵەی هەورێک لە مردن ناپرینگێتەوە،
شەوانە دێم
لەگەڵ ڕووباری گومانەکانتدا تێکەڵ دەبم. بە زمانی
ئاوارەیی شەوبایەک دەدوێنم ئاشنای دەنگتە و
لە پێچەڵپێچەکانی تەنیاییدا دەتناسێتەوە...
خەمی دارچنارێک دەخوێنێتەوە،
باڵات بە گڕێکی سەوز دادەگیرسێ و
دەبێتە کۆڵەکەی ڕووناکایی،
دەبێتە پەیکەری تیشک.
بۆ نابینە دوو ئەستێرەی یەکجار دوور،
لە قوژبنێکی ئاسماندا هێلانەیەک پێکەوە بنێین
لە دەزووی خۆر،

لە خاکەی مانگ،
لە گەڵای هەور و لە کۆنەتیلماسکی ئاسمان؟
نە چاوی زەوی بە دیمان بکات و
نە تیشکی ئەستێرەکان شوێنمان هەڵگرێت.
ئەم گەردوونە بە پشکۆیەک ڕووناک دەبێتەوە و
بە پریشکێک گڕ دەگرێت.
ئەمە پریشکی ئەوینە گڕ بەر دەداتە ئەلفوبێ؛
حەرف لە دوای حەرف کاژی تاریکایی فڕێ دەدەن،
دەبن بە مۆم
بەسەر خونچەی نەپشکووتووی زمانەوە، دەشەکێنەوە.
لە وڵاتی زمانێکی کۆچەردا یەکترمان دۆزییەوە،
دوو حەرف بووین، دوو حەرفی بێ گەڵا،
من بووم بە فەرهەنگ و تۆیش بوویتە سەردێڕێک،
من لە بەردەڵانی ڕازێکدا گیرسامەوە و
تۆ بێدەنگیت کردە گەڵا
لەشولاری ڕووتی تەنیاییت پێ داپۆشی.
دەڵێی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی؛
لە ئاوێنەی هەموو بیرەوەرییەکدا وێنەیەکت بە جێ هێشتووە،
شەپۆلێکە خەواڵوو، بە تاسەی زەریاوە هەنیسک هەڵدەدات.
تۆ دڵۆپی بارانیت و منیش درەختی ئاگر،

له کوێ، لەم سەرزەوینە وشکەدا
جێیەک بدۆزینەوە بۆ زەماوەندی ڕۆح؟
نە دەبیتە شاژنی دڵم، نە دەبیتە زیندانەوان،
کەچی...
ئاشنایەتیت هەم نیشتمانە و هەم زیندان.

سۆڵلەنتوونا ٢٦-٩-١٩٩٩

# لە ڕەنگی زەریاچەکەی وان

تۆ نامبینی
کە دێم، بە وڵاتی عەشقتدا تێپەڕ دەبم و
ڕوو دەکەمە وڵاتی بیرەوەرییە بریندارەکان.
دڵم دەلەرزێ
نەوەک ڕنووەبەفرێ ئەم هاتنەم ئاشکرا بکات،
نەوەک دەوەنی سەرڕێگاکان ببنە پەرژینێک
گزنگی تاسەت لە ئاوێنەی خەونەکانم بشارنەوە.
شەوانە دێیت
دەبیتە بایەک گەڵای دارەخەون هەڵدەوەرێنی،
دەبیتە پشکۆیەک لەناو لەپما
ئێش دەگەیەنیتە کرۆکی دڵم، بە نهێنی و،
بە نهێنییش باڵاگەردانت دەبم بە جێم نەهێڵیت.
چۆن بگەمە لێواری دەشتی تەنیاییت؟
لە کامە ڕێوە بێم
بۆنی هەور و بۆنی بارانت بۆ بێنم،
باڵندەی با بە دیم نەکات و
تەمی دارستان پێم نەزانێ؟
لە باخچەی تیشکپرژێنی ڕۆژهەڵاتدا

تاریکی دەهۆنیتەوە بیکەی بە ڕایەخ
بۆ بەرپێی ئەستێرەیەک،
خەونێکی شەوڕەنگ دەبێتە هۆگری ژینت...
خۆ دەزانی، پاییزان، خەونیش، وەک گەڵای دار،
لەتەک شنەبای ئێواراندا مەست دەبێت،
بە تیرێژی برووسکەیەک هەڵدەوەرێت و دەپووێت.
ئێوارانی فرمێسک ڕوو دەکەمە هەرێمی تاریکایی
دەیکەمە نیشتمانێک
بۆ ڕستە نەپشکووتووەکانی ئەم ئەوینە و ئەم سوێیە.
نیگاری ناوت دەکێشم، بە سورمەی چاوەڕوانی،
تیپ لە دوای تیپ، لەسەر پەردەی گوڵگوڵیی شەو.
نامەوێ تاوێری لاڕێگاکان بێدار ببنەوە،
با نهێنی هەنگاوەکانم بۆ گەردەلوولێ نەدرکێن.
دەزانم چاوەڕوانیی پاییزێکی تر،
تا ناوی ڕەنگەکانی گەڵاڕێزان لە بەر بکەم،
هەردوو دەستم دەرزیئاژن دەکات.
دەزانم شەواوشەو دێیت، کۆڵانی وشەکانم
بە پریشکی ئاشنایەتیت ڕووناک دەکەیتەوە.
ئەستێرەیەک نایەت لە کونجێکی مێژووی ئەم
بەردەڵانەدا
کەپرێک بۆ بیرەوەرییەکان دابمەزرێنێت.
سەرپۆشێک لە ڕەنگی زەریاچەکەی وان بدە بە سەرتا و

لەم دۆڵ و بەندەنەی شەوی گومان و دوودڵیدا،
بە پشکۆی وشەیەک بمدوێنە!
گڕ بەر دەبێتە دار و گڕ بەر دەبێتە دارستان.

سۆڵلەنتوونا ٦-٣-٢٠٠٠

## له ڕۆخی تەنیاییما دەبیتە شۆڕەبییەک

تاویٚ بارانی بەهارە بووی
یا خەرمانی گوڵ؟
کە ئێستاکەیش خەونەکانم تەڕ و بۆندار و نماوین.

درەنگانیٚ، ئێوارانی کۆنەپایتەختێکی ڕۆژهەڵات بوو، لەودیو پەرژینی بێدەنگییەوە، باڵندەیەک بووی لە گلۆڵەی تاریکایی، تارایەکی بێڕەنگت دەچنی، بیدەی بەسەر یەککگرتنی تەنهاییماندا. بە زمانی ئەستێرە گۆرانیی شەوی لادێم دەهۆنییەوە، بیکەم بە گوێلیٚ مرواری بەژنی داری ئاشنایەتیمانی پیٚ بنەخشێنم. سێبەری دارستانیٚ نەبوو ببێتە داڵدەی تەمەنی هەناسەسوارم. وەرزێک نەهات ڕەشەبای تاریکەشەو گل بداتەوە، مۆمی ئارەزووم، گەش و تیشکهاوێژ، بگرێت و ئەشکەوت و تەپەوتەلان فێری ناوی تیشک و فێری ناوی ڕووناکایی بکات.

شەوانە دێی
ڕێگای وڵاتی بەستەڵەک دەپێوی
هێشووی هەور و گوڵاڵەی تاوی بارانی.
لە چۆڵەوانیی شەوگاری دووریما
نەمامی تیشک، چرۆی داری زریانی.
گەڵای تاسەی، بۆنی یادیت

نیگەرانی و گەشکەی یەکەم هەڵفڕینی،
هەناسەی کرژی زستانی.

چاو هەڵدێنی، تەماشای شاری سەرپۆشبەسەر دەکەیت، تەمی بەرەبەیان دەڕەوێتەوە. دەڕوانیتە سیمای تەماویم، دڵۆپ دڵۆپ، گزنگ بەسەر دەوەنی دڵمدا دادەبارێ. دێیت و لە ڕۆخی تەنیاییما دەبیتە شۆڕەبییەک، بەسەر ڕۆژگاری وەرزیمدا شۆڕ دەبیتەوە، دێیت و دەبیتە چڵێ لەولاوی سپی، لە دەر و دیواری وشەکانم دەئاڵێی، دێیت و پووڵەکەی هەناسەت بەسەر شووشەی پەنجەرەکانەوە دەبینم، دێیت و دەبیتە ئاسۆیەک سەرتاسەری کەوشەنی چاوەڕوانیم بە زەردەڵپەڕ ڕەنگدار دەکەیت. دێیت و دەبیتە تیشک، ناوی ڕەنگەکانت بۆ دەخوێنمەوە، دێیت و دەبیتە گیا، هەرچی گەڵای دارە دەبنە سەوزایی بۆ بەرۆکت. دێیت و دەبیتە خۆر، دەبیتە خۆرەتاو و...
کە نایەیت

پاییز دەبێتە چوار وەرز، ڕووبەڕووی پەنجەرەی ژوورەکەم ڕادەوەستێ و بانگم دەکات. جێباڵی فریشتە و جێپەنجەی پەری لەسەر لمی کەنارەکان کوێر دەبێتەوە. بیرەوەرییەکانم بە داری خەونەوە دەسیسێن، دادەوەرێن، دەڕزێن. کتێبەکان قسەیان لە بیر دەچێتەوە و چیی تر نامدوێنن.
لە توێی کتێبی تەواونەکراوی عەشقا هەڵتدەگرم، پەڕەی گوڵی، پێشانم دەدەیت چی بخوێنم. بە جێت ناهێڵم، شەپۆلی بۆنی کەنیشکانەت لە نەمامی بیرەوەریم دەئاڵێ، ڕۆژانم هەموو چرۆ دەکەن، شەوەکانم دەبنە گۆم، سوورایی ئاسۆیان تیا دەبینم، ورینجەی ئەستێرەیان تێدا بە دی دەکەم. بە جێت ناهێڵم، چی گومانە بۆتە زنجیر، دەستم

دەبەستێتەوە، هەرچی ڕازە ملوانکەی کارەبایە، دەیکەمە گەردنی پەیکەری ئەبەنووسی شەو.

ڕازی چیت بۆ بدرکێنم؟ ئەم دڵەی من لە هەموو لایەک بێگانەیە. لە هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارێکا بادەنۆشی مەیخانەیە. دەمێ مەستە، سەرخۆشی دەنگێکە و تاوێک پەروانەیەکی باڵهەڵکڕووزاوە، عەوداڵی ڕەنگێکە.

ئەمە چ ڕازێکی بێڕەنگە، ئەمە چ نهێنییەکی بێناوە؟

دڵی پڕ کردووم لە ژانێکی گڕدار و

زمانمی بە ترسێکی ئاوا خۆڵەمێشین گرێ داوە...!

سۆللەنتوونا ١٠-٥-١٩٩٧

# بۆ وەرزێک دەگەڕاین

ئەو ئێوارە بۆندارە
تۆ مروارییەکی سپی بوویت و ئاسمانیش
ئاڵ و پیرۆزەیی. من، دەمێک،
شەپۆلی تووڕەی زەریا بووم و،
تاوێکیش،
کەفی زەردهەڵگەڕاوی کەنارێکی چۆڵوهۆڵ.
ڕووبارێ بووی
بەناو شارێکی کشوماتا دەکشای،
نەوای ئاو و نەوای هاژەت دەخوێند. نزاگۆ بووم
ببمە تەمێک
لە لەنجەی شەپۆلاسات بئاڵێم،
ببیتە ڕنووەبەفرێک
لە بناری کێوی شیعرا بگیرسێیتەوە.
ڕوومان کردە شەوی گڕگرتووی شار،
بۆ وەرزێک دەگەڕاین
نەرم و شێدار و هەورێشمین؛
من: ئاژاوەی تەمەنی تێدا لە بیر بکەم،
تۆ: سروەی سەوزی خەم و خۆشیی تیا بدۆزیتەوە.

سۆللەنتوونا ٢٤-٥-١٩٩٧

# ئەو ئێوارەیەی تەمەن

نامەوێ لەم بێدەرەتانییەوە
بێمە ناو ئێوارەی خەونە فێنکەکانتەوە،
کە تۆ نە ئاشنای بۆنی ئێوارانیت و
نە چەپکێ گوڵت بە پەنجەرەی حەزەکانتدا هەڵواسیوە.
نامەوێ
ببمە چرایەکی گەش و لە گۆلاوی ئاوێنەیەکدا
لەگەڵ لەرینەوەی وردەشەپۆلدا ڕووبەڕووت بێم،
گرێی دەسماڵێکی پڕ لە تیشک
لە کۆڵانی شەودا بکەمەوە.
کە یەکەم جار، وەک دوو ڕووبار
بە شەقامەکانی شاردا ڕووەو زەریای ئاشنایی
دەکشاین،
گۆلی چاوم کرد بە گوڵەباخێک و دام لە بەرۆکت؛
مەلی بیرەوەریم بەسەر چڵی ئاوازی خەواڵووەوە
نیشتەوە،
چاوەڕوانی نەمامی دەنگ بوو، بەرەبەیانێک، بپشکوێت.
بووی بە گرێک
ناوی وەرزی سەهۆڵبەندانت لە شەوڕۆژی دڵم دەنا،

بووی بە ئاونگ و
بەسەر هەرێزی وشەکانمەوە دەبریسکایتەوە.
نەتپرسی بە بادەی چ ئەوینێکە وا مەستانە،
دەفتەری ساڵان دەخوێنمەوە.
باران دەکەمە لاگیرەی زیوینی وەرزێک، کە دەتبینمەوە و
دەبیتە هاوڕازی گوڵاڵەسوورەی دەشتێکی وێران.
لە دووریتدا
گوڵی ڕووناکایی پەڕە پەڕە دەوەرێنم.
دەنگم دەبێتە شەرابێکی گوڵڕەنگ،
لە شووشەی شەووڕۆژدا هەڵیدەگرم
بۆ ئەو ئێوارەیەی تەمەن
کە بیرەوەری ئیتر "ناکا سەهرەی خەفەت بەرپا".

سۆڵلەنتوونا ٢٥-٥-١٩٩٩

# منیش گیرۆدەی عەشقێکم
# دەڵێی مەرگە و هاتۆتە پیریمەوە

بە جێم دەهێڵیت، دەمدەیتە دەست شەوگاری دوورییەوە، ناپرسیت ئەم زریانە لە کام لووتکەی بەفربەسەرەوە هەڵیکردووە و لە چ نشێوێکدا سەر دەنێتەوە. دەزانیت وەک خەرمانە لە مانگی خەیاڵی کەنیشکانەت ئالاوم، وەکوو گوڵاو سەرتاسەری خەیاڵستانت بۆندار کردووم.
نە دووریت و نە نزیک، تەنکەتەمێک کەوتۆتە نێوانمانەوە، تۆ لەناو هەوری بۆری تەنیاییدا ئەستێرەیەکی چاوگەشیت، منیش گیرۆدەی عەشقێکم دەڵێی مەرگە و هاتۆتە پیریمەوە.
بە چاوی دڵ دەتبینم، لەشولاری گوڵینت بە نەرمەبارانی حەز نماوی دەبێت. مۆمی سپیی خەونەکانت دادەدگیرسێنی، کتێبی ڕەشی شەو دەخوێنیتەوە. دەبمە دێڕێک، دەبمە وشەیەکی گەردانەکراو، لە ڕێزمانی ئاشنایەتیتا ئارام دەگرم. لە تاریکیی شەوا ئارام ناگرم، هەر چاوەچاومە، بەشکم بێیتەوە لام، (لام)ی لێوی بەیان ماچ بکەم.

زۆزانی کەلحەسەن ٢٣-٦-١٩٩٧

# دڵم دەسپێرمە چلەی زستانێ

سەرپەنجەکانت
ڕووبارەخەونی هاوینەن، بڵێ
کەی دێیت ئەم وەرزە تەماوییە بە سەر بکەیتەوە؟
دڵم دەسپێرمە چلەی زستانێ
با چوارەوەرزە
خەون بە هاتن و بە نەهاتنتەوە ببینێ.

سۆللەنتوونا ٨-٩-١٩٩٩

# دەنگ

گوێت لێیە دەنگی دڵم،
دەڵێی بانگە، لە منارەی کۆنەمزگەوتێکەوە،
دەلەرێتەوە؟
(بیلال)ی عەشقی ئەم ڕۆژگارەیە،
دووراودوور،
زرەی زنجیر و زرنگەی شیر
لە چۆڵەوانیی ڕۆحی دەردەداریدا
دەنگ دەداتەوە...

سۆللەنتوونا ١-٨-١٩٩٧

# ئەو پەنجە شووشانەت

ئەو پەنجە شووشانەت
تاویٚ بنێرە سەر دڵم،
ئەم چرا بچکۆلەیە
دادەگیرسیٚ و دەدرەوشێتەوە،
بازاڕی ئاوێنەبەندی ئەم شارە
دەکاتە کێوی تیشک...

ئەستەمبووڵ ٨-٦-١٩٩٧

سەما

# ئەمە بۆنوبەرامەی ڕێزمانی تاسەیە

ئەمــەیە ســەرەتای ئەو بوومــەلەرزەیەی دەبوو ڕۆژێ زووتر دەرگــای هەمـوو سنوورەکـان لە گـرێژەنـە دەربهـێنێت و ناوێکی تازە لە هەمـوو بایەکان بنێت، ئەم گۆی زەوییە سـەرلەنوێ ڕەنگ بکاتەوە و گەناوەکان لە خوێندنگەی ڕووبار ناونووس بکات.

ئەمەیە ئەو شارە تەلبەندکراوەی نەتدەزانی، ڕۆژێ، دەبێتە هەواری دڵە بەندییەکەت. ئەمەیە ئەو گۆڕستانەی لە پرسەکەتدا دادەنیشێت و بە دەستـمـاڵی شـارسـتـانێتی ئەسرینی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام مێژووەکەیشی، دەسڕێت.

تەفــرەم دەدات، پێم دەڵێ دەتکەم بە پێـشــەنگی هەڵزنانی تیــشک، گلۆربوونەوەی تاریکایی. پێم دەڵێ لە پرسەی ڕێبوارانی نیوەشــەودا ئاگــردانی هەناســەکــەت گــەش مــەکــە، با پەروانەی تاســەیان بە گەردەزێڕی حەزێکی تر خۆی نەنەخشێنێ. نەخشاندنی چی؟ کە من هێـشـتـا کـەمـانچـەی ڕۆحم ئەسـیـری ئاوازەکـانی ژێی گـزنگە، کـە ئەشکەوتی دڵم لێ بۆتە شـاری کـوێران، لە درزێکەوە ورشـەی یادێکی خۆرشـێوە نایێـتـە ژوورێ. هەرچی گـڵـۆڵەی تریفـەیە لەنێـوان باوەڕ و ناباوەڕیدا بـوونەتە ڕایەڵێکی ئەفـسـوونـاوی، گەڵا زەردهەڵگەڕاوەکـانی تەمەنمی لەسەر هەڵدەخەم.

ئەمە بۆنوبەرامەی ڕێزمـانی تاسـەیە ڕسـتـەکانی هۆشم بە هەڵە شی

دەکـــاتـەوە و هـەمـــوو کـــردارەکـــانم لـە دۆخی ڕابوردوودا، لە دۆخـی ڕابـوردووی دووردا، گـــەردان دەکـــات و لە خـــومـی پاشگـەزبوونـەوە هەڵدەکێـشـێت. وام دەزانی تاکی ناسـراوم، بە سـایـەی ئەوینێکەوە هەزارویەک ئاوەڵناوی لێ ئاڵاوە، بوومەتە کۆیەک تێکشکانی نەناسراو.

لە شـــووشـــەی گـــرنج گـــرنجی بیـــرەوەریـدا تروسکەی گـــەوهـەرێکی شـەوچرایە شـاری ئاواتەکـانم دەکـاتە چراخـان. لە تەشکی تاریکایی ورد دەبمەوە، بەڵکە گەردیلەکانی ئەستێرەکەی هۆگری دڵ بناسـمەوە، جارێکی تریش لەم ئاسـمانە ژاکاوەدا ببێتەوە بـە گەلاوێژ، ببێتـەوە بە کـــاروانکوژە. ئەم ئاوازەی نیـــوەشـــەوان تەمـــەنی خـــەواڵـووم بێـــدار دەکـاتەوە، وڕێنەی کـانیـاوە بە تـاسـەی زەمـزەمـەی زەریاوە ڕۆژگـاری بێناوی خۆی دەلاوێنێتەوە.

پەنجـەم ئاشنـای تاری لێکدابڕانە، دەست بۆ ڕەهـێڵـەی باران و دەست بۆ تیـرێژ درێژ دەکـەم، دەبنە ئاوازی بڵـێسـەیەک، ئەم چۆڵـەوانییـە پڕ دەکـــات لـە دەوەنـی دەنگ و لـە ژەنگی ژیلەمـــۆ. باڵـی چاوەڕوانی لـە لەشـولاری نمگرتووی ئاسـمـان هـەڵدەسـووم، بـەشکەم، تاوێک، ناوی ئەستێرەکەم بسپێرمە شکۆی لەبیرچوونەوە. کە ڕازی دڵ دەسـپێرمە ویرانـەشـــاری زانین، دەبم بـە ئاشـنای نـائاوەدانـی و دەبم بە بێگانەی شاران.

پاییزی ٢٠٠٠

# بێهومێدی

له بەستێنی گومانەوە، سەرنجی لافاوی بەهارە دەدەم
شەپۆلە سەرکێشەکان لە کاژی ڕۆخانەدا
جێ بە خۆیان ناگرن،
لە بەر هەتاوی سەردەمی دوای بەستەڵەکدا
زوموڕڕودی ڕۆژانی خەواڵوو، بریسکوهوڕ،
تاجی شاژنی شەو دەخەملێنن.
لقوپۆپی داری بێهومێدیم
لەژێر قورساییی تۆپەڵەبەفری خەوندا
دانەویون
دەست لە بەرۆکی ڕووتی زەوی وەردێنن.

پاییزی ١٩٩٥

# تەڵێ شەوبۆی بەهاری گەرمیانیت

لە ڕەشەبای تاریکەشەوی ئەم زستانەدا،
باڵە زیوینەکانت دەکەیتەوە،
ڕووەو بەرزایی هەڵدەفڕیت،
شاپەڕی زیوین
لە چمکی کۆڵوانەی هەورێکی دڵ پڕ لە پەژارە و مەینەت
هەڵدەسوویت.

یادگاری شنەبایەکی هاوینە لە ئاسۆی ئێوارانەوە بەر پەنجەرەت پێ دەگرێ، لێی ورد دەبیتەوە، ئاخۆ لە کۆشکی کامە پاشای سەردەمی بابیلیدا، لە گوڵزاری کامە شابانووی ساسانیدا دەسبازیت لەگەڵ کردووە. ئەمەیە ئەو خەونە پەلکزیوینەی شەوانە دێت و بەسەر دەوەنی ئارەزووە سوورەکانتدا فرمێسک دەوەرێنێ... ئەمەیە ئەو بانگەی لە منارەیەکی بالابەرزی شۆخ و پەرداختەوە، وەکوو پەیکانی تیشک، کێوی تاریکی دەسمێ.

لە بەرەبەیانی ناهۆشیاریتا پەلکی هەتاو دەهۆنیتەوە،
ورشەی چلەنێرگزێکی خەواڵوو بە ئاستەم
لێوی بنار ماچ دەکات.
لێوی تاسەبارت دەنێیتە سەر کوڵمی کانیاو،

چپەی عەشقی زەریا دەکەیە زەمزەمەیەک،
تەمی مەستی لە دەشت و دارودەوەن دەئاڵێ،
چاو بۆ ڕچەیەک دەگێڕی، لەهەرێمی هەورەوە
داچۆڕابێ.

ئەرخەوانیت؟
ئەرخەوان نییت،
تەڵێ شەوبۆی سەرکزکردووی لە بەهار جێماوی گەرمیانیت. لافاوێکیت، سەرەتای هاوینێ، لە دوندی شاخانەوە هوروژمت هێناوە، دەشتی تینووی شۆرەکات سەرەڕێت پێ دەگرێ و لای خۆیت گل دەداتەوە. ناڵەی ڕەوەزێکیت، دڵت بە بەفری دوادواییی زستانەوەیە، حەزت لە لەنجەی هەرەسە، هۆش و بیرت لای نازی کەنیشکانەی شەختەیە. بە دووی بەڵێنی خەشخاشێکدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، دۆڵاودۆڵ و شەخەڵ بە شەخەڵی وڵاتی وێرانە دەپێوی.

لەنێوان ترس و هیوادا
شەوانە خۆت دەسپێریتە کەشتیی سەرەڕۆی
خەونەکانت،
چاوەڕوانیت لە دوورەوە،
لە بەندەرێکی خەواڵووی قژبژ و داوێن ئاسمانییەوە،
زرنگەی زەنگێ بێدارت بکاتەوە، بتکاتە ئاشنای
سپێدە.
لە تاریکیی شەوانی تەنهاییتا کتێبی گزنگ دەخوێنیتەوە، هەموو بیرەوەرییەکانت، پۆل پۆل، لە دووکەڵکێشی شیعرەوە پەڕەوازە دەبن،

بە شنەبای گوڵبۆنی ئاشقەهەور دەکەونە سەما، تێکەڵاوی برووسکە و هەور و باران دەبن.
دەڵێی گەڵایەکی زەردەوەبوویت، بێ ئەوەی چاوەڕێی پاییز بکەیت، لە بەرزیی سەر لقوپۆپی دار و لە سەوزیی بەهاری دارستان کەوتیتە گومانەوە، خۆویستانە سەرکزی و سیسبوونت هەڵبژارد.
ئێستاکە بیر لە ساڵانێ دەکەیتەوە کە گیا بوویت، کە گەڵا بوویت، پەیژەیەکی ئاگرینت دێتە بەر چاو بەسەر نشێوی هەزاربەهەزاردا ڕایەڵ کراوە. ئێستا، کە برینەکانت دەدەیتە بەر هەتاوی زەردەپەڕ، گوێت لە زایەڵەی زەنگی کاروانێکە شاربەدەرکراو، ڕووەو شارستانی شیناوا، سنووری وڵاتێکی دووکەڵاوی دەبڕێ.

نیشتمانی دڵ لەژێر نیگای زەردەپەڕی بەهارەدا، ڕەنگی ئەوین و ڕەنگی تاسە و ڕەنگی چاوەڕوانیی لێ دەنیشێ. دڵ گەوهەری شەوچرایە، لە کەناری زەریای عەشقەوە بە ڕێژنەی تیرێژ دارستانی گومان تریفەباران دەکات. تەمەنت گلۆڵەیەکە لە شاری پێشزانین لە خوم دراوە؛ بیدەرە بەر تیشکی چرای عەشق! لە سیمای بێڕەنگی ورد بەرەوە! وێنەی ساڵانی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی خۆتی تێدا بە دی دەکەیت، شێوەی شەوگەڕی خۆت دەناسیتەوە، دەبیتە ئەو پەروانەیەی پەلەیەتی خۆی بسووتێنێ و ناوی گڕیش نازانێ.

سۆللەنتوونا ٣١-٧-١٩٩٤

# که شەو دێت و پەنجەرەکان دەکاتە خەو

بۆ خەمەکانی (قەرەنی) و بۆ هونەرەکەی

دەچیتەوە بۆ لای خەمێک، خەمێکی پەنجارەنگ
بە زمانی گەردەلوول و
بە زمانی پەنجەرە دێ بە پیرتەوە،
هەموو بەرەبەیانێک
ناوێکی تازەی لێ دەنێی، مێژوویەکی وەکوو گزنگ
بێڕابوردووی بۆ دەنووسی،
کەچی هێشتایش هەر بێناوە.
دەچیتەوە بۆ خەڵوەتی تاریکایی،
بۆ مزگەوتی تەنهایی...
شەو دەبێتە لەتێ ئاوێنەی تەمگرتوو
نە بریسکەی دوو چاوی مەنگی ئاشنا بە دی دەکەی
ڕۆحت بلاوێنێتەوە،
نە باڵی ئاورێشمینی هەورێکی پەرچەمخەنەیی
نەمامی یادگارەکانت دەخاتە لەنجەی شێتانە.
بایەک شەوانە شنەشن
بەرپەنجەرەی ماڵی تەنهاییت پێ دەگرێ

تیشکی چرایەکی مەستت پێشان دەدات
بیکە بە دار، گرمەی هەورێک بە لقوپۆپیا هەڵواسە!
بیکە بە سێبەرێکی شین،
برینێکی زەردەپەڕی پێ داپۆشە...!
وتم ئەم ڕووبارانە چەندە بێ هاژەن.
ئەم دارستانە سەرشێتە چەند هۆگری خەمی زەردی بیابانە!
شەپۆلێکی خەواڵوو
لە ناولەپما شەوێ دامرکایەوە
گەڵایەکی پرچیئاڵتوونین
خۆی بەخت دەکرد بۆ ئەوینی دەنکەلمێ.

کە شەو دێت و پەنجەرەکان دەکاتە خەو
کۆڵانی شار ڕەنگی ڕووناکییان لە بیر دەچێتەوە،
تۆ ڕەنگی ڕۆژ،
تۆ دەنگی ڕۆژ لە بیر ناکەی.
لە ناو دڵی نیگارێکدا گەوهەرێکی تیشکهاوێژ دەڕوێنی.
ئەوە وێنەی گومەزێکی (ئەلحەمرا)یە، عاشقانە،
وا گوڵاوی مێژوو بەسەر (ئەندەلوس)دا دەپرژێنێ.
زەنگی یادێک پڕیشکی ژان و دوودڵی،
وەکوو پۆلێ باڵداری دەنووکئاگرین،
بەر دەداتە نەخشەی زەردی ئاوارەیی...
هەرێمی تەم هەڵبژێرە!

هەرێمی خەم هەڵبژێرە!
بەڵام نەکەی بۆ پێتەختی خەمەکانت چاو بگێڕی،
سنووری بۆ خەونستانە سووتاوەکەت بنەخشێنی!

فرمێسکی چی بۆ نهێنی
ئەم گەردوونە هەزارڕەنگە دەوەرێنی؟
خۆ دەزانی
ڕەگی خەون و ڕەگی ئەوین
لە شۆرەزاری دەشتێکی بێسنوورا
لێک ئاڵاون.
باوەڕ نەکەی
ڕەشەبا بۆ ڕنووەبەفری زامدار بگری!
داری شەوگار، لە وەرزی تاسەدا نەبێ، گۆپکە بکا!

بەرسێلۆنا (کاتالۆنیا) ٣٠-٧-١٩٩٨

## هێندەی شنەبایەک حەزم لە سەمای هەورە

پڕووشــەی بارانــی مێــژوو ئــەم ڕێوبانە تۆزگــرتووەی هیــواکــانمان تەڕ دەکات، دەڵێی شـەونمی شـەوی بـەهارانە بە پەلکی دەوەنـی خـەواڵوودا دادەچۆڕێ، دەڵێی بـایە لـە پرســەی دارســـتـانانـدا بە دەم هـەنسکی گـریانەوە ڕازی ئـەوینی ناکـامـی دەگـێـڕێتـەوە. هیـوای من شــیـرێکی دوودەمە، جارێ داوێنی چیاکان خڵتانی خوێن دەکات، شەوانەش چڵی نەمــامـی خــەونەکــانم هەڵدەوەرێنێ. کــە خــەونێکم دێتــە دی، دەبێــتــە دارێکی بێ لقـوپـۆپ، بێ سێبـەر، بێ دڵنیـایی. لـە هـەرێمی ڕۆژ دەچمـە دەرێ، دەڕوانمـە لێـــواری مـــســـــڕەنگی ئێـــواران، نـە وریـنـجـــەی ئەســتێـرەیەکی تازەپشکووتوو، نە تروسکەی شـابـاڵی فریشـتـەیەکی مــاندوو بە دی ناکــەم. هـاوار بـۆ لای کێ ببــەم، بێ بە دەنـگمــەوە، لەم هەمـوو پاشـا هەڵـەوەڕ و جـاڕدەرە نێـرەمـووکانـە، لەم هەمـوو ڕێبـازە ژەنگاوییانە بمپارێزێ؟ لە کێ بپاڕێمەوە ڕەنگێکی تۆزێک، هەر تۆزێک، کاڵتر بدا لەم هەموو ئالآیانە؟

کێیـە دەست دەنێتـە بینی ئەو ئەسـتێـرە گەڕۆکـەی، شـەواوشـەو، دێتـە کۆنەجێژوانی یاران، چاوبڕکێ لەگەڵ ئەم کەوشـەنە خاپوورەدا دەکات؟ ئەگەر لە دورگەیەکی نائاوەداندا نەوایەکی خـەمگین، سەرپۆشی شەوی بە ئەسرین ڕەنگین کرد، ئەوە شیوەنە، شیـوەنی مەرگی منە بە دیواری سـەدەیەکی پەژمـردەدا شۆڕ دەبێتـەوە. دیواری شـەرم لەنێوان بیـابانی

تاسە و زەریاچەی ئاشنایەتیدا دەبێتە کێلی گۆڕستانێکی لەبیرکراو، دەبێتە سەنگەرێک دەنگی شەڕی لێ براوە.

پەروانە تەنیا زمانێک دەزانێ؛ زمانی گڕە، بۆیە شەوانە لا لە پرچی ئەبەنووسیی شەو ناکاتەوە و دڵ ناداتە لەشولاری ڕووتی تاریکایی. لە هەر دارێک ورد دەبمەوە، گەڵاکانی بە زمانی ئەستێرە دەمدوێن، سەرنجی هەر دەوەنێک دەدەم بە دەم تاسەی ڕۆژگارێکی ئەرخەوانییەوە خەو دەیباتەوە و خەون بە داهاتوویەکی خەنەییەوە دەبینێ. خۆزگە دەمزانی لە وڵاتی مەرگدا خۆشەویستانم چۆن دەژین، نیگاری شەووڕۆژیان چۆن دەکێشن، گوێ لە کامە ئاوازی مەرگین دەگرن و کام جلوبەرگی مەرگڕەنگ دەپۆشن؟ کەسێ نەهاتەوە، نهێنێکی ئەو هەرێمە بدرکێنێ، نەخشەیەکی ئەو مەرگستانە بە دیاری بۆ مەرگنەناسانی ئەم مەرزوبوومە بێنێ.

مێژوو، شەوانە، لە توێی کتێبێکی پەڕپووتەوە دێتە دەرێ، خۆی لە تەپۆتۆزی لەشکری داگیرکەران، لە باروتی تۆپی سەرلەشکرە بەزیوەکان دەتەکێنێ. مێژوو لە گۆمی بیرەوەریدا مەلە دەکات، کتێبی ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە، بە تاسەوە دەڕوانێتە بەژن و باڵای ڕۆژهەڵات، مات و ڕەنگپەڕیوی دوای شەوەیخوونە.

دەڕۆم بۆ دیداری دارستانێ، دەوەنێک بە دی ناکەم، چاو دەبڕمە لەشولاری ڕووتی ڕووبار، مەستانە خۆی دەداتە شەپۆلی خۆرەتاو. بیرەوەریی ساڵێکی نەهات سەر دەنێ بە پەنجەرەی ژووری ئاوارەییمەوە، کاس و ڕەنگهەڵبزرکاو، سەرنجی ڕەنگی سەوزی خەونەکانم دەدات. پەنجەکانم خەون دەبینن، خەون بە بۆنی

سێوەلاسوورەی ئێوارانی ڕەمەزانەوە، بە قژی خەواڵووی شۆخێکی هاوسەفەرەوە و بە خەمی عاشقانەی جووتێ کەناریی ماڵییەوە.

لە توێی بەردا، لە دووی گوڵاوی عەشقێکی ئاشنا دەگەڕام ئەم سەرزەوینە چۆڵەی پێ بڕازێنمەوە، لە گوڵشەنی وێرانستانێکدا، بە بەرچاوی شەپۆلە دڵگەرمەکانی زەریایەکی نیگەرانەوە، دوو چەپک شەوبۆی کێویم ناسی، لە مەیخانەی دڵمدا هەڵمگرتوون؛ بە بۆنوبەرامەیان شەوەکانم مەست دەبن، ڕۆژەکانم دەرسی دڵداری ڕەوان دەکەن. چ شکۆیەکی ئەبەدییە و چ فەرێکی لەبننەهاتوو، ئاو و ئاگر، دەنگی گیان و دەنگدانەوەی لەش؛ ئەوین و ئەوینێکی تر لە زیندانێکدا یەک بگرن. چ کڵۆڵییەکە، بەم ڕۆژی رووناکە خۆم ناناسمەوە، نازانم لە بیرەوەریی کام قەڵەمدا، سۆراخی نیگارێکی خۆم بکەم، لە پێشانگەی چ وەرزێکدا بۆ ڕەنگی ڕووباری تەمەن بگەڕێم؟ دەبمە پەڕێک لە شاباڵی بازی بەزەییی دۆستدا، بەرەو بەرزایی هەڵدەزنێم، کوورەی دڵ بە سرووەی ئاشنایەتییەکی دێرینە دەگەشێتەوە، ورشەی گەوهەرێک لە بالاخانەی عەشقەوە، دەڵێی کێوێکی داگیرساوە، لە ئاوێنەی گەردووندا دەدرەوشێتەوە.

نامدوێنێ. چوارووەرزەم لێ دەکاتە چوار دیوار، دەرەتانێکم ناداتێ لەم کوڵبەی جەخارە بچمە دەرێ. بە زنجیری ژەنگداری ڕۆژ دەست و پێم شەتەک دەدات، شەو دەکاتە تەوق بۆ گەردنم. دەمکاتە ئاگرێک، بەر دەبمە داروپەردووی هەزارساڵەی تەمەنی نائاسوودەیی و گومڕێییم و نابمە خۆڵەمێش. زمانەی گڕم گەلا و چڵی داری ڕازەکانم هەڵدەکڕووزێنێ، داوێنی کراسی هەورە شەیداکان ڕەنگدار دەکات.

نامـدوێنـێ؛ هـەمـوو چەمکەکـان دەبـنە تەلیـسـم، گـەمـارۆی بەندەری دڵم دەدەن؛ ئەم جـــارەیـان زوو هـاتـووم یا درەنگ؟ ئـەم گــرەوە دەدۆڕێنـم یا دەچمـە سـەر دار و دەبمە نیـشـانـەیەکی زێڕین بە بـەرۆکی عـاشـقـانی زمــــانـی دڵەوە؟ بـە لـقـی (دال)ێکدا ســــەرتـاســــەری وەرزی دووەم هەڵمدەواسێ، تا چی نوختەی بەفر و باران و بایە بەسەرما داببارێن. دەمکاتـە نوخـتــەیەک، دەرگــای (نوون)ی نەزانـینم لەســەر دادەخـات و نامدوێنێ. دەزانێ ئەم تاسەیە گرێکە بەر بۆتە داروپەردووی تەمەنم.

هێـشـوویەک، خــەون بە وەرینەوە دەبـینێ، دەسـتـی ناسکی گـزنگی پێ ناگات. ئاستانەی ئەم نشیـمەنە چاوەڕێیە، ڕۆژێ، زمانی برووسکەیەک بێتـە گۆ، هـەرچییەک دەزانێ؛ ڕازی سـەردەمـە بەسـەرچووەکـان و سـەدە نـەهـاتووەکــــان، وەک چنگێ لم، وەک گــــوێلێ ئـاو، بیکا بـەســــەر ئاگــردانێکدا زمــانەی بڵــێـســە لە چمکی ئـاســمــان دەسـوێ. تنۆکێ فرمێسک لە تاریکیی شـەواندا دەبێتـە تیشکی چرا، ڕێگای گەنجینەی پاشــایانی ڕۆح، تـەخـتنشـینـانی مــەملەکــەتی دڵ ڕووناک دەکـاتەوە. مــۆمــێک لەســـەر گــڵـکۆی ئارەزووەکــانم دادەگـیـرسـێنم، بەڵکە لە نیـوەشـەوێکدا دەنگم ببێتـە ڕەهـێڵـەی بارانێکی سـپـی و گڕ بەر بداتە خـەڵووزی تاسـەی دیدار. لەسـەر لـمی کەنارە چۆڵەکان ناوی دڵبـەرێک دەنووسـم هـەموو تەمەنمی کردۆتە داهۆڵێک، ئەستێرەی دەنووکئاگرینی پێ دەتارێنێ، نەوەک منالانی سەرزەوی گۆرانیی گریان لێوە فێر بن.

ئەم شـــەوگــارە ئەوەنـدە درێژەی کـێــشــا، دەڵێی ناوی ڕۆژی لە بیــر چۆتەوە، ئـەسـتـێـرەکـانی مـیـوەی باخـچـەکـەی ئادەمن، بە لقـوپۆپی ئاســــمــانـەوە وشک هـەلاتوون. چاوەڕوانـی، ســەرپـۆشــێکی شــینی

گوڵگوڵییە پەرچەم و ئەگریجەی خۆرم لێ دەشارێتەوە. چاوەڕوانی، تەمێکە هەوراز و نشێوی گەردوونی تەنیوەتەوە، ناهێڵێ ڕوو بکەمە تیشکی خەفەتباری ئەستێرەیەک، جەستەی بریندارى تەمەنمی پێ ساڕێژ بکەم، نازانێ لە فەرهەنگی بەرەبەیاندا بە بۆنوبەرامەی خونچەی نوێژێک زمانی زەریا و شەوەزەنگ و دارستان دەپشکوێ. هەموو بە جێم دەهێڵن، لەم چۆڵەوانییەدا، کەسێ نییە ڕازی بێدەنگیی ڕێگاکانم فێر بکات، نیشانەیێکم لە کوژانەوەی ئاگردانی پەرستگا بێدەرگاکان بۆ بێنێت، دەنگی سووتاوم بکاتە پەرژینی گۆڕستانێ گۆرانییە شەهیدەکانی تێدا دەنێژرێن. عاشقیش نەبم، هێندەی شنەبایەک حەزم لە سەمای هەورە، هێندەی پەروانەیەک سەراسیمەی شەونخوونیی چرایەکم.

لەم سارایەدا هەر زمانی نێرگسە ئەم دەنکەلمانە بێنێتە گۆ.

سۆڵلەنتوونا ٢٨-٣-١٩٩٨

## نابیتە هەورێ زەریای ئەم دڵەم بخوێنیتەوە

زایەڵەی یادت جارجارێ لە گوێی
دەروونی چۆڵما دەزرنگێتەوە.
ئاخۆ، دۆستەکەی ئازیزی گیانم،
کامە پڵپڵەی دیدارە تاوێ،
بە شنەی تاسەم دەلەرێتەوە؟

پەردەی ناسکی خەیاڵە کە تۆی
تێدا دەبینم؟
یا وێنەی بەژنی خەوناساییتە
شیناییی بەیان دەیکاتە تیشکێ
گۆڕیچەی تاری غەریبایەتیم
تیشکپرژێن دەکات؟

دەڕۆم زەریاچەی یادت دەدوێنم،
تا کۆنەڕازی بناوان تێ بگەم،
وردەشەپۆلی ڕەنگپەڕیو، نم نم،
سایە و خۆرەتاو هەڵدەوەرێنێ.
نە شووشەی کەنار، نە ورشەی خۆرێ
دالانی خەونی زەردهەڵگەڕاوم

ڕەنگباران ناکا.
ئێوارەبۆنی یادت، کە نایەت،
شەوی ژەنگگرتووی ئەم هەوارگەیە
بۆنڕێژ بکات و گوڵڕێژ بکات و
ئێوارەڕێژ کات
شێوەی تەنهایی
لە هەموو شەووڕۆژم دەنیشێ.
نازانی مینای ڕەنگامەی دڵم
بێ نیگاری یار چەنێ تەنیایە!
نازانی بادەی شەوانی مەستی و
ئەم مەیخانەیە بێ دیداری یار
چەنێ تەنیایە!

هەر شەوێ دادێ
ئەشکەوتەکەی دڵ دەبێتە یانەی
پۆل پۆلی زامان،
ئیتر هەر شەوە و هەر تاریکایی،
ئیتر هەر ترسە و
گومانی مەرگشێوەی تەنهایی.
بڵاچەی ڕازێ درزێ ناخاتە
دیواری بەردین،
بۆنی ڕووبارێ وشکەساڵی خەون
نماوی ناکات.

ئەمشەو زەنگۆڵەی خەیاڵی مەستیم،
هەمدیسان، نەوای خەمی لێ دەڕژێ،
ئەم دارستانە مات و بێدەنگەی
تەنهاییم نوقمی تاریکاییە.
هەر جارێ کە دێی وەک کزەبایەک
پشکۆی ئەم دڵەم دادەگیرسێنی.
خۆزگەم بە دەردی تاریکەشەوێ
خەمی بێکەسی و مەینەت و تاسەی
تۆی لێ میوانە.
ئەگەر دەمزانی ڕازی شەوانەم،
ئاوا، لە هەر لا ئاشکرا دەبێ،
شەوانە ڕاز و ڕۆژان دڵتەنگیم
دەکردە نەخشی دڵەی وێرانە.

ئەمە کەی ڕازی عەشقێکی وایە
پێم پەنهان بکرێ؟
ئەمە کەی ئێشی زامێکی وایە
کە دەرمان بکرێ؟
کوانێ ئەم شەوە ڕێگای ئەستێرەی
ورینجەداری عەشقم پێشان دا؟
کوانێ بەهارێ
هەورێکی سپی
بمبا بۆ سەیری پەلکەڕەنگینەی

سەدویەک ڕەنگی وەرزی ئاشنایی؟
بۆنی هەناسەی بەرەبەیانێ
شووشەی چۆڵی دڵ تاوێ سەرخۆش کا.

نایەی ببیتە ئەستێرەیەکی
مەستی ئاسمانی تاریکەشەوم
خەڵوەتخانەکەم
تیشکباران کەی.
وەرزی بلوورین،
وەرزی غەریبی
نایەیتە خەوم
پەلکی تەمەنی هەردەجارانم
بهۆنیتەوە،
نابیتە هەورێ، بە زمانی ئاو
زەریای ئەم دڵەم بخوێنیتەوە.

سوێد ١٩٩٢

# پێش ئەوەی گوڵدانەکانی ببنە خاشاک

ئەم دەستەسڕانە
دەڵێی بەیداخی لەشکرێکی تێکشکاون
بە هەموو بایەک دەشەکێنەوە.
پەردەی ڕەنگاوڕەنگی نێوان چۆڵەوانی و
دەروونی ئاوارەیەکی تەنیا و تاسەبارن،
وێنەی زەردەپەڕ دەشێوێنن.
لە کامە شاری داگیرنەکراودا
دەتوانێ شوێنەواری باوباپیرانی بە سەر بکاتەوە؟
چۆن جارێکی تریش ڕۆحی
لە تۆڕی مەرگ ڕاپسکێنێ؟
کە تەم لە دەشتی خەونەکانی دەئاڵێ
دەست بۆ هێشووی برینەکانی تەمەنی درێژ دەکات و
پەیکەری شەو دەدوێنێ.
تاکێکی بێناونیشانە، شەوانە
گوڵاڵەی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆن دەکات
پێش ئەوەی بژاکێن، پێش ئەوەی گوڵدانەکانی دوێنێی
ببنە خاشاک.
مەرگ دەنێتە ناولەپی و ڕوو دەکاتە سەرەتای

نهێنە کرژەکانی ژیانی.
هەر هەورێک لە نیشتمانەوە دێتە سەردانی
هەواڵی گردێکی بۆ دێنێ ڕاگوێزراوە،
وەسێتنامەی شاخێکی کوژراوی دەداتێ.
هەر شنەبایەک لەوێوە هەڵدەکات
دەستەسرێک بە شیشەکانی پەنجەرەی دڵیدا
هەڵدەواسێ.
ئەم دەستەسڕانە...

سۆللەنتوونا ١-١١-٢٠٠٠

# بورکانێک دەلاوێنمەوە

لووتکەی هەڵکشاوی شاخێکم
ساڵەهای ساڵە کە مەستی تەنهاییم،
نە چاوەڕێی کڕێوە و گەرداو و ڕەشەبام
هەواڵی دوڕگەیەکی ئارامم بۆ بێنن،
نە تاسەی عەشقی ئەستێرەیەک
فێری چاوەڕوانیم دەکات.
بە شەو و بە ڕۆژ لە دڵی خۆم ورد دەبمەوە و
بورکانێک دەلاوێنمەوە
بەرەبەیانێک دێت و دەمخاتە سەر ڕێگای
عەشقی مەرگ و
مەرگی عەشق.

سۆڵلەنتوونا ١-٤-٢٠٠٠

# مەرگی وەرزێکی شین

لە زایەڵەی شنەبای شەوانەدا، دڵم
دەنگی ئاشنایەک دەناسێتەوە،
لە پێدەشتەکانی نیشتمانەوە
مەرگی وەرزێکی شین دەلاوێنێتەوە،
مەرگی باران،
مەرگی دەنگ، مەرگی ڕەنگ.
ئەمە ترپەی پێی کام فریشتەی هەواڵهێن بوو،
جریوەی کام هەوری دەنووکسپی بوو،
خشەی کام گەڵای خەواڵووی پاییز بوو،
بەم نیوەشەوە دەرودیوار و پەنجەرەکانی
فێری ناوی فرمێسک،
ناوی گریان،
ناوی شین کرد؟

دەڕوانمە کەنارەی ئاسمانی ئێواران
گۆلێکی بێورشەیە
تافگەی سوورایی، بێدەنگ، دەڕژێتە ناوی و
لەگەڵ شەپۆلی خەواڵوو تێکەڵ دەبێ.
بۆنی زەوی، خۆرنشینان، هەموو گیانم نمپژێن دەکات و

ئاوێتەی خوێنم دەبێت، بۆنی زەوی، بۆنی لەدایکبوون و
بۆنی مەرگە، بۆنی مەرگی خۆمە؛ شەوانە
چی نەخش و نیگارە لە لەشولاری خەونەکانم دادەڕنم،
لەو جێبرینانە ورد دەبمەوە، ساڵانێکە
وەک گەنجی قاروون هەڵمگرتوون، نەکەونە بەر چاوی
مار و مۆر.

برین وێنەی وەرزەکانی تەمەنە و ڕەنگی زەردەپەڕی لێ
نیشتووە،
برین گلۆڵەی گزنگە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرنشیندا
ڕایەڵ کراوە.
برین شەوانە دەبێتە ژێ
دیوارەکان
بە نەوای هەنسک دەکاتە خەو.
نەمدەزانی، لێرەیش، هەناسەی نیشتمان
وەکوو تەم ئەم دارستانە بێڕێیە دادەپۆشێ.
نەمدەزانی، لێرەیش، بۆنوبەرامەی نیشتمان
لە گۆنای ئاوێنەکانم دەنیشێ.

سیگتوونا ٤-١٠-١٩٩٧

# ئاشنایەتیی خۆر

کە تۆ لە بەندەری نائارامیدا
چاوەڕێی کزەبایەکی ناکات دەکەی
چارۆکەی هەورێشمینی ڕۆحت
بخاتە شنەشن،
نازانیت
چرای پێتەختی کام هەرێمی دڵە
لەسەر نەخشەی ئەم شەوگارە قژئەبەنووسییە
دەورشێتەوە.
هەناسەی هەورێکی بۆندارە
دار و دەوەن فێری ناوی گوڵ و گوڵاو دەکات.
گەوهەرێکی بریسکەدار
لەم لێلاوەدا کە نادۆزیتەوە
بیکەیتە قیبلەنوێن
وەرە لەم دیمەنە پڕ ئەفسوونە تێ بگە: شەونم
تەمەنی خۆی
دەبەخشێتە ئاشنایەتیی خۆر.

سۆللەنتوونا ١-٤-٢٠٠٠

## له پەنجەرەی درزبردووی پاییزانەوە

نە دێی، لە خەونێکدا
ئاگر بنێی بە ماڵی تەنیاییمەوە،
نە لە بێداریمدا دەبیتە گزنگێک
شاری بێدەرەتانیم تیشکباران بکەیت.
ئەمە نزای نیوەشەوانی تەمەنم بوو
کە شووشەپەنجەرەی بەیان، جارێ، درز نەبات،
پەڕەی گوڵاڵەسوورە لە تاسەی شنەبادا
سوێی نەچێتە دڵ...
ئێستا لە پەنجەرەی درزبردووی پاییزانەوە
دەبینم تاریکایی بە دارودەوەنی ئەم شارەدا
دادەچۆڕێ...

سۆڵلەنتوونا بەهاری ٢٠٠٠

# بەڵکە جارێک

سالآنێکە چاوەڕوانی خۆشیم،
چاوەڕوانی خۆشەویستیم،
بێت،
پەنجەرەیەک لەم قەلآیە بکاتەوە،
تۆڕێ لەم زەلکاوەدا بنێتەوە،
بەڵکە جارێک
ماسییە سپییەکەی ڕۆحم پێوە بێت.

ئەستەمبووڵ ٨-٦-١٩٩٧

# لەم دۆزەخەدا

چاوەڕوانی کەسێکم
بێت
هەواڵی مەرگی خۆمم بۆ بێنێ،
بەشکەم
لەودیو پەرژینی ژەنگاویی ئەم شۆرەکاتەوە
جێگەگۆڕێک ببینمەوە
ئەم پاشا مۆمیاکراوەی پێشمێژووی تێدا بنێژم.
بەشکەم
ئەم شوورە و دیوارانە بێنە گۆ،
ساڵانێکە لەم دۆزەخەدا پواوم.

سۆللەنتوونا ٢٠٠٠

# بریا تاوێ چاوەڕێت بکردمایە

نقل فؤادك حيث شئت من الهوى
ما الحب الا للحبيب الأول
كم منزل في الارض يألفه الفتى
وحنينه ابدا لأول منزل
ابو تمام الطائي (ساڵی ٨٤٥ مردووه)

بریا تاوێ، هەر تاوێک، چاوەڕێت بکردمایە
دەگەڕامەوە،
دەهاتمەوە شوێنەواری خاپووری جێژوانێک
جێبرینێکە بە گۆنای بیرەوەری و شیعر و ساڵانەوە.
دەهاتمەوە بۆ سەردانی کۆنەسەنگەری شەڕێکی دۆڕاو
بۆنی هیوا و ترس و چاوەڕوانی،
بۆنی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیم دەکرد، بە ڕوومەتی
بەردەوە وشک هەڵاتوون.

بریا لە بەر دەروازەکەی ئەو تەمستانەدا
تاوێک دادەنیشتیت و
ڕووت دەکردە ڕێگە دڕکاوییەکەی غەریبستان،
چاوەڕێی بلێسەیەکت دەکرد ئاشنا و نائاشنا،

دەبێتە مانگێک بە بەرۆکی ئاسمانی تاسەوە،
دەبێتە سەرەبزووت، لە هەموو زنجێکدا مۆمێک
دادەگیرسێنێ.
نەتدەزانی؟
من نەمدەزانی،
ئەوێ سنووری نێوان دوو وشە بوو،
ڕێزمانی زەوی لەوێدا هەڵدەوەرێ،
چەمی ڕۆح ناو و دەنگ و ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ،
پەلەوەری خۆزگە باڵیان دەڕزێ.
لە خشت و بەردی دیوارەکانی شارت پرسیبووایە
چییان لە سەربوردی عاشقێکی سەهەند لە بیر ماوە؟
چەند زامیان لە دڵدا شاردۆتەوە؟
تێدەگەیشتیت
مێژووی هەتاو و مێژووی ڕووناکایی لە کوێوە دەستی
پێ کردووە،
سەدویەک ناوی ئەوین فێر دەبوویت.
بە جێم هێشتن...
کۆڵانە ڕەنگپەڕیوەکان،
دارە تۆزگرتووەکان،
چەمی تینوو، توولەڕێگای وێڵ، چرا سێبەرنشینەکان
فێری ناوی زریان و کڕێوەم کردن،
فێری نەوای ڕەشەبا و زەمهەریرم کردن و

بە جێم هێشتن.
لە پریاسکەی بیرەوەرییەکانمدا
جێبرینێکم بە ڕوومەتی خەونێکەوە هەڵگرتبوو،
تۆی دەهێنایەوە بیرم
شار بە شار و مەنزڵ بە مەنزڵ هاوەڵم بوو...
وام دەزانی ڕۆژێک چرۆ دەکات و غونچە دەکات و
دەبێتە گوڵی هەزارپەڕەی برین.

چ گەردەلوولێک بوو
تۆوی ئاواتەکانمی گەیاندە ئەم سەهۆڵبەندانە،
تا شین نەبن؟
چ خۆڵێک بوو ڕەگوڕیشەی تۆی گل دایەوە؟
چ بایەک بوو هەوری تاسەمی بەرەو شۆرەکاتی گەرمیان ڕاماڵی؟
چ گڵکۆیەک تەمەنی تۆی کردە نهێنێکی بێڕەنگ و
لە دڵی تاریکاییدا شاردییەوە؟
وام دەزانی ڕۆژێ پێکەوە دەرسی ژیان دەخوێنین،
کەچی دەتەوێ فێری نهێنی مەرگم بکەیت.
ناتەوێ ڕۆحی بێوڵەتم ڕەشپۆش بێت
مشتێ لە تیرۆژی ئەو مەملەکەتە
بئاڵێنە لە تەڵێ وەنەوشەی حەزی جاری جاران
بیدە لە بەرۆکی ڕۆژنامچەی پواوی ئارەزووەکانم.

نە دێیتە سەردانم،

نە نامە پەژمردەکانم دەخوێنیتەوە و
نە ئێستا و نە داهاتووم بە خوێنی ڕابوردوو
دەڕەنگێنی.
ناشێ دوای سەدەیەک تاسە و سوێ
پەنجەرەی بیرەوەرییەکانم نەکەمەوە بۆ سروەیەک
لەو تاریکستانەوە هەڵدەکات... چاوەڕێم، چاوەڕێی
دەنگی تاریکایی،
ڕەنگی تاریکایی،
بۆنی تاریکایی.

کانوونی یەکەم ٢٠٠٠

هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو
ئاشکرای تۆ ڕاز

قال سبحانك ما يكون لي ان اقول ما ليس لي بحق ان كنت قلته فقد علمته تعلم ما في نفسي ولا اعلم ما في نفسك انك انت علام الغيوب.

قورئان: سوورەتی ئەلمائیدە، ئایەتی ١١٦

چۆنت ببینمەوە
کە ڕۆژگاری هەور و تەم و زریانە؟
چۆن ئەم نهێنە بشارمەوە
لە هەر لایێک دوودڵی و گومانە؟
هەموو ڕازی من ئاشکرایە و
هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز.
سەرشار (نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم)

## لەم زەمهەریرەدا

دەمدەیتە دەست باوە
ناهێڵی بیرم بە لای هەڵفڕینیشدا بچێت...
ناتەوێ
خەون بە باڵێکی ئاورێشمینەوە ببینم.
لەم زەمهەریرەدا
دەست و پێم بە بێدەنگیی سەهۆڵ
دەبەستیتەوە
دەمکەیتە چلوورەی شۆڕبوونەوە،
داناچۆڕێم.
دەمکەیتە تەرزەی نائارامی، ناپڕووکێم.
بمکە بە هەڵم، بە کەسەک، بە زۆرداری
بمکە بە گەرد! لە وەرزی ئەزەلیی یادتدا
لە جۆشی بەدمەستیدا
دەست دەنێمە بینی شەووڕۆژ
تا پەڕوباڵ دەرنەکەن.
دەمکەیتە زەریای وشکایی
پەڵەهەورێک دەنێریت بملاوێنێتەوە،
دەمکەیتە سەحرای شەپۆلی بێکەنار

ناوی ئاوەدانییەکم فێر دەکەیت...
ئەم سنوور و منوورانە، دەخیلت بم،
لەسەر ڕێگاکەم دامەنێ...!
ئەو درەختە گڕگرتووە ئارامی لێ بڕیوم.
دەبم بە سێبەرێ بمناسێتەوە،
بە تیشکی هەسارەیەکی حەشەری بمتۆرێنێ،
دەبم بە خەڵووز
جارێ، بە زمانی بڵێسە، ناوم بێنێ...

سۆڵلەنتوونا ١٩٩٩

# یەکەم سووتان

دەمکەیتە سێپەڕە،
بۆ ناهێڵی شیعری شینایی لە بەر بکەم،
ببم بە پەڵاش،
ڕۆژانێکیش لە پووشەڵاندا
بە دەم سروەیەک بای وەشتەوە بشنێمەوە؟

دەمکەی بە خەڵووز
کتێبی ڕەشاییم پێ لە بەر دەکەی،
وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ،
کەچی ناتەوێ جارێ
بگەمە تەمەنی پشکۆیەتی،
گڕێ بەر نادەیتە
چیرۆکی بەسەرهاتی یەکەم سووتانم.

سۆللەنتوونا ١٣-١٢-٢٠٠٠

# گزنگ و زەردەپەڕ چاوەڕوانی هاتنی تۆن

نازانیت
چۆن لە بێدەنگیدا
دارستان بەرگێکی خۆڵەمێشین لە بەر دەکات،
نەمامی ئارەزوو
لە گوڵشەنی چاوەڕوانیدا بە چلوورەی زەمهەریر
خۆی دادەپۆشێت!
نازانیت چۆن لە گشت وەرزێکدا
گزنگ و زەردەپەڕ چاوەڕوانی هاتنی تۆن!

کە هاتی
چڵی دارەستێرەیەک لەگەڵ خۆت بێنە!
پەڕەیەک گوڵەمانگ بێنە!
برینی دارستانێک سارێژ دەکەیت،
گوڵبەنی پەژمردوو دەبووژێنیتەوە.
کە تۆ بێیت
ڕۆژگاری من شەبەق دەدات.

سۆڵلەنتوونا، بەهاری ٢٠٠٠

# کەناری گڕگرتووی ئاوابوون

نە شەو فێری زمانی تاریکاییم دەکات،
نە ڕۆژ نهێنی ڕووناکایی.
هەر کڵپەی ئاگری چیایەکی سووتاوە
لەودیو هەزاربەهەزاری ئەم نیشتمانە چۆڵەوە
مۆمەکەی دڵ فێر دەکات
چۆن خۆی بسووتێنێ.
کە دەسووتێم
نە شەو ڕووناک دەبێتەوە،
نە ڕۆژ
دەمبا بەرەو کەناری گڕگرتووی ئاوابوون.

سۆللەنتوونا ٢١-٨-٢٠٠٠

# شێوەت گڕێک بوو

چ تیشکێک، چ گڕێک بوو، لەم وێرانەیەدا
بوو بە دەوەن، بوو بە دار و دارستانێکی لێ کەوتەوە؟
چ شنەیەک بوو
کە چڵ بە چڵ و گەڵا بە گەڵای خستە لەرە؟
لە سیمای ئاگرێک ورد دەبمەوە
لەودیو پەردەی شەوگارەوە
ئاوێنەکەی دڵ دێنێتە گۆ.
تاریکیی شەوە دێ بە هانامەوە،
چرای یادێکی نهێنیی تێدا دادەگیرسێنم.
دڕکێک بووم لە بناری ڕەوەزی نائارامیدا
بە پەردەی دڵی خۆمدا دەچەقیم.
چنگم لە بەرۆکی هەموو گەڵایەکی ڕێبوار گیر دەکرد،
دەستەوداوێنی هەموو گەردەلوولێکی کۆچەری دەبووم.
سەردەمی خۆرگیران بوو، بە هەر چوار لای گێتیدا
چاوم دەگێڕا،
نەبوو، وێرانەیەک نەبوو، بەسەرهاتی دڵی بەردینی
تێدا بسپێرمە خاک.
مۆژدەی کیمیایەک کە خوێنم ڕەنگدار بکات و

تەمەنم لە خومی کۆنەئەوینێک هەڵکێشێ،
تاوەبارانێکی ڕووت بوو، نیشتمانی دڵی پۆشتە
دەکردەوە.
نەبوومە ئاشنای گوڵێک ڕازی بۆنوبەرامەی خۆیم
لا بدرکێنێ،
ناوی خۆی و ئایینی خۆیم بۆ ئاشکرا بکات.
چۆن زانیبوومایە مرواریيەک ڕازخانەی سەدەف
بە جێ دەهێڵێت و
لە زەريايەکی بێناودا لەنگەر دەگرێ؟ دوودڵی
ئاگرێک بوو
بژوێنی ڕۆژەکانمی، چەکەرەی وەرزەکانمی دەکردە
کۆی زوخاڵ.
شەوگار دەبوو بە سەرپۆشێکی ئەفسووناوی
نەمامەکانی ڕۆحی دەکردە تارمایيی خۆڵەمێش.
دڵم دایە هەر زمانێک توێکڵی وشەی بە دیاری
پێ دام،
کردار و ئاوەڵناوی گەردانەکراوی کردە گەردنی
بیرم.
لە زمانی باڵندە نەگەیشتم،
بۆیە نیگاری شاپەڕێکم کردە نیشانە.
لە زمانی لم نەگەیشتم،
بووم بە هۆگری کرێوە.

له زمانی شەپۆلی زەریایێ نەگەیشتم
بە تاسەی کەنارێکی ئاوەدانەوە سواری کەشتییەکی
مەست بووم.
ڕازێک بەرگی گوڵی دەپۆشی، لە نەوایەکی شەوانەدا
مەرگی عەشقی تەڵێ نێرگسی دەلاواندەوە.
نە ئەستێرەیەک لە شەوی چاوەڕوانیمدا دەیجریواند،
نە بایەکی ئاشنا لە وەرزی مەرگدا هاتە سەردانم.
چرایەک هات بە هانامەوە
لە ئاوێنەی دڵدا بوو بە ڕێژەنی تیشک، بوو بە کانیی
ڕۆشنایی.
تۆی سەروەری تیشک، سەروەری ڕووناکایی،
دەنگت دەرگای زەمهەریری داخست و
بوو بە گەڵای درەختی مانگ،
شێوەت گڕێک بوو، لە مەیخانەکەی گەڕەکدا
کە دەرکەوت
مەی و مەینۆشانی هێنایە سەما،
ئاسمان دڵەکوتێی بوو، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا،
هەڵۆی ڕۆح شاباڵی بە چڵەپۆپەی با ڕەنگین ەکرد.

بەرسێلۆنا: ١٦-٧-١٩٩٨

# باوبۆران

پێش ئەوەی باوبۆران هەڵکات و
ئەم سەرایە سەروبن بکات
کاسەی سەری خۆت بخە بەردەستی سەردارێک
بەشکەم
لە گوڵزاری دۆستدا
گوڵی ڕازێکی تیا بڕوێنێ.
دڵبەرێک با دڵت ببات
تا بە هەوای گەرمی ئاشنایەتی
ژێیەک بکەوێتە لەرینەوە.

سۆڵلەنتوونا ٢-٤-٢٠٠٠

# مۆمە و عاشقی ڕووناکییە

ژێیە و تاسەباری بێدەنگییە
کە سەرزەوی دەبێتە بازاڕی ژاوەژاو
دەست بۆ قژی ئەبەنووسیی شەو دەبات،
بە دەم پەنجەی باوە دەبێتە سووتماکی زێڕ.
هەنسکی جیابوونەوە زمان دەگرێ.

مۆمە و عاشقی ڕووناکییە،
مەرگی خۆی و کوژانەوەی تاریکایی
لە درەوشانەوەی ئاوێنەیەکدا دەبینێ،
درزبردوو...
بە زمانی سووتان
یادنامەی یار، شەو لە دوای شەو،
دەور دەکاتەوە.
مۆمە و ڕووناکیی عەشق دەوەرێنێ.

# بڵاچە

گوڵشەنێکم لەم بەستەڵەکەدا پێشان دە!
ئەسکڵی ئەم تاسەیەم بگەشێتەوە،
با مێرگی دڵ
بە گوڵاڵەی گڕ، هەموو وەرزێ، بڕازێتەوە.
بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم
بڵێسەی (عەین)ی عەشقە
کە دارستانی ئەلفوبێ
بە وڕێنەی خۆڵەمێش دەناسێنێ.

سۆڵلەنتوونا ٥-٨-٢٠٠٠

# خۆری عەشق

ناوت، ئەگەر بە گوێی شەوەزەنگا بچرپێنم
گڕ بەردەبێتە ئاسۆ
هەر چواردەوری ئەم گەردوونە
دەبێتە ڕۆژهەڵات.

کە ناوت بە دڵما ڕادەبووریّ
گەردوونی بوون و نەبوونم
خۆری عەشقی تیا هەڵدیّ.

سۆڵلەنتوونا ٢١-١٠-١٩٩٤

# ناوی تۆیە

به چاوی دڵ
دەڕوانمە وڵاتی ڕۆژ و سەرنجی شەوستان دەدەم؛
ناوی تۆیە
لە درزی نێوان تاریکایی و ڕووناکاییدا
ئاوێنەئاسا
وێنەی شەووڕۆژ دەنوێنێ.

پاییزی ١٩٩٥

# زستانی ڕۆح

بۆ حەزرەتی شێخ موحەممەد عوسمانی

نەقشبەندی، سیراجوددینی دووەم

ئەم شەوگارە، بێ یادی تۆ، سارایەکە
ڕێبواری ڕۆح
تروسکەی ئاوەدانیی تیا بە دی ناکا.
ئەم شەوگارە قەڵایەکی ئاگرینە،
دەرگایەکی ئاسنینە،
گەرووم تێیدا ژەنگ هەڵدێنێ،
دەنگم ناگاتە گوێی کەسێ
بێت و زنجیری گەردنم بکاتەوە،
کۆت و بەندی دڵی دیلم بۆ بشکێنێ.

گیانی گیانان، خۆ تۆ چرای دنیا و دینی،
تۆ شارەزای مەیخانەی شاری ئەوینی،
بە پشکۆیەک
تاریکخانەی زستانی ڕۆح داگیرسێنە!
پێشانم دە
نوێژی عەشق چۆن دەکرێ،

کوورەی خامۆشی ئەم دڵەم چۆن گڕ دەگرێ.

فێرم بکە!

فێری ئەلفوبێی کتێبی دڵداریم کە!

فێری ڕێوجێی کۆڕی بەزمی مەیخواریم کە!

سۆڵلەنتوونا ١٦-١٢-١٩٩٥

# زەریای زیو

تیشکێک لە وێرانستانی دڵدا
سنووری شەووڕۆژ دەسڕێتەوە. ئەمەیە پڕووشەی
هەوری زیوینی ئاشنایی
کە هەموو زستانی تەمەن
لەودیو پەردەی تاریکییەوە دەتروسکایەوە.
ئەمە هەناسەی زەریای زیوە
لە مانگەشەوی بێداریمدا
ماسییە سوورەکانی ڕۆح
دەیانویست ناوی شەپۆلەکانی لە بەر کەن،
دەیانویست ڕازی ئایەتی کەفی لێ تێبگەن.

سۆللەنتوونا ٢-١٢-١٩٩٥

# کەلاوەی دڵ

نە تۆ خەمی بێناوی من دەلاوێنیتەوە،
نە خەڵکی ئەم جیهانە.
نە پزیسکێک،
نە پشکۆیەک،
نە چرایەک
کەلاوەی دڵ گەرم و ڕۆشن ناکاتەوە
بەم تۆف و بەم زستانە.
هەرچی شیعرم هەیە دەیدەمە چۆڕێ مەی
گڕێ بەرداتە دڵ و گیان،
دە پێم بڵێ
کوانێ ڕێگەی مەیخانە؟

سۆڵلەنتوونا ٨-٣-١٩٩٦

# لمی ئەم شۆرەزارە

چوارەوەرزەی ساڵ، بە شەو و ڕۆژ، چاوەڕێت بووم
بێی بە زمانی وەرزێکی دیکە ڕازی
ساڵانی ونبووی تەمەنمم وردورد بۆ ئاشکرا کەی.
بێیت و لەم شارستانەی بێکەسی و غەریبیدا
ببیتە
ئاشنام.
لەگەڵ هاژەی هەموو ڕووبارێکدا دەبووم
بە خوڕەی پاڕانەوە و
دەبوومە گێژەنی نزا.
لەگەڵ گشت شنەبایەکی شەوانەدا
دڵم دەبوو بە دەسماڵێکی سوور و
دەکەوتە لەرینەوە.
دەمویست وەکوو تیشکێکی هەزارڕەنگ
تاریکاییی ئەم ئەشکەوتە نسرمە
بکەیتە چراخانێ،
وەکوو تاوەبارانێ
دەنک دەنک لمی ئەم شۆرەزارە
نماوی کەی.

ڕۆژ نەبوو
دەشت و کەژ و چۆڵەوانیی ئەم دوورستانە نەپێوم
تا بێم و
ببمە چڵی دارچنارێ
لەو شارەدا.
شەو نەبوو
دەروازەکانی ئەم شارەم
ئاوەڵا نەکردبێ،
بەڵکە سروەی نیگارێکت بێتە خەونستانی دڵ،
هەر جارێ.

زستان دێت و دەڕواتەوە،
هاوین هەڵدێ و ئاوا دەبێ،
شەوبۆی یادت لە شەوگاری تەنیاییما شین دەبێ،
دڵم، ئێستایش، وەکوو پیرەچنارێ
چواروەرزەی ساڵ
گەڵاکانی بە دەم باوە هەڵدەوەرن.

سیگتوونا ٢-١٠-١٩٩٧

# بێدەنگیی بەرد

لە کوێ بۆ ڕزگاریی ڕۆح بگەڕێم؟
داستانی دیلێتیی دەروونم چۆن بدۆزمەوە؟
بێدەنگیی بەرد لە کتێبی ڕازەکاندا دەخوێنمەوە و
دەمێ کە ڕۆژ دەبێتەوە
گوێ لە شیوەنی شەو ڕادەگرم.

سۆللەنتوونا ٧-٢-١٩٩٨

# سووتان

پشکۆیەکت خستە ناو دڵمەوە و
لە تاریکەشەوی ئەم شارەدا بە جێت هێشتم.
ئەگەر ڕۆژێ گەیشتمە ئاستانەی دیدارت
پرسیاری تاریکایی و ڕووناکاییم لێ مەکە!
من تەنیا هەر باسی سووتان دەزانم.

سۆلەنتوونا ١٧-٢-١٩٩٨

# زەوی بە عەشقی تۆوەیە دەڕوات و دێتەوە

١

لەسەر پەڕەی کام گوڵی کێوی، ناوت بە سورمەی ڕۆح
بنەخشێنم؟ تا بەهار لە دوای بەهار و ساڵ لە دوای ساڵ،
دەشت و بنار، ئاو و چیا و چۆڵەوانیی گەردوون
مەستی بۆنوبەرامەی گوڵاوی ناوت و سەرخۆشی
عەشقی ناوت بن.
سەرخۆشی عەشق و ناوی تۆم،
دیلی کەمەند و داوی تۆم،
چۆن نەگرییێم لە بێمەیلیت
کە من سەر لە پێناوی تۆم؟

٢

ئەم هەموو زنجیرە چی بوون لە دەست و پێم ئاڵان؟
من دەمویست ناوی با لەم دارستانە بنێم.
ئەم هەموو سنوورە چین  دەبێ بیانبڕم؟
منێک هێشتا گەشتنامەیەکم نەدیوە.

٣

کە ڕووم کردە باڵاخانەکەت

دەمزانی ئەمەم بە سەر دێنی.

٤

ناوت چپەی دارستانێکی ئەم کوێستانەیە،
کە پاییز گەڵاکان، یەک بە یەک، فێری دەردی
جیابوونەوە و فێری تاسەی دیدار دەکات.
ناوی تۆ دڵەکوتێی دارودەوەنە کە ڕەشەبا، زستانان،
ناوی خاک و ناوی ئاو و ناوی ڕۆژیان لە بیر دەباتەوە.

٥

لەم شارەدا
ئەستێرە بە ناوی تۆ هەڵدێن،
زەوی بە عەشقی تۆوەیە دەڕوات و دێتەوە...

٦

دێیت، لە چۆڵەوانیی ئەم تاریکستانەدا، دەبیتە دەنگ و
دەبیتە تیشک... دەبیتە برووسکەیەک
ئەلفوبێی ڕووناکی
بەسەر ئەم دیوارانەدا دەپرژێنی.

١٩٩٧

# ڕۆژێ ئەگەر خۆر بگیرێ

ان بيتا انت ساكنه
غير محتاج الى السرج
ديك الجن الحمصي (ساڵی ٨٥٠ مردووە)

دەستم نەبۆتە ئاشنای
سینگ و بەرۆکی دوڕگەیێ
باسی کەشتی و شەو و شەپۆلی زەریایێ چی بنووسم؟
ڕێگام نییە بچمە دیداری ئاشنا،
دەنگێ لە یاری دوورەوە نایێتە گوێم،
ئەستێرەیێکی نەخشینم لێ ون بووە
ئیتر مەحاڵە هەڵنایێ، چی بنووسم؟

لە شەوگاری غەریبیما
وەرە جارێ بە ڕێبواری!
دڵە تەنیاکەم بدوێنە، با ژەنگ نەگرێ!
سەرێ بدە لەم مەیخانە بێچرایە!
پیاڵە و شەراب دێنیتە گۆ.

ڕۆژێ ئەگەر خۆر بگیرێ،
تۆ ببەرە چرای گەشی ناو ماڵەکەم!

سۆڵلەنتوونا ٣٠-٥-١٩٩٨

# جامی دڵمە دەڕەنگێ

ئەم عەشقە ڕەنگامەیە
جارێ سەوزە، پەلکی گیا و گەڵای داران
دەخاتە شنەشن،
جارێ سوورە و دەبێتە تارای خوێن
کە دێت و کە دەڕوات،
لە دڵەوە کە دڵداری فێر دەبێت.
نە گەڵایەک بە داری شەوەوە دەبینم،
نە تنۆکێ خوێن لەسەر پەڕەی دەفتەری ڕۆژ.
هەر ئەم جامە ڕەنگپەڕیوەی دڵمە
بە مەیی عەشقی دۆست دەڕەنگێ.

# پشکۆیەک لە کوانووەکەیان

لەسەر ئەم دووڕیانە ڕامدەگریت
بە مانگان و بە سالآن لێم ناپرسیتەوە.
دەبم بە کۆڵەکەی ژان، دەبم بە پردی چاوەڕوانی.
یاقووتێک لە ئەوسەری شەوگارەوە دەدرەوشێتەوە،
دەمەوبەیان دەبێتە ئاگرێک، بەردەبێتە
پەڕە پەڕەی دیوانی شیعرەکانم؛
دەبێتە جۆگەلەی زیو، چراکانم دەشۆرێت.
ئەمە چ زمانێکە بۆتە کفنی ئارەزۆکانم؟
مەگەر لە بێدەنگیی گۆڕدا، جارێکی دی، بێتەوە گۆ.

لەسەر ئەم دووڕیانە دادەنیشم
دەرگای هەموو وەرزەکان دادەخەم،
چاوەڕێ دەکەم ئەم لافاوە بنیشێتەوە.
دڵم دەکەمە کۆترەکێویلەیەک، ڕایدەسپێرم
هەوارەوهەوار بڕوا بە دوای خێڵی عاشقاندا
پشکۆیەکم لە کوانووەکەیان بۆ بێنێت
بیکەمە نیشتمانێک بۆ ڕۆحی بێدەرەتان.

# چ تەمێکە

چرایەک
ئەم بەندەن و هەزاربەهەزارە پڕ دەکات
لە ڕەنگی یاسەمین، لە بۆنوبەرامەی ڕۆژ،
هەموو گەردوون دەکاتە ڕێگا
بەرەو ناگەردوونی ناوت.
هێندەی هەموو زەوی
لە دەوری تیشکی ناوت دەگەڕێم،
هێندەی هەموو ئاسمانان لە دووری بێزارم.
چ تەمێکە
ئاسۆگەی ئەم نیشتمانەی لێ گرتووم، کە دڵ
تروسکەیەک دەبینێت و نابینێت.

# بمکە بە گەڵایەک

بمکە بە گەڵای دارێک، گەڵایەکی بێناو،
تا ئەو ساتەی دەوەرم
بە سروەی ئەوینی تۆ، کات و ناکات، دەشنێمەوە.
لەم دارستانەدا
کەسێ نایێتە سۆراغی گەڵایەکی ڕزیو
مەگەر سروەیەک،
پاییزەئێوارانێک. بیخاتەوە جووڵە.


# کڵافەی هەتاو

لە کوێیە کانیی ڕووناکایی
دەفتەری ئەم شەوگارەم بۆ بخوێنێتەوە؟
نەوەک حەرفێکی تازەعاشق
کڵافەی هەتاوی هەڵوەشاندبێتەوە،
لەشولاری مانگی یەکشەوەی ڕووشاندبێ،
هەورێکی کردبێتە دەسگیران.
شەو و ئەستێرەکانی بنێرە ناولەپم
دەبم بە پاسەوانی
ئەو بەندیخانەیەی دڵەکەمی تێدا دیلە.

# دڵێک هەر عەشقی تۆی بوێ

زمانێکم بدەرێ!
لە سووتانی ڕووبار،
لە ڕوانی ئاگر و
لە سەرخۆشیی گوڵ بدوێ...
دڵێکم بدەرێ!
لە ئاسمان و لە زەوی،
لە هەردوو دنیا
هەر لە عەشق تێ بگات،
هەر عەشقی تۆی بوێ...

# ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ


فەرهاد شاکەلی

ئەلف

# ئەم بێئومێدییە پریاسکەیەک مروارییە

بۆ (زەریا)ی کچم

ئەگەر بەختەوەری ئەم ژاوەژاوە بێت
کە شەواوشەو
دێتە وێزەمان و ناچارمان دەکات
هەموو نهێنەکان بدرکێنین،
دەبوو هەر زوو، لە ڕۆژگاری ئەزەلەوە،
چارەنووسی خۆمان و نەوەکانیشمان
بسپێرینە دەرگاوانەکانی دۆزەخ...
ئەی بۆچی دەبوو میلیۆنان ساڵ چاوەڕوان بین
تا لە ئاگردانێکەوە
بگوێزرێینەوە بۆ یەکێکی تر؟
لە خۆڵەمێشەوە سەر دەربهێنین و
ببینەوە بە پووڵوو؟
ناکرێ
دەسبەرداری هاژەی با و جۆگەلە خەواڵووەکان بین...
ناکرێ
جوانییەک بدۆزینەوە لە جوانیی نیشتمان

ڕەنگدارتر و
بۆندارتر و
ئاوازەدارتر بێت.
ئەمەیە لێکدانەوەی خەونی ئەم شەوگارەی تاراوگە،
ئەمەیە پاڕانەوەی ژنێیەک ئێستاکەیش،
شەو تا بەیان
چاو دەبڕێتە ورشەی هەورێک بە دەم ژانی بارینەوە
ناوی زەریاچە و ڕووبارەکان بە گۆرانی دەڵێتەوە.
کێ لە بای بەیانیان دەپرسێ
بزانێ شەوگاری لە کامە پەناگە بردۆتە سەر؟
کەی بێ مێژووی برین سەرلەنوێ بخوێنینەوە،
بێ ئەوەی پرس بە خوێن و بە شەڕگە و
بە زیندان بکەین؟
ئێمە نە جانەوەری ئەم ڕۆژگارەمان پێ ڕام دەکرێ،
نە دەتوانین گورز و گوڵەنگی زیوین
بۆ زین و سەرکەلەی ئەسپی تۆڕی ڕابوردوو بهۆنینەوە.
لە زمانی گوڵەگەنمێک ورد دەبوومەوە
بزانم لەشکری شەڕانیی پاشا دۆڕاوەکان
لە کامە دەروازەی شارەوە دێنە ژوورێ.
زایەڵەی زەنگۆڵەکانی سەر دەروازەی مێژوو
دڵم دادەچڵەکێنێ
دەزانم ئەم بێئومێدییە پریاسکەیەک مرواریيە

پشتاوپشت هاتووە و
گەیشتۆتە من.
دەزانم تازە، جارێکی تر،
ناچم مۆزەخانەی شاران بپشکنم
بۆ قەواڵەی لەدایکبوون و مەرگی ڕۆژهەڵات بگەڕێم.
دەزانم هاوڕێیەتیی هەور و تەم
بۆنوبەرامەی باران نابەخشێتە ئەم دارستانەی
تەمەنم،
ئاشنایەتیی پەلەوەرە باڵنەخشینەکان
ڕۆحی قەفەسنشینم فێری هەڵفڕین ناکات.
ئێرەیە ئەو چواردیوارەی
چی تاریکایی هەیە، هەمووی تێدا کۆ بۆتەوە،
ناویشی نانێین دۆزەخ، پێی ناڵێین زیندان.
لێرە، لەم نازیندانەدا،
دەستم ناگاتە درەختی شەو ڕایوەشێنم،
دەستم ناگاتە درەختی زام، درەختی چاوەڕوانی،
درەختی بەرد...
ئەگەر بەرد بهاتایەتە گۆ،
ڕازی بێدەنگیی شەو فێر دەبووین و
دەمانزانی بۆچی برین وا هۆگری چاوەڕوانییە.
بۆچی هەموو ڕابوردوومان
لە قوژبنێکی مێژوودا، بە چاوی خەواڵووەوە،

کروشکەی کردووە.
لەو ڕۆژەوە گوڵ لە دایک بووە و
کراسی بۆن لە بەر دەکات
چاوەڕوانین کە شووشەی چۆڵی تەنهاییمان
پڕ بێت لە بونوبەرامەی دیداری ئاشنایەک،
ئاگردانی دڵ
بە ئەسکڵێکی سوور بگەشێتەوە.

٢٠٠١-٤-٢٣

# ئیتر شەوگار سەمای مەرگ ناکات

جۆگەلەی گوڵاویت
دەڕژێیتە زەریاچەی خەونێکمەوە،
تاوێ سپی دادەگەڕێی...
دەبیتە کاکێشانی شەوەزەنگێ،
دەبیتە خەرمانەی مانگ لە ترسی باهۆزێ
پەنا دەبەیتە بەر هەوروهەڵا...
خۆت مەدەرە پەنا!
ئەم ئێوارەیەی
گوڵەبەڕۆژەی ژاکاوی تەمەنی دڵداریمانە
ناگاتە شەو،
دەپروێت و دەیدەینە دەم باوە.
ئیتر خەونی بۆندار و نماوی نابینین،
ئیتر شەوگار
بە کەمەرەی زیوینی کاکێشانەوە
سەمای مەرگ و سەمای ژیانەوە ناکات.

سۆڵلەنتوونا، بەهاری ٢٠٠٢

# مەرگ

ئەوە مەرگە یا بایە شەوانە
ئەم گەڕەکانە یەک بە یەک بە سەر دەکاتەوە و
لە دەرگای مالان دەدات؟
ئەوە مەرگە یا تاوەبارانە
دێت و کاسە و دەفرەکانم
پڕ دەکات لە خۆڵی هەڕەشە؟
نا...
نە مەرگە و نە با،
نە تاوەبارانە و نە گەلەگورگ.
ئەوە قاسیدە، قاسیدی مەرگ،
زوو زوو دێتە سەرم و
پەلەم لێ دەکات،
هەموو کار و فرمانەکانم بە جێ بهێڵم و
لە ماڵ بچمە دەرێ.

ساڵی ٢٠٠٣

# بەهاریٚ نایێتە خەوت

ئەمە سێبەری کام وردیلەهەستی شاراوەی
ڕازستانی تەمەنتە
گەڵا گەشەکانی داری چاوەڕوانی دەشارێتەوە؟
چاوەڕوانی پەلەوەرێکی زێڕینباڵە
کە دێت و
لەسەر گومەزیی دڵ هەڵدەنیشێ
چەمی تیشک وشک دەکات و
دارستانی بیرەوەری کپ و خامۆش دەبێت.
سەرنج دەدەیتە لووتکەی تەمداگرتوو،
ئەوەی لەو بەرزاییەوە دەبریسکێتەوە
گەوهەرێکە بە تاجی مەرگەوە.
خەیاڵت پڕە لە بۆنوبەرامەی داهاتوو،
دڵت پڕە لە گریانی سەدان ساڵ زەبوونی.
لە سێبەری هەورێکدا
مەرگی گۆلاوێکی هێمن و بەساڵاچوو دەبینی؛
لە زەردەی ئێوارانداو،
پەشیمانیی گوڵەبەڕۆژە لە ئایینی خۆرپەرستی.
لە سەهۆڵبەندان مەپرسە

تا کەی کووچە و کۆڵانی تەمەنت بەر نادات،
لە پاییز زویر مەبە
ئەگەر مێشکی دارستانی وەها شۆردەوە
کە ئیتر دڵ نەداتە بەهار.

نە بەهارێ دێتە خەوت
ماڵەکەت پڕ بکات لە جریوەی دەوەن و گیا،
لە بۆنی برووسکە و لە چرپەی سپیی دارستان،
نە پاییزێ دەتکاتە زەردەگەڵایەکی ڕزیو
بە پڕووشەی بارانێ ناوی مەرگ لە بەر بکات.
لێرە، لەم وێرانەیەدا
چاوەڕوانی دەکەیتە نەوایەکی ئەرخەوانی
درزەکانی دیواری تەنیاییتی پێ دادەپۆشیت.

٢٠٠٢-٩-١٤

## به عەشقی گەوهەرێکەوە شەووڕۆژ لە سەفەردایت

ئەگەر خۆتی، ئەوەی بە هەورازەکاندا سەر دەکەویت و
ڕوو لە نزمان وەردەگێڕی،
بێ ئەوەی ناوی بەرزایی لە خۆت بنێی...
وەرە تیشکێکی زیوین
بپرژێنە بەسەر
نشێوی ڕەشپۆشی ئەم مەڵبەندە ژەنگاوییەدا!
گەردانەی هەورێک
بکەرە گەردنی ئەو شاخە تاسەبارانە،
پێش ئەوەی دڵ بسپێرنە ڕەشەبا.
نازانیت هەتا کەی ئەم وەرزی وشکانییە
درێژە دەکێشێت،
نازانیت لەودیوی زەریاکانەوە
کێ چاوەڕێی
ئەم کەشتییە شەکەت و ڕەنگپەڕیوانەیە
لەنگەر بگرن.
پیاوێکیت ئاگر هەڵدەبژێریت ببێتە هاوسەرت،
دەست بە هاژەی ڕووبارێکەوە دەگری
بتگەیێنێتە ڕۆخی یادەوەریی سەرچاوەکان.

به عەشقی گەوهەرێکەوە شەووڕۆژ لە سەفەردایت
گەنجی دڵی پێ بدرەوشێتەوە و
گیانی پێ بێتە زمان.
سالآنێ، باکت نەبوو، یارێکت هەبوو،
شەوانە، کە ئەم شارە خامۆش دەبوو،
چرای دڵتی دادەگیرساند.
ئێستاکە
نە بنجەگیایەک لە کەناری ڕێگەکەت شین دەبێ،
نە بێدەنگییەکەی ناودڵت بە گەرمای بەهارێ دەتوێتەوە.

سۆللەنتوونا ٢٨-٥-٢٠٠٥

# ئێستاکە، تۆیش شارەزای ئەو شارانەیت

بۆ شوکور مستەفا

چۆڵەچرایەک ئەو شەوەزەنگەی نیشتمان
دەکاتە پەڵەیەک، پەڵەیەکی شەرمن،
بە ئاڵای یادەوەرییەوە.
ڕۆژێ کە دەنگ
لە توێکڵی خۆی دێتە دەرێ،
لە بەردەم پەیکەری لە حەرف هەڵچنراوی بیرەوەریتدا
چەپکێ فۆنێمی سەرەڕۆ و
چەپکێ نیشانەی بێڕابوردوو دادەنێ.
ئەمە دیاریی یارانە،
کە خومارن
ڕازی بەدمەستیی عەشقێکی زوڵەیخایی دەدرکێنن.
کێ بێ پاکیی دڵداران جاڕ بدات؟
کوا یووسف خەونی مرۆڤ، ڕەش و سپی،
لەم زیندانەدا لێک بداتەوە؟

ئەوە تۆی، لەودیو پەردەیەکی قەترانەوە
باسی ورشەی وڵاتانمان بۆ دەگێڕیتەوە.

ئێستاکە، تۆیش، شارەزای ئەو شارانەیت،
ئاشنا و هاودەمی
ئەو دۆست و ئەو عاشق و ئەو یارانەیت.
ئێستا کتێبی ئاوەڵواتاکانی ڕووناکایی و
دژواتاکانی تاریکایی دەور دەکەیتەوە،
بزانی هیچت لە بیر نەکردووە.
دەزانم منەی چی دەکەیت؛
ڕستەیەک دەستی زمانزانی پێ نەگەیشتبێت،
وشەیەک گەردی دیوانی لێ نەنیشتبێت،
پرسیارێک...
ئەرێ تۆ پرسیارەکەی خۆتت کرد؟

٢٠٠٣-٩-٢٧

# قەڵەم

تەنیا هەر یەک وشەی لە بیرە،
تەنیا هەر یەک وشەیش دەنووسێت.

٢٠٠٤-٥-٢٠

# تەمەنێک دەڵێی مرواریيە بە گەردنی گەردوونەوە

بۆ ئەسرین مەسیفی
(١٤-٦-١٩٨٠ تا ٢٦-٤-٢٠٠٢ ژیا)

ڕۆژێ
ئەگەر هاتم بۆ دیدەنیت
لەوێ، لەو وڵاتەی ورشەی ئەزەل
پلپڵەی تاریکایی زێڕبافت دەکات،
چیت بۆ بێنم؟
چەپکێ گوڵی حەوڕەنگی ڕێزمان،
یا شووشەگوڵاوی نیوەچۆڵی مێژووی نیشتمان؟
لەوێ، ئیتر، خەون بە ئازادیی گیاوە نابینی،
چاوەڕێی هەڵکردنی سروەیەک ناکەیت
بێت و مەستانە پەڕەی گوڵاڵە فێری چێژی مەرگ بکات.
دەزانم خاشخاشی بیرەوەریت
بە چراخانی شارستانێتی دەژاکا،
سێوی خەونەکانت
بە کزەبای بیروباوەڕە زبرەکانی ئەم جیهانە نوێیە
دەڕووشا.
نیشتمان لەناو دڵتا تۆوی بنجێ ڕەیحانەکێویلە بوو

لە باخچەکەی خواوە دوو چنگ خۆڵەسوورەت
بۆ دەهێنا،
لە خۆری ئەم سەدەیەوە باوەشێ تیشکی ڕەنگاوڕەنگ و
لە هەوری عەشقەوە تاوێ بارانی بۆندار.
لەوێ دەبیتە ئاشنای غەریبی و
لەگەڵ ئارەزووە خاکییەکانت ئاشت دەبیتەوە.
هەر برینێکی دڵ ئێستا چرایەکە، گەش و ورشەدار،
هەر ئەسرینێکی چاو چرۆیەکە بە نەمامی حەزەوە.
ئێستا، ئیتر، ئێرە و ئەوێ
دوو شاری یەکڕەنگن
لەسەر نەخشەی یادەوەریی گەردوون،
دوو گەڕەکی هاوشێوە و هاوناون لە شاری شەفەقدا.
لێرەیش هەر عەشق
لەوێیش هەر عەشق.

بۆ نەهاتی؟
پێکەوە نەخشەیەکمان دادەنا
تا کەسێ نەتوانێ
بۆنی بارووت و بۆنی مێخەک پێکەوە بەراورد بکات،
کەسێ نەوێرێ
پردەکانی سەدەی بیستویەکەمیش بڕووخێنێ.
تا جارێکی تر، نە گەورە و نە بچووک،
کەسێ دەست نەبات هێشووی هاوارێکی هەورێشمین

له ڕەزی ڕاز بکاتەوە.

ئێوارەیەکی سێورەنگی چاوخەواڵوو بوو
دەنگی مەرگت شووشەی پەنجەرەکانی دڵمی هێنایە
لەرزین.
دەمزانی کەوتوویتە شوێن
هاوکێشەیەکی میتافیزیکیی بێڕەنگ و بێبۆن و بێناو.
دەمزانی تازە ئیتر نایەیتەوە،
سەر نادەیتەوە
لە هاوڕێکانت، لە کەسوکار، لە دانیشتووانی
ئەم سەرزەوینە،
چونکە هەموو، هەر هەموو، سەرلەبەری شتەکانی
خۆتت
بە جێ هێشتبوو:
زەردەخەنەی شەرمن، خۆشی و گەشەی کەنیشکانە،
دەفتەری ڕێزمان، بێهومێدیی جاروبار،
چەند پەیامێکی ئێلێکترۆنی و
تەمەنێک دەڵێی مروارییە بە گەردنی گەردوونەوە
دەلەرێتەوە
کە شنەبای بیرەوەری هەڵدەکات.

سۆڵلەنتوونا ١٦-٨-٢٠٠٤

# هەناسەی بەرەبەیان

چەمێ ڕووناکایی نەبوو
بێت
ئەم چۆڵەوانییە پڕ بکات لە خوڕەی مانگەشەو
لە هاژەهاژی هەتاو
لە چۆڕێ شنەی ڕۆح و
لە تەزووی گریان.
زەریای ڕەنگێ نەبوو، بخرۆشێ،
ڕەشاییی ئەم گەردوونە بسڕێتەوە و
هەر ئەستێرە و هەر زەوی و هەر ئاسمانێک
بە رەنگێکی تازە بنەخشێنێ.
ئێرە سەرەتای وشکەساڵی تەمەنە،
کە گەڵای مانگەکان دەسیسێن و دەوەرێن.
لە تاریکیی ئەم نیوەشەوەدا نەبێ
پڕیشکی گیان، ئیتر زمانی ئاگر چۆن فێر دەبێت...؟
سەمای گڕ
بە چواردەوری ئەم نوختەیەدا
هەموو کەنارەکانی گەردوون دێنێتە هەژان و
بازنەی ئاشنایەتی

دەكاتە پەرستگای دڵ.

مـــەلی ناشـــارەزای دڵ لـە مـــێـــرگـی ڕازســـتـــانـی شـــاری زانینـدا تـروسكـەیەكـی بە دی كـــرد، وای زانـی گـــەوهـەری گـــوڵە. بـە باڵـی سـەرخـۆشـی هـەڵفـڕی. هـەمـوو ئاسمانەكـانی بڕی. تووشـی سـەرگـێژی و شـــەواره بـوو، ئاواره بـوو. دەنووكـی ئـارەزووی درێژ كـــرد پـەڕەی گوڵێ هـەڵگرێ، چقڵی گومان لە سـەردڵی گیر بوو. نە گەوهـەری بینـی و نە گـــوڵی دەســـتـگیـــر بـوو. پشـكـۆ بوو. بە پـڕیشـكێ هـەردوو بـاڵی هـەڵكـڕووزا. چـاوانـی بە دووكـەڵـی بێـئـومـێدی ژانـی شـكـانیـان تـێ زا. ڕووی لە چیـمـەن وەرگـێڕا. ڕووی كـردە هـەواری خـاپووری یادی گـوڵ، گـریا بە كـوڵ. بە چریكـەی نـیـوەشــەوێ هـەتا تـوانیی شـیـوەنێـكـی بۆ تەمـەنـی سـووتـاوی خـۆی گـێڕا، لە دەشـتـی تەمـداگـرتووی ئەبەددا بـوو بە زایەڵەی پەشیمانی.

بارانێ نەهـات خـەونـی خـاک ببەخـشێـتە گوڵـی خـاشـخـاش، هـەنـاسـەی بەرەبەیـان بدا لە بەرۆكـی دارچـنارێ، نوێـژێكـی تازە دابـهـێـنـێ، نـاوی بنێ نیگای بێگەردی ئاوێنە.

سۆللەنتوونا ١٦-١٢-٢٠٠٤

# خەونێک بۆنی شەوبۆی لێ دێت

تۆ خۆرهەڵاتی تەمەنمی
کە دێی، ئارەزوویەکی گەش
لەم جەنگەڵەدا دادەگیرسێنی؟
یان
ئەستێرەیەکی سەمازانی،
ئاسمانی خۆرنشین شێتی لەرینەوەی باڵات دەبێ؟
بیرەوەریم
بە تیشکی سپیی دڵدانەوەیەک دەشۆیتەوە.
لەگەڵ هەورێکدا دێیت
شەوگارم نماوی دەکەیت و
تاریکولێڵ لەگەڵ شنەبایەکی خەواڵوودا دەڕۆی
خەونێک بۆنی شەوبوی لێ دێت
لەم ماڵە تۆزاوییەدا بە جێ دەهێڵێت.
دەنگم لەناو دڵی بەردێکدا دەشێرمەوە
بەشکەم ڕۆژێ،
بەشکەم ساڵێ
چرۆ بکات و گوڵ بگرێ.

سۆڵلەنتوونا ٢٠-١٢-٢٠٠٤

# نازانم

نازانم ڕەوا بوو یا ناڕەوا؟
ڕاست بوو یان ناڕاست؟
دەبوو هەر ئەو ڕێگایە بگرمە بەر، پاییزێ
منی گەیاندە ئەم بەردەڵانە...

٢٠٠٥-١-١٧

# مەملەکەتێ لە ئاونگ ناسکتر

ئاڵایەکی زەردی سپاردە دەستی با
دەیویست نەخشەی
مەملەکەتێ بکێشێت
لە تەم فراوانتر و
لە ئاونگ ناسکتر،
لە ڕۆژهەڵاتەوە نێرگز هاوسنووری بێت و
لە ڕۆژاوایشەوە بەرامەی شەوبۆ.
ئێستا لە کەلەبەری ڕەنگ و بۆنەوە دەڕوانێت،
هەر تەم دەبینێت... تەم.

٢٠٠٥-١-١٨

# وەرزی نماوی

بیرەوەریی ئەو هەورە ماندووانە مەڕووشێنە!
نەوەک پوازی بارانێ
سەرپۆشی گوڵینی یادەکانت بریندار بکات؛
پشکۆی تەرزەیەک
ڕازە ڕچاوەکانت یەک لە دوای یەک
تەفرە بدات.
کولووەبەفر دەبێتە کلیلە و
دەرگای وەرزی نماویت لێ دادەخات.

٢٠٠٥-١-١٨

## بۆنوبەرامەی ئەلفوبێ

ڕۆژێ دێ
تازە ئیتر پەشیمانی دادت نادات.
نە شنەی با ئاشت دەبێتەوە و
نە مۆمێک دێتە سەردانی
تاریکاییی ماڵەکەت.
ڕۆژێ دێت
نە ڕێزمان دێ بە هاناتەوە و
نە فەرهەنگ وشەیەکت بۆ ڕوون دەکاتەوە.
دەرگا و پەنجەرەکان دامەخە!
با شنەبای زمان،
بۆنوبەرامەی ئەلفوبێ و
خورەی زەردەپەڕ
لای تۆ ڕۆژ بکەنەوە.

٢٠٠٥-١-١٩

# کۆمەڵێ سێبەر و تارمایی

چیم پێ ماوە؟
لە دەستەسڕە سپییەکانی ڕۆژانی منداڵیم،
لەو بەردە بێدەنگانەی
ئاشنای زەوی و با و گەرما بوون،
لە پرسیارە بۆنخۆشەکان و وەرامە بێڕەنگەکان.
شەوانە، درەنگانێ،
لە خۆم دەپرسم؛ چیم پێ ماوە؟
تەماشای قەفەسی چۆڵی هەستەکانم دەکەم؛
لە ژوورەکەمدا کۆمەڵێ سێبەر و تارمایی
دێن و دەچن، دەڵێی
لە کتێبی شەرەفنامە هەڵهاتوون و
هاتوون لێرە پەنایەک بدۆزنەوە.
لێیان ورد دەبمەوە،
ئەمانە وێنە ڕەشوسپییەکانی جارانی خۆمن،
بە ڕچەی یادەکانما هەڵکشاون
تا ئەم لووتکەیە.

٢٠٠٥-١-٢٣

# کەی کەسێک دێت؟

نابڕێتەوە
ئەم لێڵاوەی ئەم کەنار تا ئەو کەناری کردۆتە ماڵ،
بەردەباز تل پێ دەدات و بوارەکان کوێر دەکاتەوە.
نابڕێتەوە
ئەم هاڕەهاڕی بەرداشەی ناهێڵێ گوێ لە خۆم بگرم،
ئەم ڕەشەبایەی
بوار نادات چاوێ بە جوانیی دارودەوەندا بگێڕم.
ببمە ئاشنای ئەم خەڵکە و ئەم شارە.
ناڕەوێتەوە
ئەم تەمەی ڕووناکیی ئاسۆ دەکاتە کوانوویەکی دامرکاو
نیگای خەوڕێژی زەوی چەوڕێژ دەکات.
چاوەڕوانی چی بم؟
کەی پەڕەسێلکەیەک بە گەڵایەکەوە دەگەڕێتەوە؟
کەی کەسێ دێت ئەم کوڵبەیە دابخات؟

٢٠٠٥-٢-١٢

# بەردەنوێژ

لەسەر بەردەنوێژێک، لەو گەرمیانە
بەردێک بە جێ مابوو،
نەیدەزانی
نوێژی شەشەم بووە یا هێشتا ماوێتی.
نوێژێک بە دوای بەردێکدا دەگەڕا
حەز بکات فێری بانگدان بێت.
لەسەر بەردەنوێژێک،
بەردێک و نوێژێک یەکتریان بانگ دەکرد،
یەکیان نەدەبینی،
گوێیان لە بانگی یەکتر نەبوو،
یەکیان نەدەناسی.

٢٠٠٥-١-١٧

بێ

# سیپاڵێ بووم

جارێ لە پەردەی ڕازەوە وەرە دەرێ
خۆ من خۆییم، بێگانە نیم.

ئێستایش بیری ڕۆژێ دەکەم سیپاڵێ بووم
لە دەرکەی مەیخانەیەکدا...
دەبێ بەدمەستیم کردبێ پەڕەوازەی ئەم جێیە بووم،
من ئەورەییم،
من  خەڵکی ئەم ناوانە نیم.

تەمووزی ٢٠٠٤

## دارستانی تاسە بە سروەی یادی یار دەشنێتەوە

لە کەناری بەرماڵی تۆپەرستیدا گەوهەرم بۆ ڕۆ دەکەیت، خۆ دەزانم دانەی داوە. دەتەوێ چاو و هەست و بوونم بکەونە بەر تریسکەتریسکی گەوهەری بەندەگی و شەوارە بکەن؟ یا ویستی پادشایەک لەگەڵ زەبوونیی غولامێکی بێزمان بە تەرازووی ئەزموونگەری بەراورد دەکەیت؟

نە زمان گۆ دەکات و نە دەست و هەست. نە چاو بڕ دەکات و نە هۆشی مەست. دیلێکم لە شەڕی خۆپەرستیدا گیراوم. ملکەچی فەرمانی نێزەدارانم و سەرسپاردووی هێز و توانستی شیربەدەستان. لەوێ، لە شەڕگەدا، ئەوەی نیشانەی شانازیم بوو دۆڕاندم. خۆم دایە دەست شنەی بەرزەفڕانەی خۆڕزگارکردنەوە؛ نە ڕزگاریم کەوتە دەست و نە باڵندەی (خۆ) گەیشتەوە هێلانەی خاپووری (م).

لە کەشتیی تێکشکاوی دیلبەردا، چارۆکەی ڕۆح بە هەوای تاسەی دڵبەرە دەشەکێتەوە. لە ڕیزی بەند و دیلاندا سەرکز و مات، چاوەڕوانم لە بەندەری دڵاندا دەست گیر بکەم لە هەودای حەز و ئاوات.

ئەم بەرماڵە دەبێتە گرێی زەردوسوور و بەر دەبێتە نوێژ و نزاکانم. دەمویست ببێتە ڕێگەیەک لە ڕۆیشتنەوە تا گەیشتن، ببێتە پەیژەیەک لە چاڵی تاریکییەوە تا کەشکەڵانی ڕووناکی، لە زیندانی دەیجوورەوە تا

مـەملەکـەتی نوور. لە دەروازەی شـارۆێرانی نەزانینەوە چاو دەبڕمـە ئاسۆی نزیک و دوور، بارانی نیشانان بەسەر کێڵگە و دێبەری هۆش و ئاوەزدا دادەکات. پەلەوەری ئاشنـایی ئاشیـانی دڵ بە جێ دەهێڵێت و بەسـەر داری خۆناسینـەوە دەنیشێتـەوە، گەڵابەگەڵای دارستانی تـاسە بە سروەی یادی یار دەشنێتەوە.

سۆللەنتوونا ١٢-٨-٢٠٠٤

# ڕەشاییی نەزانینە بە ئاوێنەی دڵەوە گیرساوە

گوژمەتیشکێک بە سەرسامی لە کێڵگەکانی گەردوون ورد دەبێتەوە: بۆنوبەرامەی دەوەنی ڕووناکییە لە درزی ڕەشاییی شەوگارەوە، هەموو زیندەوەرێک مەست دەکات. ئەم ڕەنگانە نەخشی تەخت و بەختی مەیخانەکەی دوێشەون، بۆیە وا چاو فریو دەدەن، بیر دەئاڵۆزکێنن و کرۆکی دڵ دەدوێنن.

دەست بۆ بشکۆژی ڕازێ دەبەم، دەڵێم ڕەنگە جاریّ ئەم ڕەنگە داگیرساوە خۆیم بە ڕووتی پێشان بدات، دەبێتە پشکۆیەک سەرپەنجەکانم دادەگیرسێنێ، دەبنە چەپکێ چرا بە دەم تەزووی ژانەوە دەکوژێتەوە. لە خەیاڵی کام ئاوێنەدا بۆ گەردەی پرشنگی ناوت بگەڕێم؟ لە چۆڕاوگەی کامە باران پرسیاری بناوانی هەور بکەم؟ لە دڵی تاوێری گومانەوە باوەڕ، دڵۆپ دڵۆپ، دەتکێتە خوار.

لەنێوان ئاو و ئاگردا ڕامدەگری، پێم دەڵێی نەکەی پەنا ببەیتە بەر خەیاڵی تافگەیەک، ئەو برینانەت بە هەناسەی گڕ سارێژ نەکەیت! نا... برینی ڕۆح لە خەندەی ئەم زەوییە کۆنترە و لە ژانی گەردوونیش بەسوێتر. ژانی ئاورێشمی ڕۆحە دەیدەی بەسەر دڕکەزیی گوناهدا، لە خومخانەی ئارەزووەکاندا هەڵیدەواسی.

ڕەشاییی نەزانینە، پەڵەپەڵە، بە ئاوێنەی دڵەوە گیرساوە؛ نایژمێرم.

دەزانم هەمــوو ســاڵانی تەمــەن گـیـرۆدەی دەردێکم بە دوورِدی پیــاڵەی ئاشنـایەتی، مــەگــەر، چارەی بکـەم. چاڵی مـەرگـە بەردی تەمــەنی تێ دەکـەوێ، هـەتا دەڕوا هـەر زرنگەی دێ، ناگـاتە جێ. دادەچڵـەکێم، ئەمـە خشـەی باڵی ڕۆحە سـەر هەڵدەگرێ؟ یا زەنگی کۆڕی مەینۆشانە دەڵێ: جامی ژەنگاویی ژینت بڕێژە، مەینۆشە!

سۆڵلەنتوونا ١٠-١٠-٢٠٠٤

# ئەم گێتییەی شەویشی پەنای خەونێک نادات

نایەی ببیتە نیشتمانی
ئەم ڕۆحە وێڵ و هەراسانە.
نایەی
لە خەونێکی کورتی بەهارەدا
مێژووی هەموو وەرزەکانم پێ بناسێنی و
ناوی گشت ژانێکم فێر بکەیت.
لە خەمی دەشت و شۆرەکاتا شێوەت دەکەم،
لە نیگەرانیی لافاودا
بە دیت دەکەم و دەتناسمەوە.
وەرە، ئەم گێتییەی شەویشی پەنای خەونێک نادات
خاپوور کە!
تەنیا هەر پردێک ماوە
لەنێوان شارەکەی دڵ و ئەو وێرانستانەدا،
بە ئاڵووالای بەڵێنێک ڕەنگڕەنگی کە!
پێش ئەوەی دڵیش
لەم چۆڵەوانییەدا
ڕێگای عەشقی لە بیر بچێتەوە.

سۆڵلەنتوونا ١٧-١٠-٢٠٠٤

# شەوێ ئەسکڵێک بنێرە، بێتە خەوم!

ئەم دڵەم چۆن
بە درەوشانەوەی تاکە حەرفێکی ناوت
نەبێتە فەرهەنگی گڕ،
نەبێتە سووتووی ئەلفوبێ و
زەریای پەشۆکاوی زمان؟
چاوی ترس و پاڕانەوە دەبڕمە چۆڵەوانیی گەردوون
سەرتاسەری دارستانی ڕازە،
بۆ گەڵایەک دەگەڕێم مێژووی سەوزی دڵ ئاشکرا بکات.
چاو دەگێڕم تروسکەیەک بە دی ناکەم
مەرزی نێوان تاریکی و ڕووناکیم پێشان بدات،
بە پڕیشکێ ئەم چرا خامۆشە داگیرسێنێ.

لەناو پشکۆیەکدا بە دیت دەکەم
گەرمی و سوورایی و گڕیت.
لە کڕێوەی زستاندا وشەیەکی سپی و
لە لێڕەوار و جەنگەڵ و دارستاندا نەوایەکی سەوز.

ڕۆحم وەکوو پەڕۆیەکی چڵکن
بە بزمارێکی ژەنگاویدا هەڵدەواسم و

به جێی دەهێڵم
بەڵکە بە باوبۆران، بە تەرزە و ڕەشەبا،
بە گڕە و بە قرچەی هاوینێ
بچێتەوە سەر ڕێگەکەی جاری جاران.

شەوێ ئەسکڵێک بنێرە، بێتە خەوم
با ئاگر بەر ببێتە ڕۆژەکانم.

سۆڵلەنتوونا ٢٤-١٢-٢٠٠٤

# تۆ کە چرایت

نە دەستبەرداری هۆشم دەبیت و
نە دەبیتە دۆستی دڵم.
بێ تۆ کەی هۆش دەپشکوێت و
دڵ چۆن دەبێتە دۆست؟
تۆ کە چرای
وەرە ئەم کونجە تاریکە
چۆرێ ڕۆشنایی نیشانی ڕۆحم بدە!
کە تاریکی نەما ئیتر تیشک و چرا بۆ چین؟
من کە ڕۆژگارم هەموو مەستی ناوبانگ و ناوتە
شەووڕۆژم هەر ئێستا لێ بسێنەوە!
دڵ خوماری یادی تۆ بێ،
نوێژ و نزا بۆ چین؟

٢٠٠٥-٢-٣

پێ

# شەوەزەنگێ برووسکە بوویت

جێژوانم بۆ دانەنابووی
بێیت
دارودەوەن بە تەمێکی زیوین بڕازێنیتەوە...
چاوەڕوانت نەبووم ببیتە سروەیەک
ئەم زیندانە نسرمەم
بکەیتە مافوورێکی گوڵگوڵیی بەرامەدار.
شەوەزەنگێ، برووسکە بوویت،
ئەم چۆڵەوانییەت کردە نیشتمانێک
بۆ دارستانی تیشک.
لە پەنجەرەی خەیاڵەوە وەرە ژووریێ!
چیرۆکی ڕاستی ڕابوردووت بۆ دەگێڕمەوە و
ڕازی بێناوی ئێستاکەت بۆ دەدرکێنم.

٢٠٠٢-١١-٢١

# دەڵێی لە باوە فێری بێڕەنگی بوویت

دەستگیر نابیت،
دەڵێی لە باوە فێری بێڕەنگی بوویت،
گەڵا وەریوەکانی پاییز دەخەیتە لەرینەوە،
لە ئەستێرەیشەوە فێر بوویت، خۆت بدەیتە پەنا...
دەڵێی
هەرچی هەست و خۆزگە و ئارەزووت هەیە، هەموو
بە زمانی باڵندەیەکی کێوی دەڕەنگێنی...
شەوانە
پەنجەرەکانی ئەم دێرە نووتەکە
هەناسەسارد دەبن
کە ناهێڵێ گوژمەتیشکێک
لە دڵیاندا ببێتە چراخان.
بەم شەوگارە ڕوومەتی تۆ دەخوێنمەوە...

مانگی دووەمی ٢٠٠٣

## ناهێڵی چاو ببڕمە ئەستێرەخانەکەی دڵت

خۆت لە گۆمی زیو هەڵکێشاوە،
یا
لە مەیخانەی ئاشنایەتیدا بوویتەتە مۆم،
دەدرەوشێیتەوە،
پەردە گەردگرتووەکانی دڵم تیشکپرژێن دەکەیت؟
نە ڕازێکم بۆ دەدرکێنی، نە دەهێڵی
چاو ببڕمە ئەستێرەخانەکەی دڵت.
نازانی چۆنە کە شەو بە بەرچاومەوە دێت و
بەسەر دوندی ئەم گەردوونەوە هەڵدەنیشێ.
تاوێ ڕوو بکەرە ئەم نێرگسە پەژمردەیەی
من پێی دەڵێم دڵ،
سەرتاپێی مێژووی ئەم سەرزەوییە
بۆنوبەرامەی عەشقی لێ دەنیشێ.

تاریکایی لە نەمامەکانی سەر ئەم ڕێگەیەی نێوانمان
ئالاوە، نە گوڵەتیشکێک دەپشکوێت و
نە بشکۆژی لێوێک.
دەڵێی هەر گوڵبنێ نیگارێکی تۆی
لە بیرەوەریی خۆیدا هەڵگرتووە،

دەڵێی هەر جۆگەیەک
بە دووی نیگایەکتا وێڵە.

سلێمانی ٣١-٧-٢٠٠٣

# که شەوگار دەبێتە هاودەمی خەیاڵت

هەور نیم
بە تاوەبارانێکدا
نامەی دڵداریت بۆ بنێرم.
ـ سەرنجی هەورەکان مەدە
بە بەرۆکی ئاسمانەوە
جێپەنجەی عەشقێکی زەریایین.
ئاسمان نیم
ئەو نیشتمانە سپیکارەی
بە تاریکی داپۆشیویت
ئەستێرەباران کەم.
گەڵا و لقوپۆپی دارێکی پەژمردوو نیم
لە خەیاڵی بێڕەنگی ئاودا خۆمت پێشان بدەم.
دووراودوور
لە خەونی ئێوارانی قەڵەمدا
پۆلێ حەرفی پەڕەسێلکە
بە دەوری پەپوولەکەی ناوتدا
فێری هەڵفڕین دەبن.

که شەوگار

دەبێتە هاودەمی خەیاڵی تۆ لە دڵما
دەڵێم چۆنە کە سپێدە بە تیرێژ
دڵی شەوگار و دڵی من شەق ناکات؟

ئەتێن (ئەسینا)، یۆنان: ١٤-١-٢٠٠٤

# من دەبمە تنۆكێ تیشک

كە تۆ لە بەندەری زەردەپەڕدا چاوەڕوانیت
بێم و پێكەوە
ڕوو بكەینە ئەو وڵاتەی خۆری لێ دەنیشێ،
من دەبمە تنۆكێ تیشک،
بە ئەگریجەی تاریكییەوە دەدرەوشێمەوە.
نایێتەوە بیرم كەی بە نمەی بارانێكدا
بۆنی شەوبۆ و
بۆنی قەدەح و
گوڵاوی عەشقم بۆ ناردووی...
نایێتەوە بیرم كەی بوو نزای نەمامێک و
دەردی دەوەنێكت ڕاسپارد،
ئیتر نەیێمە سۆراخی سوورایی ئاسمانی ئێواران،
چیی دی
لە هێوربوونەوەی هەڵاڵان نەپرسمەوە.
لەوساوە كە تۆ
هەوروهەڵات كردووەتە سەیوانی سوور و سەمات
من كڵپەیە وا بوو بە نشینگەی خەوەكانم،
تارمایی زەوینێكە بووەتە نیشتمانم.

سۆللەنتوونا ١٩-٤-٢٠٠٤

## کتێبی بارانڕەنگی عەشقی تۆ

نە خۆر
دەتکاتە ڕووبارێ تیشکی بۆندار،
نە مانگ دەتکاتە لەرینەوەیەک لە گۆمی تریفەدا.
لە دارستانا ببیتە گەڵایەکیش، پاییزانێک
هەڵدەوەرێیت و دەپرووێیت.
خۆت بۆ کامە وەرز هەڵگرتووە بێت و هەڵتبگرێ؟
کرێوەی زستانان
بە زریزەیەکی زیوین
دەرگا و پەنجەرەکان کە دادەخات، کێ دەروویەک
دەکاتەوە؟
پاییز نایێ
گوارەیەکی زێڕین بە دارسێوی تەمەنتا هەڵواسێ.
چرایەکیت، ناچیتە ژوانی ڕووناکایی،
بنجێ شەوبۆیت، شەونمی شەوی بەهاران
لە خەونێکدا دەلاوێنیتەوە.
دەبیتە پەیکەری با
لە جەرگەی بێدەنگییەکی تاریکدا دەبریسکێیتەوە...
منم شەووڕۆژ سەرنجی چوارکەناری

ئەم زیندانە دەدەم
بەشکەم تروسکەیەک، پڕیشکێک
بە دی بکەم،
ڕچەیەک لەم تاریکستانەی دڵدا ڕۆشن بکاتەوە.
دەزانیت، ساڵانێکە، دووراودوور
کتێبی بارانڕەنگی عەشقی تۆ دەخوێنمەوە.
شنەبایەک دەنێرم
بۆنوبەرامەی ڕستەیەکم بۆ بێنێت،
ڕەشەبایەک ڕادەسپێرم
ئایەتی تاسەم بە زمانی گەڵا بۆ لێک بداتەوە.
گوێم لێیە کە دار دەگری، کە بەرد دەگری،
چۆڵەوانییە، دەڵێی، گەردوون کە کەسێک
دڵ ناداتە گریانی دڵی من.
کە دیار نییت، کە ناتبینم، بە دیت ناکەم، دەزانم
کەسی کەی تیا نییە ئەم شارە، بێ تۆ.
لە دارستان دەپرسم، دەڵێم بەشکوو
بەرامەیەکی تۆی لە یادەوەریی خۆیدا هەڵگرتبێ.
گڕ پێم دەڵێ
لە سووتماکی تەمەنت ورد بەوە، نزای دەوەنە
وا شەوانە دەبێتە زایەڵەی شنەی با.
نابیتە پەڵەهەورێک
بە زمانی زەریا ڕازی گەڵاڕێزان ئاشکرا بکەی،

نابیتە ئاگرێک
گڕ بەر دەیتە گیان و پەردەی دڵ بسووتێنی.
لەم وێرانەیەدا
تەنیا بێدەنگییە بتناسێتەوە
کە نیگاری بیرەوەرییەکت دەبریسکێتەوە
لە درزی دیواری خەونەکانمدا.

سۆڵلەنتوونا ٢٤-٤-٢٠٠٤

# پردێ لە گوڵ هەڵنابەستی

ببە بە هەور
هەر چوار کەناری ئاسمانم لێ بتەنە، ڕەش و
خەفەتاوی
با گزنگ نەگاتە ئەم دارستانە خۆڵەمێشینەی
نە لە سەوزایی دەگات، نە ئەلفوبێی گەڵا فێر دەبێت و
نە دڵدانەوە دەزانێ.
با پەنجەرە خەواڵووەکانی ئەم خەڵوەتخانەیە
ناوی زەردەپەڕیان لە بیر بچێتەوە؛
ئەم دیوارە دەغەزارانە لە تاریکاییدا
بپوێن و بپروێن.

ئەمە پاداشی ساڵانی خەو و بێداریمە بە دیار
دارودەوەنی ئەم چۆڵەوانییەوە،
بەشکەم تاریکایی گۆپکە بکات ـــ بە خۆمم دەوت،
بەشکەم تەنیایی ببێتە پەرژینێک ئارەزووەکانم
گل بداتەوە...
نەهاتی ببینی
کە چۆن لەم پاییزە هەورینەدا
زمانی مۆم و زمانی پەروانەم لە بیر چۆتەوە،

نە چرایەک دەمدوێنێ
نە گۆڕستانێک بستێ زەویم پێ دەبەخشێ
ئارامی تیا بگرم.

لە شەوگاری ئەم سەرزەوییە بپرسە!
چۆن ئێشکگر بووم: تا مانگ و ئەستێرەکان
پەنجەرەی بالاخانەکەی،
سپێدەیەک، ورشەباران نەکەن؛
نەوەک خۆر گۆلاوەکانی ئەمدیووئەودیوی
پڕ بکات
لە بەردی زێڕین
لە چەوی زیوین
لە لمی تیشک.

بۆ دەمسپێریتە خەمی کۆڵانە تەسکەکانی شار؟
ئەی بۆ نامسپێریتە زەردەی ئێواران؟
بۆ نامکەیتە ئاشنای
نیشانەکانی نەخشەیەکی ڕەنگاوڕەنگ؟

بیدرکێنە! تەنیا لای منی بدرکێنە! ئاشکرای ناکەم،
چۆنە: ماسی و زەریا/
خەون و خەو/ پەلەوەر و شینایی ئاسمان/
زەوی و باران/
هەزاران ساڵە دۆست وئاشنا و دڵدارن،

قەتیش یەکتریان زویر نەکرد، لە یەک نەتۆران،
دڵی یەکتریان نەئێشاند؟

چی لە هەورێ بکەم
شووشەی چۆڵی ڕۆحم پڕ نەکات لە بارانی گوڵاو؟
شنەبایەکم بۆ چییە
ژێیە وشکهەڵاتووەکانی دڵم نەخاتە لەرینەوە؟

دەبیتە کزەبایەک،
نایەی دڕزێ بخەیتە پەردەی ئەبەنۆسیی شەو
تروسکەی فەنەری ئاوەدانییەکی لێوە بە دی بکەم.
دەبی بە هەور
پردێ لە گوڵ هەڵنابەستی، بێم، بەسەریا بپەڕمەوە
لە ڕۆخی میهرەبانیتا بۆ مەرگی خۆم بگەڕێم.

٢٠٠٤-٧-٣١

## لەوێ، بای شەماڵیش هەناسەسوار دەبێ

مەمبە بۆ سەحرا دوورەکانی ئەو وڵاتانە!
من زمانی لم کوا دەزانم؟
بەڵێنە زەردباوەکانی هاوین چۆن بناسمەوە؟
مەمبە بۆ کۆڵانە تەسکەکانی دووری
لەوێ، بای شەماڵیش هەناسەسوار دەبێ و
دەنگم وشک هەڵدێ.
لێرە، لەم ژاوەژاوەدا
گوێ لە چرپەی دڵم بگرە، ڕازی خوڕاوت بۆ
دەگێڕێتەوە.
تا کەی تیشکی ئەم چرایە شاراوە بێت؟
تۆ نایبینی؟ دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ

دەچی بۆ مەملەکەتی ئاو و لم و با و ڕووناکایی،
چەپکێ گوڵاڵەسوورەی دەشتی مێژوو دەچنیت و
لە گوڵدانی تاسەتا
دەبنە ئاشنای مێرگی سالانی منداڵیت.
دەچیت، ڕوو دەکەیتە ڕۆژهەلات
ڕوو دەکەیتە دەوەنە نوستووەکانی هۆگری شەو
گزنگ دەدەیت لە بەرۆکت

زەردەپەڕ دەئاڵێنی لە باڵات.
شاری باڵندەکان، شاری گوڵەکێویلە و
مرواریيە چاونەپشکووتووەکان
دێ بە پیریتەوە...
کەنار کەفی زەریات پێ دەناسێنێ،
بەندەر کۆچی یارانت دێنێتەوە بیر.

لێرەیش ڕووبارێکی تاکوتەنیا و سەرمابردەڵە
لە کۆچی وەرزە شین و پاراوەکان بە جێ ماوە.
پشکۆیەک نییە گەرمایی ببەخشێتە پەلوپۆی،
چرایەک نەماوە شەوانە بەرپێی ڕۆشن بکاتەوە.

نە برووسکەیەک ئەم دڵەم فێر دەکات گڕ بەر بداتە
خۆی،
نە دارستانێ سەوزایی دەبەخشێتە ئەم ڕێگای
سەدساڵەیەی نێوانمان.
هەر چاوەڕێم
شەو بێت و
دەست بگرم بە دەزووی ئاورێشمینی خەونێکەوە...

سۆلەنتوونا، سەرەتای هاوینی ٢٠٠٤

# هاژەی ڕووبارێک ڕادەسپێرم

تۆیش، دەزانم، وات دەزانی
بوارێکە. لێی دەپەڕیتەوە و ئیتر
نە ڕووبارێ دێتە ڕێگات و نە شەپۆلێ
دێتە خەوت.

منیش، دەزانیت؟ وام دەزانی
پەڵەهەورێکیت، هۆگری بەرزایی
نە دادەنەویت
خۆت پێشانی ترۆپک و دەشت و بیابان بدەیت،
نە ڕادەوەستێیت
تەماشایەکی ڕەنگزەردیی شاران بکەیت.
ئێستا ئەوە ساڵانێکە
نەرمەگیای ئارەزۆ
لە کەناری جۆگەلەی تیشک دەڕوێ.
هەموو بەرەبەیانێک
هاژەی ڕووبارێک ڕادەسپێرم
گزنگت پێشان بدات.
ساڵانێکە
هەموو وەرزێکم کرێوەیە،
هەموو ڕۆژێکم بارانە.

٢٠٠٥-١-٢٨

# با نایەوێ پەیمانشکێن بێت

با نامرێ
تا گوێ لە هەموو ڕازونیازی دارستان و
ڕووبارەکان نەگرێ،
تا چۆڵەوانی و بیابانەکان بە سەر نەکاتەوە.
با نامرێ، تا لەسەر گوێسەبانەی ماڵی تەنیاییم
نەنیشێتەوە... نهێنی تاریکەشەوم بۆ لێک بداتەوە.
با نامرێ... تا ناوی هەموومان یەک یەک
لە بەر نەکات،
تا لە پەرستگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا
نوێژ دانەبەستێ،
تا فێر نەبێت جیاوازیی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ
لە زمانی خەڵکی شاخستاندا چییە...
با نامرێ و نایەوێ
دۆستایەتی لە بیر بکات، نایەوێ پەیمانشکێن بێت.
با گشت دەنگەکانی هەڵگرتووە، هیی ئێستا و
هیی ڕابوردوو،
ڕۆژێ
هەموویان دەخاتە بەردەستی خودا.

کێ، ئەوساکە، دەتوانێ بڵێ: نا،
من وام نەوتووە.
ئەو ڕۆژە دەردەکەوێ: من بووم
بە ئاگری عەشقی تۆ سووتابووم،
ئاشکرایش دەبێت کە تۆ بوویت دەتوت نا.

٢٠٠٥-٢-٤

# دێیت و دەچیت

بەم هەرێمەی ئێمەدا دێیت و دەچیت،
چۆنە دار و دەوەنی نایێ لە دووت؟

٢٠٠٥-٢-٦

# ئەم تاریکییە ناهێڵێ لە دوورەوە بە دیت بکەم

نازانی چەند تاسەباری ئەوەم ئەمەی ناوی دەنێم دابڕان ببڕێتەوە. دەزانم هەر لە خۆمەوە ئەستێرەیەکم بە بەرزاییی ئاسمانەوە دیاری کردووە و ناوم ناوە مروارییەکی تاکانە. چەند دوورەدەستی، نزیکی خەیاڵی سروەڕەنگی شەوپێوی منی. چەند ئاشناتم، هەر دەمسپێریتە شەوێکی بێئەستێرەی بێگانە. چاو بۆ بڵێسەیەک دەگێڕم لەم شەوەزەنگەدا داوێنی ئاسمان ڕووناک بکاتەوە، چنگێ تیشک و گەرما ببارێنێ بەسەر ئەم ڕچەیەدا کە تاو لە دوای تاو تاریکتر دادەگەڕێ و سەر لە ناشوێنێکەوە دەردەهێنێ. دەبیتە هەور، دەمکەیت بە وشکانی، جارێ، لە نیوەشەوێکدا، بە تاوەبارانێ نامدوێنی، نایەیت بەرەبەیانی ڕۆژێ بە برووسکەیەک بێدارم بکەیتەوە. لە ئاسۆی تەماویی شاردا بۆت دەگەڕێم، لە دێڕەشیعرێکی داگیرساودا دەتبینمەوە، هەڵمێکی ڕەنگداریت بە هیچ دەوەنێک و بە چڵــــەپۆپەی هیچ دارێکەوە ناگیرسێیتەوە. چاوەڕێت بووم ناوی خۆت لەسەر پەڕەی گوڵێکی ناو ئەم ئینجانە درزبردووە بنووسیت، شارێک و نیشتمانێک بە بۆنوبەرامەی یادت لە قەفەسی بێدەنگی بێنە دەرێ. دەبیتە چڵێکی سەرکێش ئاور لە درەختێ نادەیتەوە تاسەباری دیدارتە، دارستانێ ناهێنیتەوە بیری خۆت نشیمەنی پەپوولەکانی حەز و ئارەزۆتە. ئەم بەردەلانە بنجێ گوڵی دیکە ناگرێتە خۆی، خۆڵەمێشی ئەم ئاگردانە ڕێ نادات ئەسکلێ ببێتە عاشقی گڕ. دەبم بە گڕ لە بازنەی بلوورینی

خەیاڵت دەئاڵێم، نیگارێکت دەکێشم فریشتەئاسا، نیگای بێگەردی مەریەمی پێوە بێ. دەبم بە چرا، گوێلێ تیشک دەپرژێنم بەسەر یەک بە یەکی دەوەنەکانی سەر ڕێگاکەتدا. هەنگاو بنێ! بەسەر مێرگی ڕۆشناییدا وەرە! قۆزاخەی تریسکە بچنەوە! ئەم تاریکییە، ئەم تاریکییەی ناهێڵێ لە دوورەوە بە دیت بکەم. وردورد ببڕە! وەرە و لەم بەندەرە چۆڵ و وڕاق و تاریکەدا ببەرە فەنەرێک! ببەرە ڕووناکیخانەیەک کەشتییەکی تێکشکاو ڕووت تێ دەکات.

٢٠٠٥-٢-١٨

# ناوت بکە بە هەورێک و بینێرە بۆ سەحراکانی تەنیایی

بە چ حــەرفێ ناوی تۆ دەست پێ بکەم، تا ســپــێــتــیی پەڕەکـانــی ئەم فـــەرهـەنگەی بە خـــوێنـی دڵ دەینووسم پڕ بکەیتـــەوە، جــێگەیەک نەمێنێتەوە وشـەی دووزمان گەرای تێدا دابنێت، تەم لە بالآی ئاوەڵناوە نەمامـەکان نەئاڵێت و هـەور بەسـەر وێنەشـیـعرییەکانـدا نەگریێت. لە پرســەی چرایەکـدا دانیــشــتــووم، بە ســالآن شـــەوانە هـاودەمم بوو، هـاوڕازم بـوو، نە ڕازێکی بۆ ئاشـکرا کـردم و نـە دەســتــمی گـەیانـدە دەسـتی ڕووناکیی بەرەبەیان. دەنگێ سپێدە دەمدوێنێ تۆیت و تۆیش نییت. چرپەی گەلآیت، باسی تاریکایی بۆ چرۆ دەگێڕیتەوە، هەناسەی بەهـاریت، تەمـەنی دەوەنێکی تاکوتەنیـا دەپێویت، دەڵێی بیرەوەرییـەکی خەماوییت ئێش دەگەیێنیتە پەڕەی دڵم و هەر تاسەیشت دەکەم. دەڵێی نیشـتمانێکی وێرانیت، دەمترسێنیت و ڕۆژی سەد جار خۆم دەکەم بە قـــوربـانـی. دووری و نزیـکی لـە تۆوەیـە وەرزەکـــانم پێ دەناســـێنـێ و دەمکاتە ئاشنای بۆنی ڕووناکایی و دڵتەنگیی کەنار. لە کامە ئاوێنەدا جـاریێ خـۆت دەنوێنی؟ دێم و دڵم ڕادەهێنم چۆن ئێشـی ڕەنگاوڕەنگی دووری بکاتە جۆگەلەی تیشک، هەمـوو سەرزەمینی عـەشقی پێ نماوی بێت. ناگـەڕێمـەوە، لە وێرانـەی بێئـومـێدی، لە (کویێ) و لـە (ناکویێ)ی شیوەنی دڵ ناگەڕێمەوە هـەتا هەموو کۆڵانەکان بۆنی شـەوبۆ نەگرن، تا هەمـوو پەنجـەرەکـان ڕەنگی نیلۆفـەڕیان لێ نەنیـشێ. جـاریێ کـتێـبی چاوڕەشی شەو بخوێنەوە: هـەر ڕستەیەکی بە سـۆمای چاوێک ڕۆشنە،

هەر حـەرفێکی چرایەکی تیـشکسـپـیی لە قـەفـەسی دڵدا هەڵکردووە، دەزانیت، ســـاڵانێکە دەمـــەوێ ناوی تۆ لای دەوەنـێ، لای دارێ، لای بایەک ئاشکرا بکەم، نە دێتە سەر زمانم، نە نووکی خامە دەیدرکێنێ. ئەمـە وەرزی بەردە، وەرزی بـەرد، دەبێ ناوە پیـرۆزەیی و پیـرۆزەکـان، ناوە مـیـهـرپژێنەکـان لە سێـبـەری بێـدەنگیـدا بژاکێن... نـاوت بکە بە هەورێک و بینێرە بۆ سەحراکانی تەنیایی، دەبێتە گوڵەسەیوان، دەبێتە مـێـرگی ئاشنایەتی. لەم لـمـسـتـانەدا تـەنیـا شـۆپێ بە دی دەکـەم، سـروەیـەکـە لە مـەملەکـەتی خـواوە هەڵیکردووە، لەم سـەرلـمـە ناوی عــاشــقــانی، حـــەرف لە دوای حـــەرف، نەخـــشـــاندووە. ناوی تۆ گوڵئەستێرەی لـمی بیابانە.

٢٠٠٥-٣-١٣

# ئەگەر ئاگریت بمکەرە چۆڵەچرایەک

من نازانم
نیگاری پاشەڕۆژ چۆن دەکێشرێ،
بەڵام دەمەوێ تۆ لەوێ خۆرێک بیت
تاریکایی لە بیری ڕۆحم ببەیتەوە،
تاسەی ڕووناکایی
لە دڵی شەونشینم دەربکەیت.
لێرە، لەم وێرانەیەدا،
بێدەنگیت کردۆتە پردێک لە دڕکوداڵ،
نە شنەبای خەونێک بەسەریا ڕادەبوورێ،
نە دەوەنی خۆزگەیەک لە کەناریا شین دەبێ.
ئەگەر زیویت،
وەرە ئەم دنیایەم زیوین کە و
ئەگەریش ئاگریت
بمکەرە چۆڵەچرایەک، ڕێگا ڕووناک بکەمەوە،
تا ئەم شەوگارە دەگەیێنمە کەناری ڕۆژێکی تر،
تا ئەم خاشاکە
لە بنی شۆرەکاتێکدا دەگیرسێتەوە.

١-٤-٢٠٠٥

# زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی

دەنگی عاشقانەم ناناسیتەوە، زرنگەی گوڵدانێکی تەنیایە درز دەبات. نە چاوەڕوانیی چەپکێ گوڵ وەڕسیی ڕۆژگاری لە بیر دەباتەوە، نە وردوخاشبوون دڵی دەترسێنێ. دەروویەکم پێ بناسێنە گشت وتراو و نەوتراوی عەشقی تێدا کۆ بکەینەوە، ئیتر جارێکی تر ناوی ناهێنین، دەیسپێرینە پاسەوانەکانی شاری ڕابوردوو. هەر ئەو ساتەی کە دەرگای ڕابوردوو دادەخەم خۆم و نیگاری جارانی تۆیش دەسپێرمە بێهومێدی. دڵم پێم دەڵێ: چ شارێکە لەسەر نەخشەیەک نایبینی؟ شار نییە، سەرابە، خەیاڵی سەفەر لەسەر شووشەی پەنجەرەکان دەینەخشێنێ.

لە پێشانگای بیرەوەریدا تەماشای سێبەری بلوورینت ناکەم بە تیشکی چرای تاسەم دەدرەوشێتەوە. دەمەوێ ببیتە غونچەیەک، وەک شووشەگوڵاوێ بتبینم، تۆ هەور بە و من ناوت دەنێم شەپۆل و ڕووبار، ببە بە سپێدە و من پێت دەڵێم خۆرەتاو.

نامبینی لەم زیندانەدا چۆن نەمامی ڕۆحم لە سێبەری شێداری تەنیاییدا، وردورد، دەژاکێت. ڕۆحم، هەتا بینا بوو، بۆ حەرفێکی خۆرەتاو داستانی تاریکی و ڕووناکیی پەڕەپەڕە دەخوێندەوە. لێرەوە، لەم زیندانەوە، ڕۆح بۆ ڕزگاری کە دەگەڕێ؛ (ڕێ)یەک، هەر تەنیا یەک ڕێ دەناسێ؛ نە (ڕێ)یە و نە (ڕ)ی ڕۆحە و نە (ڕ)ی ڕزگاری. ئێستا،

ئەگەر، نەیەی بە هاوارمەوە، دەزانم، دەزانیت تازە ئیتر، لە شیعرێکی بێدەنگدا نەبێ، نامبینیتەوە.

کێلی تیشکیت، لە بناری خەیاڵدا ڕاوەستاویت، دووراودوور سەرنجی ئەم بەردەلانە دەدەیت، (دڵ)ی تێدا بە دی ناکەیت چۆن بەردی لێ ئالاوە. نایەی جارێ بزانی بەردیش ڕۆحی لە کانیاوی عەشقدا دەشۆرێت و زمانی دڵ فێر دەبێت. لە بێدەنگیی بەردەوە تێدەگەم، ژانێکی چەند بەسوێیە نەتوانی ڕازی دڵت لای سروەیەک بدرکێنی، چ ڕازێکی کەونارایە سوێی ڕۆحت لە دڵدا پەنهان بکەیت. چرا نەبوویت، من بووم لە تاریکەشەوێکدا ناوی چرام لێ نایت. بسووتێ، بگرێ، لە درزێکەوە پریشکێک، تروسکەیەک بگەیێنە ناو ئەم زیندانە. ڕۆحم، لێرە، خەون بە ئێوارانێکەوە دەبینێ بە دیار تەرمی ڕۆژەوە دامرکێت و دەرگا بۆ شەوی ڕەشپۆش بکاتەوە، دەزانی؟ لەودیو ئەم پەرژینەوە بێدەنگییەک چاوەڕێیە، دەنگمان دەکاتە دارێکی بێبەر و دەیسپێرێتە دارستانێک لە شنەبای فێنکی بەرەبەیان تۆراوە. دەنگی مەستانەی دڵ، دەنگی عاشقانەی ڕۆح، زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی.

سۆڵەنتوونا ٢٥-٤-٢٠٠٥

# كە چاوەڕوانی تۆم

کە چاوەڕوانی تۆم
نە ڕۆژ بە سپێدە دەست پێ دەکات و
نە شەو
بە دیار ئەستێرەکانەوە دادەنیشێ،
تا چاویان دەچێتە خەو.

٢٠٠٥-٥-١

# گوناهێ بۆ ناکەیت؟

تاریکە تاریک ئەم ڕێگایەی لێرەوە، لە خەیاڵی منەوە، دەست پێ دەکات و ناگاتە دڵی تۆ. ئاگرێکی مەستە بەر بۆتە تەمەنم، دەمێ دەمکاتە سووتوو، دەمێکیش لە ڕێوبانا، لە کۆڵانی ئەم شار و ئەو شاردا دەبم بە چۆڵەچرایەک بەرپێی تەرمی لەخاچدراوی خۆم ڕووناک دەکەمەوە. تەنیایی دەمکاتە دارێکی وشکهەڵاتوو، نە با دەیخاتە لەرینەوە، نە باران مووچڕکێک لە گیانیدا بە جێ دەهێڵێ. هاتن، درەوشانەوەی هەبوونی تۆیە لە چۆڵەوانیی ڕۆحمدا، نەهاتنیش ئاوابوونی خۆرە لەم سەرزەوینە و لە دڵی مندا. لەنێوان هاتن و نەهاتندا نابیتە تارماییەکی زیوین لە ئاوێنەیەکدا، بە دارێکی تەنیا و دڵتەنگەوە نابیتە چرۆیەک. هەسارەیت، وا خۆت دوور ڕادەگری، ناتەوێ ببم بە ئاشنای تیشک؟ یا مانگی یەکشەوەیت و بە چاوەڕوانیم دەناسێنی؟ لێرەوە تا دڵی تۆ، ئەگەر پڕاوپڕ بێ لە سێبەر، دەزانم ڕۆژت پەنا داوە لەناو دڵتا. ناتسپێرمە هیچ وەرزێکی ساڵ، ناتسپێرمە مانگ و حەفتە و ڕۆژ. تۆ خۆت سەرەتای بەهاریت و ناو لە وەرزەکان دەنێیت. لە حەرفێکدا، لە حەرفێکی ناوتدا، جێگایەکم پێ ببەخشە، بیکەمە گومەزییەک ئەم ڕۆحە سیپاڵەم لەسەری بنیشێتەوە، بیکەمە گڵکۆیەک ئەم دڵە ترساوەمی تێدا بنێژرێ، تۆ نازانی من باسی کامە حەرف و کامە زمان دەکەم. چۆن بتوانم خەونەکانم بۆ کەسێ، خۆی خەونی وەهای نەبینیبێ، بگێڕمەوە؟ خەونی وەها، وەک مردن، کەس بۆ کەسی

ناگێڕێتەوە. خەون بەسەر پردی ئاسنین و داریندا ناپەڕێتەوە، ڕێگای هەورێشمینی ڕۆح دەگرێتە بەر. ئەم نیگەرانی و ئەندۆیە دیاریی کام وڵاتن؟ ئەم گومانە دڕکەزیی کام بیابانە؟ بێدەنگیی تۆ و سووتانی من لە کام داستانی دڵداری و دڵنەداریدا بخوێنینەوە؟ پرسیاری سەوزاییت لێ دەکەم، ناوی دارێکی بەردارم پێ بڵێ! پەلکەزێڕینەت پێشان دەدەم، بیهێنەوە بیرم چەند ڕەنگاوڕەنگە داهاتوو! نە سەرەتا دەناسم و نە کۆتایی، چاوەڕوانم تۆ ناوێک بۆ ئەم ڕێگا شمشێرئاسایە، ئەم ئاگرەی بە باڵای تەمەنما هەڵدەزنێت و ئەم پردەی ئەوسەری دەگاتە هەورێک، بدۆزیتەوە. مێژووی ئاونگ دەخوێنینەوە، بەشکەم پرسیارە ڕچیوەکانی ئاو لە خەو هەڵستێن، بەشکەم هالاوێکی ڕەنگدار و بۆندار لە پەنجەرەکانی ئومێدمان بنیشێت. لەودیو ئەم دیوارە درزبردووانەوە خەونێک دەڵێی بارانی بەهارانە کووچە و کۆڵان تەڕ دەکات، بۆنی دەگاتە ڕۆحی گلاراوم. گوناهێ بۆ ناکەیت؟ بە دیواری خەیاڵمدا وێنەیەکی عاشقانەت، لەیلاسا، هەڵواسە!

٢٠٠٥-٧-١١

## سەد ئەستێرە ڕەوانەی شەوانی ژوورەکەی دەکەم

ژنێکە، ژنێکی بارانڕەنگ،
بەهاراسا، هیچ وەرزێک ناناسێتەوە،
دڵی هەورە و
چاوی نەمامی خەونێکی عاشقانەیە و
دەنگی تروسکەی یادەوەرییەکی سپیباوە.
نە نامەم بۆ دەنووسێت،
نە شەوان دێتە خەوم،
نە ڕۆژیش دێتە سەردانم.
لێی ناپرسم:
بۆ لای دارودەوەن ناوم دێنێ؟
بۆچی جارێ
داری زیوینی شیعرێ ڕاناوەشێنێ
ئاونگی حەرف
پەنجەرەی دڵی، تک تک، نماوی بکات؟
لێم ناپرسێ:
ئەم مێژووە سوێبارە بۆچی دەنووسم؟
خوڕەی بارانێ، نیوەشەوان، چۆن
دەناسمەوە؟

که باسی تینوێتیی شۆڕەکاتی بۆ دەکەم
دەبێتە گەواڵەهەورێکی شینباو
بەسەر کڵپەی ئاگردا دادەچۆڕێ. کراسی خەم لە بەر دەکات، تیلماسکی ڕووبارێ بە باڵای تەمەنیدا ئاوێزانە. سەد ئەستێرە ڕەوانەی شەوانی ژوورەکەی دەکەم، گوڵئەستێرەیەک نانێرێ. سەد خۆزگەی لە خەون ناسکتری بۆ دەخوازم، شەوەزەنگێ نایێتە خەوم. گوێ ناگرێ کە پرسیاری وەرزی بڵێسەی لێ دەکەم. پرسیارێ ناکات بزانێ لە سەدساڵەی ئەسکڵەوە چیم هێناوە.

٢٠٠٥-٧-١٢

# پێڕست


ئەم دیوانە: فەرهاد شاکەلی ..... 7

تاریکخانەی زستانی ڕۆح بە پشکۆیەک دادەگیرسێت: د. محەمەد کەمال ..... 9

**ژێ** ..... 49

١ ..... 51

١- ئەی بۆچی دێی؟ ..... 53

٢- داوێن ..... 55

٣- بۆنی باران ..... 59

٤- جاران کە تۆ ئاسمانێ بووی ..... 60

٥- هەورێکی کەڵەگەت ..... 63

٦- زەنگ ..... 64

٧- چەپکێ تریفە ..... 66

٨- داری ئەڤین ..... 67

٩- شەویش چاوەڕێی هەتاوە ..... 68

١٠- زەنگی مەرگ ..... 70

١١- شەوی هەستیت ..... 74

١٢- سوێ ..... 77

١٣- گەڕانەوەیەک ..... 80

١٤- جیابوونەوە ..... 85

١٥- هەور ..... 86

١٦- دیمانە ..... 87

٢ ..... 91

١٧- ناپاک ..... 93

١٨- تووڕەییم ........ 96
١٩- تاریکەشەو ........ 98
٢٠- شۆڕەبی ........ 100
٢١- نزا ........ 101
٢٢- تیشک ........ 102
٢٣- ڕێژەن ........ 107
٢٤- زگار ........ 108
٢٥- گەرداو ........ 109
٢٦- ئاشناییت ........ 110
٢٧- درکاندن ........ 111

٣ ........ 113
٢٨- ژێ ........ 115

٤ ........ 153
٢٩- دەردەسەری ........ 155
٣٠- سەردەمی ڕۆژ بەڕێوەیە ........ 161
٣١- قامیشلی ........ 163
٣٢- زایەڵەی ڕۆژگارێکی ئەرخەوانی ........ 165
٣٣- شائەستێرە ........ 167
٣٤- نەخشەیەکی نوێی ئازارەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ ........ 170
٣٥- دار ........ 174

**نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم** ........ 175
٣٦- ڕۆژێ نەهاتی ........ 177
٣٧- نیگارستان ........ 178
٣٨- تەزوو ........ 179
٣٩- هەوراسایی ........ 180
٤٠- چراخان ........ 182

٤١- زەردەگەڵا 183
٤٢- تەمی زگاری 185
٤٣- سەرشار 186
٤٤- هاوڕاز 188
٤٥- زەنگی گومان 189
٤٦- ورشە 190
٤٧- وێرانەڕاز 191
٤٨- ئاوێنەڕێژ 192
٤٩- دەبوونە ڕووبار 194
٥٠- کلکەوانە 195
٥١- کێوی دڵ 196
٥٢- یادت 197
٥٣- ڕۆژێ، ئەگەر دەردەکەوی 198
٥٤- ئەم ڕەنگانە 199
٥٥- دەشت 200
٥٦- شەوگەڕ 202
٥٧- درز 203
٥٨- بستۆکەیەک ڕووناکایی 204
٥٩- چاوەڕوانی تروسکەی چرایەکە 205
٦٠- دێیتەوە بیرم 206
٦١- پەنا 207
٦٢- نادیار 208
٦٣- کەوشەنی مەرگ 210
٦٤- گرێ 212
٦٥- ناوت سەوزاییی پەلکی گیایە 213
٦٦- ئەستێرە پێم دەڵێن 216
٦٧- کرێوە 219
٦٨- نائاشنا 221

٦٩- دەنکەلـمێکی ناو گەردەلوول ........ 222

**هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز** ........ 225

**ڕێزمـانی دڵ** ........ 227
٧٠- گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە ........ 229
٧١- چنگت پڕە لە ڕووناکایی ........ 231
٧٢- ناوی چیت لێ بنێم ........ 232
٧٣- دەڵێی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی ........ 234
٧٤- لە ڕەنگی زەریاچەکەی وان ........ 237
٧٥- لە ڕۆخی تەنیاییما دەبیتە شۆڕەبییەک ........ 240
٧٦- بۆ وەرزێک دەگەڕاین ........ 243
٧٧- ئەو ئێوارەیەی تەمەن ........ 244
٧٨- منیش گیرۆدەی عەشقێکم دەڵێی مەرگە و هاتۆتە پیریمەوە ........ 246
٧٩- دڵم دەسپێرمە چلەی زستانێ ........ 247
٨٠- دەنـگ ........ 248
٨١- ئەو پەنجە شووشانەت ........ 249

**سـەما** ........ 250
٨٢- ئەمە بۆنوبەرامەی ڕێزمانی تاسەیە ........ 253
٨٣- بێهومێدی ........ 255
٨٤- تەڵێ شەوبۆی بەهاری گەرمیانیت ........ 256
٨٥- کە شەو دێت و پەنجەرەکان دەکاتە خەو ........ 259
٨٦- هێندەی شنەبایەک حەزم لە سەمای هەورە ........ 262
٨٧- نابیتە هەورێ زەریای ئەم دڵەم بخوێنیتەوە ........ 267
٨٨- پێش ئەوەی گوڵدانەکانی ببنە خاشاک ........ 271
٨٩- بورکانێک دەلاوێنمەوە ........ 273
٩٠- مەرگی وەرزێکی شین ........ 274
٩١- ئاشنایەتیی خۆر ........ 276

٩٢- لە پەنجەرەی درزبردووی پاییزانەوە ........ 277
٩٣- بەڵکە جارێک ........ 278
٩٤- لەم دۆزەخەدا ........ 279
٩٥- بریا تاوێ چاوەڕێت بکردمایە ........ 280

**هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز** ........ 285
٩٦- لەم زەمهەریرەدا ........ 287
٩٧- یەکەم سووتان ........ 289
٩٨- گزنگ و زەردەپەڕ چاوەڕوانی هاتنی تۆن ........ 290
٩٩- کەناری گڕگرتووی ئاوابوون ........ 291
١٠٠- شێوەت گڕێک بوو ........ 292
١٠١- باوبۆران ........ 295
١٠٢- مۆمە و عاشقی ڕووناکییە ........ 296
١٠٣- بڵاچە ........ 297
١٠٤- خۆری عەشق ........ 298
١٠٥- ناوی تۆیە ........ 299
١٠٦- زستانی ڕۆح ........ 300
١٠٧- زەریای زیو ........ 302
١٠٨- کەلاوەی دڵ ........ 303
١٠٩- لمی ئەم شۆرەزارە ........ 304
١١٠- بێدەنگیی بەرد ........ 306
١١١- سووتان ........ 307
١١٢- زەوی بە عەشقی تۆوەیە دەڕوات و دێتەوە ........ 308
١١٣- ڕۆژێ ئەگەر خۆر بگیرێ ........ 310
١١٤- جامی دڵمە دەڕەنگێ ........ 311
١١٥- پشکۆیەک لە کوانووەکەیان ........ 312
١١٦- چ تەمێکە ........ 313
١١٧- بمکە بە گەڵایەک ........ 314

١١٨- كلافەی هەتاو ........ 315
١١٩- دڵێک هەر عەشقی تۆی بوێ ........ 316

**ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ** ........ 317

**ئەلف** ........ 319
١٢٠- ئەم بێئومێدییە پریاسکەیەک مروارییە ........ 321
١٢١- ئیتر شەوگار سەمای مەرگ ناکات ........ 325
١٢٢- مەرگ ........ 326
١٢٣- بەهارێ نایێتە خەوت ........ 327
١٢٤- بە عەشقی گەوهەرێکەوە شەووڕۆژ لە سەفەردایت ........ 329
١٢٥- ئێستاکە، تۆیش شارەزای ئەو شارانەیت ........ 331
١٢٦- قەڵەم ........ 333
١٢٧- تەمەنێک دەڵێی مروارییە بە گەردنی گەردوونەوە ........ 334
١٢٨- هەناسەی بەرەبەیان ........ 337
١٢٩- خەونێک بۆنی شەوبۆی لێ دێت ........ 339
١٣٠- نازانم ........ 340
١٣١- مەملەکەتێ لە ئاونگ ناسکتر ........ 341
١٣٢- وەرزی نماوی ........ 342
١٣٣- بۆنوبەرامەی ئەلفوبێ ........ 343
١٣٤- کۆمەڵێ سێبەر و تارمایی ........ 344
١٣٥- کەی کەسێک دێت؟ ........ 345
١٣٦- بەردەنوێژ ........ 346

**بێ** ........ 347
١٣٧- سیپاڵێ بووم ........ 349
١٣٨- دارستانی تاسە بە سروەی یادی یار دەشنێتەوە ........ 350
١٣٩- ڕەشایی نەزانینە بە ئاوێنەی دڵەوە گیرساوە ........ 352
١٤٠- ئەم گێتییەی شەویشی پەنای خەونێک نادات ........ 354

١٤١- شەوێ ئەسکڵێک بنێرە، بێتە خەوم! ........ 355
١٤٢- تۆ کە چرایت ........ 357

**پێ** ........ 359
١٤٣- شەوەزەنگێ برووسکە بوویت ........ 361
١٤٤- دەڵێی لە باوە فێری بێرەنگی بوویت ........ 362
١٤٥- ناهێڵی چاو ببرمە ئەستێرەخانەکەی دڵت ........ 363
١٤٦- کە شەوگار دەبێتە هاودەمی خەیاڵت ........ 365
١٤٧- من دەبمە تنۆکێ تیشک ........ 367
١٤٨- کتێبی بارانرەنگی عەشقی تۆ ........ 368
١٤٩- پردێ لە گوڵ هەڵنابەستی ........ 371
١٥٠- لەوێ، بای شەماڵیش هەناسەسوار دەبێ ........ 374
١٥١- هاژەی ڕووبارێک ڕادەسپێرم ........ 376
١٥٢- با نایەوێ پەیمانشکێن بێت ........ 377
١٥٣- دێیت و دەچیت ........ 379
١٥٤- ئەم تاریکییە ناهێڵێ لە دوورەوە بە دیت بکەم ........ 380
١٥٥- ناوت بکە بە هەورێک و بینێرە بۆ سەحراکانی تەنیایی ........ 382
١٥٦- ئەگەر ئاگریت بمکەرە چۆڵەچرایەک ........ 384
١٥٧- زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی ........ 385
١٥٨- کە چاوەڕوانی تۆم ........ 387
١٥٩- گوناهێ بۆ ناکەیت؟ ........ 388
١٦٠- سەد ئەستێرە ڕەوانەی شەوانی ژوورەکەی دەکەم ........ 390